

د. عەبدولحسێن شەعبان بیرمەندی عێراقی:

## لە عێراق، سووریا، لوبنان و فەلەستین بە هۆکاری سیاسی نزیکەی ٤ ملیۆن کریستیان ناچار بە کۆچکردن کراون


# گوڵان

ساڵی بیست و نۆیەم (١٣١٩)- (٦)ی حوزەیرانی ٢٠٢٢


"کاتی ئەوە هاتووە چاو بە چەمکی "ئاسایشی نەتەوەیی"دا بخشێنرێتەوە"

"فیکری نەتەوەیی و دیموکراسیی مرۆڤدۆستانە، فەلسەفەی کوردایەتییە"

"گرنگە لە وەزارەتی پێشمەرگە دامەزراوەیەکی نیشتمانی لەبواری بەرگری و ئاسایش هەبێت"



# ڕەهەندەکانی ئاسایشی نەتەوەیی لەناو بازنەی ئاسایشی نیشتمانیدا

# گوزەر بە مەڵبەندی عیرفان و شۆڕشدا

٢٠




ڕۆژی ٣ی ئەیلوولی ١٩٨٦ لە بارەگای قوەتی بارزان مایەوە لە ڕکافا. جەماوەر پۆل پۆل بە مەبەستی بەخێرهێنان سەردانیان دەکردین. کاتژمێر نۆی بەیانیی ڕۆژی ٤ی ئەیلوولی ١٩٨٦ پێشمەرگەی هەموو هێزەکانمان کۆ کردەوە و دوای قسەکردن و شیکردنەوەی بارودۆخەکە بەگشتی، ئەم ئامۆژگاری و ڕێنماییانەش بە پێشمەرگەکان دران:

یەکەم: هەڵسوکەوت و پابەندییەکان

١- کەس نەچێتە ناو زەوی و بێستانی خەڵک و دەست لە میوە و بەروبوومی هاووڵاتییان نەدرێت.

٢- پابەندبوون بە کاتەکانی ڕۆیشتن و سەرپێچینەکردن.

٣- بەجێنەهێشتنی هەڤاڵان و شوێنەکەیان بە بێ مۆڵەت.

٤- ڕێزگرتن لە بەرپرسەکان، ئەگەر هات و داواکاری پێویستییەکانیان ڕەت کرانەوە.

٥- پاراستنی نهێنییەکان و پابەندبوون بە هێڵەکانی ڕۆیشتن و جگە لە هێزە سەرەکییەکە کەس پێش ئەوانی دی نەکەوێت.

٦- داواکاریی زۆر لە کەسە نزیکەکان نەکرێت.

٧- پابەندبوون بە نەرمونیانی و ڕێزگرتن و ڕازیبوون بە بەشە خواردن و ئەو شتانەی دەیاندرێتێ.

٨- ڕەچاوکردنی داب و نەریتی جەماوەر و خەڵکی ناوچەکە.

٩- وریایی و خۆپاراستن و خۆڕادەستنەکردن.

١٠- پێویستە ئەندامانی گرووپ و دەستەکان پێکەوە بن و ناکرێت کەس دەستەکەی بەجێ بهێڵێت و دووبارە دەستەکان بە سەر یەکتردا دابەش بکرێن، یان تێکەڵ بکرێن و سستی بنوێنێت و ڕۆیشتن و جووڵە پشتگوێ بخات و پێویستە هەڤاڵان یارمەتیی یەکتری بدەن لە هەڵگرتن و گواستنەوەی کەلوپەلەکانیان لە کاتی ڕۆیشتندا.

١١- تەقەکردنی بێ هۆ و بۆ ڕاوکردن قەدەغەیە.

دووەم: وریایی و خۆپاراستن

١- دانان و ئامادەکردنی دۆشکەکان لە کاتی پشوودان. ئەو پێشمەرگانەی لەسەر دۆشکەکانن، هەمیشە لە ئامادەباشیدا لەسەر هەست بن. گرنگیدان بە خاوێنکردنەوەیان بە بەردەوامی.

٢- خۆپارێزی لە پەرتوبڵاوبوون و هەروەها کۆبوونەوە لە دەوری یەکتر لە کاتی پشوو لە گوندەکاندا.

٣- جێنەهێشتنی جلوبەرگ و کەلوپەلەکان و پەرشوبڵاونەکردنیان بۆ ئەوەی نەکرێنە ئامانج و هەروەها هەڵنەکردنی ئاگر و دووکەڵ.

٤- پاسەوانییەکی تەواو و ڕێکخستوو هەبێت. پێویستە هەموو دەستە و گرووپەکان بە بێ هیچ دوودڵی و جیاوازییەک پاسەوانی بگرن.

٥- پاراستنی نهێنیی زانیارییەکان و نەدرکاندنی ژمارەی چەکەکان و شوێنەکانیان و ژمارەی هێزەکان و ...هتد لای بیانی و میوانەکان.

# چاپکراوی نوێ





لە نووسین و ئامادە کردنی سەفەر کەریم هاواری، کتێبی (ڕۆژی وەفاداری لە کوردستان) بە قەبارەی (٣١٢) لاپەڕە، بە دیزاین و چاپ و بەرگێکی نایاب، کەوتە بەر دەستی خوێنەران. خاوەنی بیرۆکەی کتێبەکە ئیلهامی لە ژیان و هەڵوێستی پڕ لە ئەمەك و وەفاداریی پرۆفیسۆر د. عەبدوڵڵا ئاگرین وەرگرتووە، کە نموونەیەکی باڵای ئەمەکی بەرانبەر بە هاوسەرەکەی پێشکەش کردووە. دوای ئەوەی لە ٢٠١٦/١١/١٩دا خاتوو شەمسە کەریم غەفوور هاوسەری د. ئاگرین کۆچی دوایی دەکات، جەنابی دکتۆر ئاگرین بەرزترین ئاستی وەفاداری و ئەمەکی بۆ هاوسەرەکەی نواندووە، تا ئێستا نزیکەی (١٥) کتێبی لەمەڕ مامۆستا شەمسە کەریم غەفووری هاوسەری بە چاپ گەیاندووە، ئەمەش نموونەیەکی دەگمەنە لە وەفاداریی مرۆڤ بەرانبەر بە مرۆڤێکی دی.

نووسەر و توێژەر سەفەر کەریم هاواری لەو سۆنگەیەوە پرۆژەیەکی خستە ڕوو بۆ دیاری کردنی ڕۆژی وەفاداری لە کوردستاندا، ئەو ڕۆژەی خاتوو شەمسە کەریم کۆچی دوایی تێدا کردووە، هەر ئەو ڕۆژەی وەك ڕۆژی وەفاداری پێشنیار کرد. پاشان داوای لە دەستەبژێری ڕۆشنبیری کوردستان کرد، هەر یەکە بۆچوونی خۆی پەیوەست بە وەفاداری بە نووسین بخاتە ڕوو. ئەم کتێبە بوو بە سیپارەیەك بۆ لە ئامێز گرتنی تەواوی ئەو نووسینانەی لە لایەن کەسانی سەر بە هەمەجۆر چین و توێژی کۆمەڵەوە نووسراون. ئەمەش گەواهیی ئەوە دەدات، وەفا بەهایەکی گشتی و سەراپاگیرە، دۆخێکی زیندووە لە لای هەموو کەسێکی کۆمەڵ. لەم سۆنگەیەوە نووسەر و ئامادەکاری کتێبەکە، کار بۆ ناسین و چەسپاندنی ڕۆژی وەفاداری لە کوردستان دەکات.

سەفەر کەریم هاواری بەم جۆرە باسی چەمکی وەفاداری دەکات، «دەتوانم یەکەمین کاری وەفاداریم بۆ ساڵی ٢٠٠٦ بگەڕێنمەوە، کاتێك درکم بە هەبوونی چەندین خەسڵەتی جیاوازی کۆمەڵایەتی لە لای پێشمەرگە کرد، دەستم بە نووسینەوەی بەها جوان و باڵایەکانی سەردەمی پێشمەرگایەتی لە دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە هەتا ڕاپەڕینی ١٩٩١ لە باشووری کوردستان».

دەستخۆشی لە نووسەرو ئامادەکار سەفەر کەریم هاواری و خاوەنی بیرۆکەی کتێبەکە پرۆفیسۆر د. عەبدوڵڵا ئاگرین دەکەین.. بە هیوای بەرهەمی زیاتر.

## چیایی تەیمور عەبدال:



**بەکارهێنانی دادگای بەناو فیدراڵی وەک کارتێکی گوشاری سیاسی بووەتە واقیعێکی بەرجەستە**

## دکتۆر یوسف بەرزنجی:



**پێویستە بۆ پاڵپشتیکردنی پرۆژە بچووکەکانی بەخێوکردنی پەلەوەر و مەڕوماڵات پلانمان هەبێت**

## ستروان ستیڤێنسۆن:



**داگیرکارییەکەی پوتین بۆ ئۆکرانیا بووەتە هۆی بەهێزکردنی ناتۆ**

## ڕۆبەرت لۆرەنس:



**جیهان بەرەو کەمبوونەوەی خۆراک و بەرزبوونەوەی نرخەکان دەچێت**





■ خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
د.هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
ساڵح عومەر
شەماڵ نوری
د. شێبان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
د.عادل حوسێن
تارا عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی ساڵح
کارزان کانەبی
ڕێبین ڕەمزی

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان ڕەشیدی

■ وێنەگر:
کەمال ئاکرەیی

بۆ ریکلام کردن پەیوەندی بکە بە:
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

چاپخانەی ڕۆکسانا - هەولێر

ناوونیشان: هەولێر -ڕووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری

Web: www.gulanmedia.com

هێڤی موراد:

## هونەرمەندانی کورد پشتگوێ خراون و پاشەڕۆژیان لە هونەردا روون نییە



کەریم سلێمان:

## ١٣ بەنداو لە هەرێمی کوردستان دروست دەکرێن و هەنگاوەکانی بەپیشەسازیکردنی بەرهەمی کشتوکاڵی دەستی پێ کردووە



## خوێندنەوەیەک بۆ پشووی هاوین لە نێوان وەبەرهێنان و بەفیڕۆدانی کاتدا



## مۆنیتۆری تایبەت بە یاری ئیکس بۆکس



بڕیا سلێمان:

## هیوادارم چی دی ڕێگە بە هێنانی ڕاهێنەر و یاریزانی بیانی نەدرێت و پەرە بەتواناکانی خۆمانە بدرێت



## گرفتە تەندروستییەکانی پاش تەمەنی ٥٠ ساڵی



# دادگای بەناو فیدراڵ بڕیارێکی سیاسی داوە، نەک یاسایی





**فەیسەڵ دەباغ**

بۆ گوڵان نووسیویەتی

**«کێشەی نەوت و گاز بەبێ پابەندبوون بە دەستوور و گفتوگۆیەکی سیاسی نایەتە چارەسەرکردن و بە هیچ شێوەیەکیش حکومەتی هەرێمی کوردستان ناچێتە ژێر باری بڕیارێکی نادەستوورییەوە.**

**خۆ ماددەی (١٤٠) ماددەیەکی دەستوورییە و دادگای فیدراڵ لە ساڵی ٢٠١٩ بڕیاری دەرکردووە کە پێویستە بێتە جێبەجێکردن، بەڵام تا ئێستا هیچ لایەنێکی عێراقی پێی پابەند نەبووە، بە حکومەت و ئەنجومەنی نوێنەرانیشەوە. ئەگەر بڕیارەکەی دادگای فیدراڵ سەبارەت بە نەوتی هەرێمی کوردستان (بات و ملزم) بێت، خۆ دەبێ بڕیارەکەشی سەبارەت بە ماددەی (١٤٠) ئەویش هەروا بێت، بۆیە دەکرێت لەم ڕووەوە سەرکردایەتیی کوردستان لە وروژاندنی ئەو دوو پرسە ڕۆڵی خۆی بگێڕێت».**

لەم دواییەدا دادگای بەناو فیدراڵ بووەتە گۆڕەپانی پەسندکراوی مشتومڕی نێوان بەغدا و هەرێمی کوردستان سەبارەت بەو پرسانەی کە جێی ناکۆکین، پاش ئەوەی لوولەی تفەنگ (بەر لە ٢٠٠٣) و سیاسەت (پاش ٢٠٠٣) دوو گۆڕەپانی پەسندکراوی ململانێی هەردوولا بوون.

سەرەڕای ئەو باوەڕەی کە لە عێراقدا باوە و گوایە ناکرێ ئەوەی سیاسییە و ئەوەی دادەوەرییە لەیەك جیا بکرێنەوە، بەڵام ئەو دۆخە هێمن و ئەرێنییەی کە باڵی بەسەر پەیوەندیی نێوان حکومەتی سەرۆك وەزیران مستەفا کازمی و حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دوو ساڵی ڕابردوودا کێشاوە، لەوانەیە ئەو بوارەمان بداتێ و بڵێین ململانێی سیاسیی تۆتاڵی بۆ بەرژەوەندی ململانێی گڕگرتوو، کە گۆڕەپانەکەی دادگایە، پاشەکشەی کردووە.



**لایەنەکانی چوارچێوەی هەماهەنگی لە هەوڵی بەردەوامدان بڕیارەکەی دادگای بەناو فیدراڵ بۆ بەرژەوەندیی خۆیان بقۆزنەوە**

**ئەوەی جێی سەرسوڕمانە ڕژدیی وەزیری نەوتی عێراقە لەسەر جێبەجێکردنی ئەم بڕیارەی دادگای بەناو فیدراڵ کە بە خۆیشی دەزانێت بڕیارێکی ڕێک سیاسییە و پێچەوانەی دەستوورە**

**ئەم ڕاڤە نوێیەی دادگای بەناو فیدراڵ دۆخی سیاسیی عێراقی ئاڵۆزتر کرد و وڵاتیشی خستە قۆناخێکی دیکەی بۆشایی دەستوورییەوە کە ئەمەش لە بەرژەوەندیی چوارچێوەی هەماهەنگی بوو کە خاوەنی هێزێکی میلیشیایی زۆرە و سەر بە ئێرانە**

ململانێیی دادوەری لەگەڵ هەولێر لە سەرەتای مانگی شوباتی ڕابردوو دەستی پێ کرد، کاتێ دادگای بەناو فیدراڵ بڕیاری دا، هوشیار زێباری لە مافی خۆپاڵاوتن بۆ پۆستی سەرۆك كۆمار بێبەش بکات، بە هۆی تۆمەتبارکردنی بە چەند پرسێکی گەندەڵی کە تا ئەم ساتە بڕیارێك و کاتی دەربارەیان دەرنەچووە.

پاش تێپەڕبوونی سێ ڕۆژ بەسەر ئەم بڕیارە، دادگای بەناو فیدراڵ بڕیارێکی دیکەی دەرکرد سەبارەت بە نایاساییبوونی یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان و لە ١٦ی ئایاریش دادگای کەرخ لە بەغدا و بەپێی سکاڵایەکی دادگای بەناو فیدراڵ بانگهێشتی هوشیار زێباری کرد و گوایە ناوبراو ناوی دادگای فیدراڵی زڕاندووە.

تا ئێستا یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان کە دادگای بەناو فیدراڵ ڕەتی کردووەتەوە، یەکێکە لە قووڵترینی ئەو گیروگرفتانەی کە دادگای بەناو فیدراڵ ڕووبەڕووی هەرێمی کوردستانی کردووە، جا سەبارەت بە سەودای هەمە جۆرەوە بێت، یان ئەو گرێبەستانەی کە لەگەڵ کۆمپانیا جیهانییەکانی نەوت بەستوویەتی، ئەمە سەرەڕای ئەو پابەندە دارایی و یاساییە ئاڵۆزانەی کە لێیان دەکەوێتەوە، کە ئەمەش پەیوەندییە ئەرێنییەکانی نێوان بەغدا و هەولێری ئاڵۆزتر کردووە.

لایەنەکانی چوارچێوەی هەماهەنگی لە هەوڵی بەردەوامدان بڕیارەکەی دادگای بەناو فیدراڵ بۆ بەرژەوەندیی خۆیان بقۆزنەوە، ئەویش لە ململانێیاندا لەگەڵ هاوپەیمانیی (ڕزگاریی نیشتمان) کە تیایدا پارتی دیموکراتی کوردستان و ڕەوتی سەدر و هاوپەیمانی (سیادە)ی سوننی بەشدارن.

ڕۆژی ١٧ی ئایاری ڕابردوو چوارچێوەی هەماهەنگی لە وەڵامی گوتارێکی موقتەدا سەدر کە تایبەت بوو بە هەڵوەشاندنەوەی پڕۆژە یاسای ئاسایشی خۆراك و تیایدا دادگای بەناو فیدراڵ بەوە تاوانبار کردبوو کە لەم بڕیارەیدا لاگیری چوارچێوەی هەماهەنگی کردووە، ڕوونی کردبووەوە کە یاسای ئاسایشی خۆراك ئەلتەرناتیڤی یاسای بودجە بوو، مەبەستی حکومەتی کازمی، خۆدوورخستنەوە بوو لە بڕیارەکەی دادگای بەناو فیدراڵ سەبارەت بە نەوتی هەرێمی کوردستان، کە ئەمەش وای کرد ئەنجومەتی باڵای دادوەری لە هەرێمی کوردستان وەڵامی ئەم بۆچوونەی چوارچێوەی هەماهەنگی بداتەوە و بڵێ یاسای نەوتی هەرێمی کوردستان پێچەوانەی دەستووری عێراق نییە و پێویستە کاری پێ بکرێت، چونکە فایلی نەوت و گاز لەناو دەسەڵاتە گیرداوەکانی حکومەتی فیدراڵدا نەهاتووە کە لە ماددەی (١١٠) دیاری کراون و دادگای بەناو فیدراڵیش هەر بە تەواوی ماددەی (١١٢)ی فەرامۆش کردووە، کە تایبەتە بەو کێڵگە نەوتییانەی کە پاش ٢٠٠٥ هاتوونەتە بەرهەم و ڕێك دەکەونە چوارچێوەی دەسەڵاتی گیرداوی هەرێمی کوردستان.

لەلای من ئەوەی جێی سەرسوڕمانە ڕژدیی وەزیری نەوتی عێراقە لەسەر جێبەجێکردنی ئەم بڕیارەی دادگای بەناو فیدراڵ کە بە خۆیشی دەزانێت بڕیارێکی ڕێك سیاسییە و پێچەوانەی دەستوورە.

ئێستا خەریکی دروستکردنی کۆمپانیایەکی نەوتە لە هەرێمی کوردستان و نووسراویشی بۆ کۆمپانیا بیانییەکان کردووە کە پێویستە مامەڵە لەگەڵ ئەو کۆمپانیایە بکەن و واز لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بێنن.

هەموو کەس و لایەنێك ئەمە باش دەزانن کە کێشەی نەوت و گاز بە بێ پابەند بوون بە دەستوور و گفتوگۆیەکی سیاسی نایەتە چارەسەر کردن و بە هیچ شێوەیەکیش حکومەتی هەرێمی کوردستان ناچێتە ژێر باری بڕیارێکی نادەستوورییەوە.

خۆ ماددەی (١٤٠) ماددەیەکی دەستوورییە و دادگای فیدراڵ لە ساڵی ٢٠١٩ بڕیاری دەرکردووە کە پێویستە بێتە جێبەجێکردن، بەڵام تا ئێستا هیچ لایەنێکی عێراقی پێی پابەند نەبووە، بە حکومەت و ئەنجومەنی نوێنەرانیشەوە.

ئەگەر بڕیارەکەی دادگای فیدراڵ سەبارەت بە نەوتی هەرێمی کوردستان (بات و ملزم) بێت، خۆ دەبێ بڕیارەکەشی سەبارەت بە ماددەی (١٤٠) ئەویش هەروا بێت، بۆیە دەکرێ لەم ڕووەوە سەرکردایەتیی کوردستان لە وورووژاندنی ئەو دوو پرسە ڕۆڵی خۆی بگێڕێت.

لە ڕاستیدا دادگای بەناو فیدراڵ نەیتوانی چ لە کێشەکانی نێوان چوارچێوەی هەماهەنگی و هاوپەیمانیی (ڕزگاریی نیشتمان) ببێ بە بەرەوان،

بەڵكو مێملّ و نەیار كە ئەمەش پێچەوانەی ئەو پێگە و ڕۆڵەیە كە بۆی دانراوە.

ئەگەر هوشیار زێباری ناوی دادگای زڕاندووە، خۆ موقتەدا سەدریش كاری وای كردووە، ئیتر بۆ سكاڵا لەسەر هوشیار زێباری تۆمار دەكرێ و موقتەدا سەدر نا؟

ئەگەر ڕاڤە نوێیەكەی ئەم دادگایە ڕاست بێت كە پێویستە لە كایەی دووەمی هەڵبژاردنی سەرۆك كۆماردا دوو لەسەر سێی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران ئامادە بن، ئەی ئەوانەی پێش ئەم ڕاڤەیە و لە كایەی دووەمدا بە دەنگی (٥٠+١) بوون بە سەرۆك كۆمار، بە سەرۆك كۆماری ئێستاشەوە دەبێ بیانخەینە چ خانەیەكی یاساییەوە و خەتایەكەش دەكەوێتە ئەستۆی كێ؟

ئەم ڕاڤە نوێیەی دادگای بەناو فیدراڵ دۆخی سیاسیی عێراقی ئاڵۆزتر كرد و وڵاتیشی خستە قۆناخێكی دیكەی بۆشایی دەستوورییەوە كە ئەمەش لە بەرژەوەندیی چوارچێوەی هەماهەنگی بوو كە خاوەنی هێزێكی میلیشایی زۆرە و سەر بە ئێرانە.

من لەگەڵ ئەو كەسانە نیم كە دەڵێن پێكنەهێنانی حكومەت خەتای ئێرانە، بەڵكو ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكاشە، چونكە هەڵوێستی ئەم دوو وڵاتە سەبارەت بەو پرسە یەكە و ئامانجیش فەشەلهێنانە بە هەوڵی موقتەدا سەدر و هاوپەیمانەكانی لە پێكهێنانی حكومەتێكی زۆرینەی نیشتمانی كە نە ڕۆژهەڵاتی بێ و نە ڕۆژئاوایی!! واتە نە ئێرانی و نە ئەمریكایی بێت.

یاسای ئاسایشی خۆراك بە هۆی نەبوونی یاسای بودجە ئامادە كرا، زۆر پێویستیشی بوو، بە تایبەتی لەم دۆخەی عێراقدا و كاریگەرییەكانی شەڕی ڕووسیا و ئۆكرانیا، بە تایبەتی لە ڕووی كەمیی خۆراك و بەرزبوونەوەی نرخەوە.

لە ڕاستیدا یاسای ئاسایشی خۆراك ئەلتەرناتیڤی یاسای بودجە نەبوو، وەك ئەوەی مالیكی بانگەشەی بۆ كرد، كەچی دادگای فیدراڵ بە هەنجەتی ئەوەی حكومەت كاربەڕێكەرە و مافی ئامادەكردنی یاسای نییە، یاساكەی هەڵوەشاندەوە، بەبێ ئەوەی بیر لە ژیان و بژێوی هاووڵاتیان بكاتەوە.

نەك هەر ئەمە، بەڵكو پاش تێپەڕبوونی یەك ڕۆژ لەسەر هەڵوەشاندنەوەی ئەم یاسایە، دادگای بەناو فیدراڵ بڕیارێكی دیكەی دەركرد و ئەندامێتی مشعان جبوری لە ئەنجومەنی نوێنەران بە نایاسایی دانا، بە هەنجەتی ئەوەی گوایە ساختەكاری لە بڕوانامە دواناوەندییەكەی كردووە.

من بەرگری لە مشعان جبوری ناكەم، بەڵام پرسی وا لە دەسەڵاتی ئەو دادگایە نییە كە بە درێژایی تەمەنی نەك هەر ئەو هەڵەیە، بەڵكو هەڵەی لەمە زەقتر و گەورەتری كردووە، وەك ئەوەی پەیوەندی بە قەوارە گەورەكەوە هەبێ.

لە ٢٠١٠ ڕاڤەی دادگای فیدراڵ ئەوە بوو كە قەوارە گەورەكە ئەو قەوارەیە كە پاش دانیشتنی



ئەنجومەتی نوێنەران و هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆكایەتی پێك دێت و ئەو ڕاڤەیەش تا ئێستا كاری پێ دەكرێ.

سەرۆكی ئەنجومەنی باڵای دادوەری لە عێراقدا فائق زێدان لە نووسینێكیدا و دواتر لە چاوپێكەوتنێكیدا لەگەڵ كەناڵی ئەلشرقیە دەڵێت: «دەبێ ئەم ڕاڤەیە ڕاست بكرێتەوە، چونكە ئەوەی ڕاستی بێت قەوارەی گەورە ئەو قەوارەیەیە كە لە هەڵبژاردندا زۆرینەی كورسییەكانی ئەنجومەتی نوێنەران وەدەست دێنێت، ڕاڤەكەی ساڵی ٢٠١٠ش بۆچوونێكی ئەو كاتی دادگا بووە». بەپێی ئەو قسەیەی سەرۆكی ئەنجومەنی باڵای دادوەری، دادگای فیدراڵ قەت لە هەڵە بەدەر نەبووە، بۆیە مافی هەموو لایەنێكە گومان لە بڕیارەكانی بكات كە ئەمڕۆ وەك ڕاسپێردراو ڕەفتار دەكات بە سەر هەر دوو دەسەڵاتی جێبەجێكردن و یاسادانانندا.


**لەگەڵ ئەو كەسانە نیم كە دەڵێن پێكنەهێنانی حكومەت خەتای ئێرانە، بەڵكو ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكاشە، چونكە هەڵوێستی ئەم دوو وڵاتە سەبارەت بەو پرسە یەكە و ئامانجیش فەشەلهێنانە بە هەوڵی موقتەدا سەدر و هاوپەیمانەكانی لە پێكهێنانی حكومەتێكی زۆرینەی نیشتمانی كە نە ڕۆژهەڵاتی بێ و نە ڕۆژئاوایی**

**لە ڕاستیدا یاسای ئاسایشی خۆراک ئەلتەرناتیڤی یاسای بودجە نەبوو، وەک ئەوەی مالیکی بانگەشەی بۆ کرد، کەچی دادگای فیدراڵ بە هەنجەتی ئەوەی حکومەت کاربەڕێکەرە و مافی ئامادەکردنی یاسای نییە، یاساکەی هەڵوەشاندەوە، بەبێ ئەوەی بیر لە ژیان و بژێوی هاووڵاتیان بکاتەوە**



# تەوەری ڕەهەندەکانی ئاسایشی نەتەوەیی لەناو بازنەی ئاسایشی نیشتمانیدا

**ئەم تەوەرە کە سێ لایەنی گرنگی ڕەهەندەکانی ئاسایشی نەتەوەیی لە خۆی دەگرێت، سێ خامەی دیار و ناسراوی کوردستان بەشدارییان تێدا کردووە کە بریتین:**




پرۆفیسۆر دکتۆر کامەران ساڵحی لە وتارەکەیدا بە ناونیشانی «ئاستەنگ و ئاسۆکانی ڕاگواستنی دیموکراسی لە کوردستاندا»، کە زۆر ڕاشکاوانە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە هەوڵەکان بخرێنە گەڕ بۆ ئەوەی دیدگایەکی ئایندەیی بۆ ئەم پرۆسەیە بونیاد بنێن و بۆ ئەمەش گرنگە پشت بە فەلسەفەی مرۆڤدۆستانەی «کوردایەتی» ببەستین کە مستەفا بارزانی لەناو بزاڤی ڕزگاریخوازیی کوردستاندا پەیڕەوی کردووە و سەرکردایەتیی بزاڤەکەی پێ کردووە.







سەڵاح بەدرەدین لە وتارەکەیدا بە ناونیشانی «کورد و چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی» لایەنێکی گرنگی ئەم باسەی وروژاندووە و جەخت لەوە دەکاتەوە و داوا دەکات، ئێستا کاتی ئەوە هاتووە بیرمەندان و توێژەرانی کورد چاو بە چەمکی «ئاسایشی نەتەوەیی»دا بخشێننەوە، هەروەها دەستبەرداری ڕۆمانسییەت بن کە لەوەتەی سەدەی نۆزدەیەمەوە لە شیکردنەوە و دیدوبۆچوونەکانیان پەیڕەو دەکرێت، بۆیە ناکرێت ئێمە کە لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکەمداین، کاروبارەکان بە پێوەری دوو سەدەی ڕابردوو بکێشین.




پرۆفیسۆری یاریدەدەر د. نەژدەت ئاکرەیی لە وتارەکەیدا بە ناونیشانی «توانستە ئەکادیمییەکان و دامەزراوەکان لە دیدی ئاسایشی نەتەوەیی»، هەڵوەستە لەسەر ئەوە دەکات، بۆچی هەتا ئێستا وەك پێویست سوود لە توانستە ئەکادیمییەکانی ناوخۆی کوردستان وەرنەگیراوە و زیاتر بایەخ بە توانستی ئەکادیمیی دەرەوە دراوە، ئەمە لە کاتێکدا توانستە ئەکادیمییەکانی کوردستان دڵسۆزن بۆ وڵاتی خۆیان و توانستە ئەکادیمییەکانی دەرەوە تەنیا لە ڕووی سوودی داراییەوە سەیری پرۆسەکە دەکەن.



# ئاستەنگ و ئاسۆکانی وەرچەرخانی دیموکراسی لە کوردستاندا

## فەلسەفەی دیموکراسیی مرۆڤدۆستانە سیمای گەوهەریی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان بووە



**پ.د.کامەران ساڵحی**

شرۆڤەکاری سیاسیی سەربەخۆ

بۆ گولان نووسیویەتی

بەردەوام پرسیارێکی ڕەوا لە ناو کەرتێکی فراوانی ڕۆشنبیریی کوردیدا دێتە ئاراوە، سەبارەت بە دیدگای ئایندەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی، کە ئێمە بە ئاواتی دەخوازین بۆ کۆمەڵگەی کوردیمان و هیواداریـن کە بێتەدی، ئەویش ئەوەیە کە دەبینین گرنگیدان بەم پرسە لە هەڵکشاندایە، بۆیە پێویستە بە تاقیکردنەوەیەکی پاك و بێگەرد بگەینە ئەو دیدگایە، بۆیە هیچ چار نییە و دەبێ بگەینە ئەو دیدگا سیاسییە بۆ ئایندە بە شێوازێکی ئەزموونگەرایی و، ئەمەش واتە هەڵهێنجانی ئەم دیدگایە لە نێو «بوون و بەڵگەکان» وەك بەرەنجامی شرۆڤەیەکی «خودی و بابەتی و تەحەددییەکان و بونیادنانی دیدگایەکی ڕەخنەگرانەی بوێر و پەندوەرگرتن لە شکستەکان»، ئەمە نەك تەنیا شرۆڤەیەکی ڕەخنەگرانەی موجەڕەد بۆ خستەڕووی ئەڵتەرناتیڤ و پشتبەستن بە سیاسەتی گرەوکردن لەسەر خەیاڵ بێت.

پرسی سەرەکی کە ئەمڕۆ ڕووبەڕووی



دەبینەوە، دوای ئەوەی کە ئەو ماوە تاریك و تاڵە بەسەر چوو کە هەموو جۆرە چەوسانەوەیەك کە بە هۆی سیستمە ستەمکارە حوکمڕانەکان ڕووی تێ کردین، ئەویش پرسی ململانێ بوو لە پێناو بنیاتنانی واقیعێکی تازە، کە گوزارشت لە خواست و ئامانجەکانی گەلی کورد دەکات لە ڕزگاریی نەتەوەیی و بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی ئازادی و دادپەروەری و یەکسانی.

پرسیارە سەرەکییەکە لێرەدا ئەوەیە، چۆن بگەینە ئەو دیدگا خوازراوە و بتوانین توخمەکانی بنیاتنانی نەتەوەیی تەوزیف بکەین، کە بریتین لە (کولتوور، سیاسەت، فیکر، کەلەپوور و، ماهیەت)

مەرجەکانی مەنهەجی و کۆمەڵایەتیی پەیوەست بە سرووشتی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی، کە توانای هەبێت مەعریفە بەرهەم بهێنێت و ئامراز و کەرەستەکانی دەستەبەر بکات.

لێرەوە پێویستە چەندین سەنتەر دابمەزرێن، کە پاڵپشت بن بۆ بەرهەمهێنانی مەعریفەت و گشتاندنی بە هەموو ڕێگەیەك و، بکرێتە بەشێك لە کولتووری نەتەوەییمان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی حاڵەتی هەڵگەڕانەوە، کە ڕۆڵی عەقڵ و زانست و زانیاری پەك دەخات و بانگەشەی تەکفیر و سەرکوتکردنی هەموو فیکرێکی پێچەوانە و هەموو ئیجتهادێك لە ئایین و سیاسەت و کولتوور و ڕەوشت دەکات .

بێگومان فیکری نەتەوەیی و دیموکراسیی مرۆڤدۆستانە (فەلسەفەی کوردایەتی) لە میانی دەقە ڕەسەنەکان و پرۆسەی نوێبوونەوە و پەرەپێدان و دەوڵەمەندکردنی، دەبێتە تەوەری پرۆسەیەکی گۆڕانکاری و پێشکەوتن بەرەو بنیاتنانی دیدگای ئایندە، بۆ سەردەمێکی دوور و درێژ و نەوەکانی دیکە، بۆیە پێویستە هەر ڕاستکردنەوەیەکی واقیعیی ئێستامان، یان لە وێناکردنی ئایندەمان لەو فەلسەفە و فاکتەرانەوە سەرچاوە بگرن، کە کاریگەرییان هەیە لە بواری پەرەپێدان و ئەو گۆڕانکارییانەی کە جیهانی سەردەمان بەخۆیەوە دەبینێت لە شەپۆلی دیموکراسی و دیالۆگ و مافی مرۆڤ و کۆمەڵگەی مەدەنیدا.

**کوردایەتی سیمای جەوهەریی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان بووە هەر لە سەرەتاوە و بە درێژایی کاروانی خەبات بە سەرۆکایەتیی بارزانیی نەمر، کە توخمەکانی یەکبوون و یەکگرتن و داکۆکیکردن لە نەتەوەییان لە دڵ و دەروونیدا چاند**

فەلسەفەی دیموکراسیی مرۆڤدۆستانە (کوردایەتی) سیمای جەوهەری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان بووە هەر لە سەرەتاوە و بە درێژایی کاروانی خەبات بە سەرۆکایەتیی بارزانیی نەمر، کە توخمەکانی یەکبوون و یەکگرتن و داکۆکیکردن لە نەتەوەییان لە دڵ و دەروونەدا چاند، ئەو توخمانە خۆراکی ڕۆحیی بەردەوامبوونی خەبات بوون، بۆیە نەبوونی ئەو ڕەهەندە فەلسەفییە لە کاری سیاسیی حزبە کوردییەکاندا هەڕەشەی ڕاستەوخۆیە بۆ ئاسایشی نەتەوەیی کورد، ئەمەش بە واتای ئەوەی کە حزب و ڕەوتە سیاسییەکانی کوردی چەسپاندنی کوردایەتییان دەکەوێتە ئەستۆ، ئەمەش لە میانی ڕاستگۆیی لە پیادەکردن و گۆڕینی بۆ ئامرازێکی هەبوون و هۆشیاری.

پێویستە ددان بەوەدا بنێین کە کێشەی زۆر هەیە کە گشتگیرن، بەڵام بە شێواز و جۆر و ئاستی جیاواز، دیسان ددان بنێین بەوەی کە پێویستە ئەو کێشانە ببنە مایەی ئەنجامدانی توێژینەوە و دیراسەتکردن لەلایەن بیرمەندانی کورد و سەرکردەکانیانەوە، ئەمە ئەرکێکی بەکۆمەڵە، چونکە گرنگی و ڕۆڵی فیکر لەوەدایە کە پەیوەستن بە زانست و زانیاری و شیکردنەوەی عەقڵانی و، لە پیادەکردنی ئەو فیکرە لە بواری شیکردنەوەی واقیع و لێکدانەوەی نیشانەکانی لەپێناو گۆڕینی بە ئاراستەیەکی باشتر و لەبارتر، بۆیە گەڕان بە دوای کێشە و چارەسەرکردنیدا بەرپرسیارێتیی هەمووانە، چ بە تەنیا، یان بە کۆمەڵ، کە پێویستە مەرجەکانی دەستەبەر بکرێن، مەرجی یەکەمیش ددانانی بوێرانەیە بەوەی کە کێشەکان هەن، دیسان هەمووان بەرپرسیار بن و ڕۆڵیان هەبێت لە چارەسەرکردندا، هاوکات ددانیش بەوەدا بنێین کە بیروبۆچوونی جیاوازمان هەیە و، ڕێز لە یەکدی بگرین و لێبووردە بین و دیالۆگێکی شارستانییانە و عەقڵانیی ئامانجدار بگرینەبەر.

چوونە ژێر بار و متبوون لە فیکرێکی دیاریکراودا بە واتای بێدەسەڵاتییە لە زاڵبوون بە سەر کێشەکاندا، یان بەدیهێنانی هەر چاکسازییەکی سیاسی، یان کۆمەڵایەتی، یانیش ئابووری، چونکە زانراوە کە کۆمەڵگەی کوردەواریمان لە چەندین چین و توێژی جیاوازی کۆمەڵایەتی پێك دێت، هەر یەکەیان بەرژەوەندیی خۆی هەیە، بۆیە ئەگەر بمانەوێت ئاشتی لە کۆمەڵگەکەماندا بەردەوام بێت و ئێستا و ئایندە بنیات بنێین لەسەر بنەماگەلێکی دروست، ئەوە واتا ددانانە بەوەی کە هەمووان ئازادیی فیکر و بیروباوەڕ و ڕا و مافیان هەبێت لە کۆبوونەوە و خۆپیشاندان و پێکهێنانی حزب و ڕێکخراو و کۆمەڵەکان و، مافی دەرکردنی ڕۆژنامەشیان هەبێت لە چوارچێوەگەلێکی یاسایی و دەستووریدا.

بێگومان ڕەگ و ڕیشەی زۆربەی ئەو کێشانەی ڕووبەڕوومان دەبنەوە، بۆ سەردەمانێکی تاریك دەگەڕێنەوە کە کوردستان پێیاندا تێپەڕیوە، چونکە ئەو دەسەڵاتە یەك لە دوا یەکانەی کە لە عێراق حوکمیان کردووە، ستەمکارانە و دڕندەییانە و سەرکوتکارانە مامەڵەیان لەگەڵ گەلی کورد و کەمە نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبییەکاندا کردووە و، نکوڵییان لە مافەکانیان کردووە، بەو ڕەفتارانەیان کەلێن و بۆشاییان لە نێوان دەسەڵات و کۆمەڵگەدا قووڵتر کردووەتەوە، دەسەڵاتیش لە هزری خەڵکدا بووەتە هێمای ستەم و چەوسانەوە، لەگەڵ ڕاپەڕیندا قۆناغێکی تازە دەستی پێ کرد، ئەویش قۆناغی ململانێیە لە پێناو چەسپاندنی بنەماکانی دیموکراسی و ڕامالینی ژێرخانی سیاسی و کولتووریدا کە ڕژێمە ستەمکارەکان دروستیان کردبوو، هەروەها بۆ دامەزراندنی سیستمێکی حوکمڕانی لە پێناو گۆڕانکاریی دیموکراسیی ڕاستەقینە و ڕاستکردنەوە و پاککردنەوەی ژیانی سیاسی لە هەموو خەوش و گەردێك.. ئاساییە کە گەڵاڵەنەبوونی هەندێك هێز و پێکهاتەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووری و پیشەیی لە چوارچێوەگەلێکی دیاردا، هەروەها لەوەی کە زۆربەیان بەرنامە و بۆچوونی زانستییان نییە بۆ پێکەوەڕۆیی لەگەڵ ئەو ئەرکانەی کە سەردەمی تازە خستوویەتە ڕوو، هاوکات سەرهەڵدانی دیاردەی ململانێکان، ئەمانە هۆکار بوون بۆ ئەوەی کۆمەڵگەی کوردەواری نەگاتە داڕشتنی ڕێبازێکی دیموکراسیی تەواو، تا وەك پێداویستییەکی کۆمەڵایەتی بسەپێنرێت.

جا لەبەر ئەوەی کە ئەمڕۆ ئێمە لە دۆخێکی دیموکراسیی نیشتمانیی گشتیدا دەژین و، زۆر توانامان لە بەردەستە بۆ چەسپاندنی دیموکراسی و فراوانکردنی بناغەی ئەم دیموکراسییە، کە هاوکات لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی جەماوەری کورددا گونجاوە، بۆیە ئەرکی هەموو حزبە کوردستانییەکانە کە لەگەڵ بارودۆخی کۆمەڵگەدا پێکەوە هەڵ بکەن، هەروەها هەست بە خەم و ئازارەکانیان بکەن

**پێویستە چەندین سەنتەر دابمەزرێن، کە پاڵپشت بن بۆ بەرهەمهێنانی مەعریفەت و گشتاندنی بە هەموو ڕێگەیەک و، بکرێتە بەشێک لە کولتووری نەتەوەییمان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی حاڵەتی هەڵگەڕانەوە، کە ڕۆڵی عەقڵ و زانست و زانیاری پەک دەخات**

**فیکری نەتەوەیی و دیموکراسیی مرۆڤدۆستانە (فەلسەفەی کوردایەتی) لە میانی دەقە ڕەسەنەکان و پرۆسەی نوێبوونەوە و پەرەپێدان و دەوڵەمەندکردنی، دەبێتە تەوەری پرۆسەیەکی گۆڕانکاری و پێشکەوتن بەرەو بنیاتنانی دیدگای ئایندە**

**پێویستە هەر ڕاستکردنەوەیەکی واقیعیی ئێستامان، یان لە وێناکردنی ئایندەمان لەو فەلسەفە و فاکتەرانەوە سەرچاوە بگرن، کە کاریگەرییان هەیە لە بواری پەرەپێدان و ئەو گۆڕانکارییانەی کە جیهانی سەردەممان بەخۆیەوە دەبینێت**

**ڕەگ و ڕیشەی زۆربەی ئەو کێشانەی ڕووبەڕوومان دەبنەوە، بۆ سەردەمانێکی تاریک دەگەڕێنەوە کە کوردستان پێیاندا تێپەڕیوە**

و لە کێشەی ڕۆژانەیان تێ بگەن و دوور بکەونەوە لە خۆبەزلزانین، کاتێك لەگەڵ جەماوەردا دەدوێن، یان مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەن، دیسان پێویستە ئەو حزبانە دوور بکەونەوە لە چەمك و تیۆریزەکردنی بۆماوەیی وەك قۆرخکاری لە کاری سیاسیدا، یان حزب بکەنە ڕێکخراوێکی دەسەڵاتدار، کە پێگەی دیاریکراوی هەبێت و فەرمان و ڕێنمایی لە لووتکەوە بۆ خوارەوە دەربکات، هەروەها هەوڵی ئەوە بدەن کە بەڕێوەبردنی هەموو کاروباری کۆمەڵگە قۆرخ بکەن، بێگومان هەموو ئەمانە لەگەڵ نەریتی خەباتدا ناگونجێن، کە قوتابخانەی کوردایەتی بەردی بناغەیی داناوە، بە تایبەتی کە زۆربەی ڕێکخراوە سیاسی و کولتووری و پیشەییەکانی کوردستانی لە منداڵدانی ئەو قوتابخانەیەوە لەدایکبوون.

پلۆرالیزمی سیاسی و ڕێزگرتنی ڕای بەرامبەر و دیالۆگی نێوان فیکرەکان و کێبڕکێی ڕەوا لە خستنەڕووی ئەو بەرنامانەی گوزارشت لە خواستی جەماوەر دەکەن، ئەمانە سیمای جەوهەریی پیادەکردنی دیموکراسین، بەڵام ئەمانە کێبڕکێ دەکەن بۆ کێشکردنی چەندایەتی و زیادکردنی ژمارەی ئەندامان و وەدیهێنانی بەرژەوەندیی تەسکی حزبایەتی و پێشبڕکێ بۆ زیاتر دەسەڵاتخوازی و گرتنە دەستی پێگە و دەسەڵات.

بێگومان ئەمە نیگەرانییەکی ڕەوای لێ دەکەوێتەوە، کە ئەنجامگەلێکی نەرێنی بەدوادا دێت و، کاریگەریی دەبێت بۆ سەر پەیوەندیی هەڤاڵانی نێو حزبەکان و متمانە پێ نەمان لەلایەن جەماوەرەوە، هاوکات سوودی کاری سیاسی و گۆڕانکاریی دیموکراسی دەبێتە پرسیار.

بەردوامبوونی پرۆسەی چاکسازیی سیاسی پێویستییەکی زۆر بابەتییانەیە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کەموکورتییانەی لەگەڵ گۆڕانکاریی دیموکراسی و بنیاتنانی دەسەڵاتی سیاسی و دامەزراوەکانی و ئاستی ئەدای ئەو دامەزراوانەدان، بۆیە پێویستە بەردەوام هەڵسەنگاندن بکرێت بۆ ئیحتیوا و چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتی و ئابووری و کولتوورییەکانی ڕۆژانە و ئایندەی جەماوەر و فراوانکردنی بنکەی کۆمەڵایەتیی سیستەمی حوکمڕانی و دەستبەرداربوون لە پێوەری تەسکی حزبایەتی، لە بواری پاڵپشتیکردن لە وەزیفە و گرتنەبەری پێوەری دیکەی لێهاتوویی و دڵسۆزی و تایبەتمەندی و شارەزایی لە ئیدارەدانی جومگە جیاوازەکانی دەسەڵات و پرۆسەی بەردەوامی پاکسازیی توخمە گەندەڵ و ناشایستەکان.

بنیاتنانی دەسەڵاتێکی دیموکراسیی شارستانی، خۆی لە بنیاتنانی دامەزراوەگەلێکی کارادا بەرجەستە دەکات، کە هەر یەك لەو دامەزراوانە ڕۆڵ و پێگەی خۆیان هەبێت، لە بنەماکانی دیموکراسی و گوێڕایەڵی بۆ ئیرادەی گەل و نوێکردنەوەی یاساکان و مسۆگەرکردنی سەربەخۆیی دادگا و چاکسازیی بەردەوامی ئیدارە و ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و هاووڵاتی.. دەسەڵاتی سیاسیی کوردی کە پرۆسەی گۆڕانکاریی دیموکراسی بەڕێوە دەبات، چەندین هەنگاوی هەڵێناوە لە دابینکردنی ئەو بنەمایانەدا، بەڵام ئەمە پێویستی بە هەوڵی زیاترە، بە شێوەیەك کە بە پلەی یەکەم ڕوو لە نەوەی گەنج بکرێت و، ڕێگەیان بدرێت ڕۆڵی خۆیان بگێڕن لە دیاریکردنی ئایندەیاندا، تا بتوانن گرنگی بە کاروباری گشتیی سیاسی بدەن، هاوکات بەشدار بن لە دیاریکردنی ئایندەی کوردستاندا.

پرۆسەی چاکسازیی سیاسی پێویستی بەوەیە ددان بنرێت بەوەدا کە بۆشاییەکی نیشتمانی هەیە و پێویستە پڕ بکرێتەوە، چونکە ژمارەیەکی زۆری کوردانی بێلایەن و سەربەخۆ هەن لە ڕۆشنبیران و نووسەران و سەندیکاییان و خاوەنانی پیشەی ئازاد و هونەرمەندان و لاوان و قوتابیان و مامۆستایانی قوتابخانە و زانکۆکان، کە ڕۆڵی کاریگەریان نییە لە ژیانی سیاسیی ئێستادا، چونکە نایانەوێت لە چوارچێوەیەکی دیاریکراوی سیاسیدا کاربکەن، بەڵام ئەوان دەیانەوێت سەر بەو دۆخە دیموکراسییە نیشتمانییە بن کە ئێستا لە کوردستان بەرقەرارە.

یەکێك لەو کێشە سەرەکییانەی کە ڕووبەڕووی پرۆسەکانی چاکسازیی سیاسی و چەسپاندنی دیموکراسی دەبێتەوە، بریتییە لە مەینەتیی ئابووری، کە بەسەر گەلەکەماندا سەپێندراوە، ئەمەش دەسەڵاتی سیاسیی کوردستان ناچار دەکات ڕووبەڕووی ببێتەوە لە چوارچێوەیەکی واقیعییانە و چارەسەری بکات، دیارە کە ئیرادەی سیاسی ناتوانێت بێ بنکەیەکی بەهێزی ئابووری کە میکانیزمەکانی نوێبوونەوەی ئابووری و گۆڕینی کۆمەڵگە لە بەکاربەرەوە بۆ بەرهەمهێنەر مسۆگەر بکات، هەروەها پەرەپێدانی هێزە بەرهەمهێنەرەکان لە گوندەکاندا بە ئاشکرا خۆی بسەپێنێت.

**ئەرکی هەموو حزبە کوردستانییەکانە کە لەگەڵ بارودۆخی کۆمەڵگەدا پێکەوە هەڵ بکەن، هەروەها هەست بە خەم و ئازارەکانیان بکەن و لە کێشەی ڕۆژانەیان تێ بگەن و دوور بکەونەوە لە خۆبەزلزانین**

**پلۆرالیزمی سیاسی و ڕێزگرتنی ڕای بەرامبەر و دیالۆگی نێوان فیکرەکان و کێبڕکێی ڕەوا لە خستنەڕووی ئەو بەرنامانەی گوزارشت لە خواستی جەماوەر دەکەن، ئەمانە سیمای جەوهەریی پیادەکردنی دیموکراسین**

**بەردوامبوونی پرۆسەی چاکسازیی سیاسی پێویستییەکی زۆر بابەتییانەیە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کەموکورتییانەی لەگەڵ گۆڕانکاریی دیموکراسی و بنیاتنانی دەسەڵاتی سیاسی و دامەزراوەکانی و ئاستی ئەدای ئەو دامەزراوانەدان**

**یەکێک لەو کێشە سەرەکییانەی کە ڕووبەڕووی پرۆسەکانی چاکسازیی سیاسی و چەسپاندنی دیموکراسی دەبێتەوە، بریتییە لە مەینەتیی ئابووری، کە بەسەر گەلەکەماندا سەپێندراوە**



# کورد و چەمکی «ئاسایشی نەتەوەیی»



سەلاح بەدرەدین
تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە



«ئێستا کاتی ئەوە هاتووە بیرمەندان و توێژەرانی کورد چاو بە چەمکی «ئاسایشی نەتەوەیی»دا بخشێننەوە، هەروەها دەستبەرداری ڕۆمانسییەت بن کە لەوەتەی سەدەی نۆزدەیەمەوە لە شیکردنەوە و دیدوبۆچوونەکانیان پەیڕەو دەکرێت، بۆیە ناکرێ کە ئێمە لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکەمداین، کاروبارەکان بە پێوەری دوو سەدەی ڕابردوو بکێشین، بەڵێ پابەند دەبین بە مافی چارەی خۆنووسین، بە هەموو مافەکانی گەلەکەمان، بەڵام یەکەم جار لەپاڵ پەسندکردنی پەرەسەندنی چەمکەکان، دواجار پابەندیش دەبین بە پێداویستییەکانی بازنە نیشتمانییەکان.

هەروەها کاتی هاتووە کە بزووتنەوە نەتەوەییە سیاسییەکانی کوردی تێگەیشتنی خۆیان دیاری بکەن لە هەمبەر زاراوەی «ئاسایشی نەتەوەیی»، لەگەڵ تێڕوانیان بۆ ئایندەی پەیوەندییە نەتەوەییەکان و شێوازی نموونەیی بەڕێوەبردن، بەتایبەتی کە دوژمنایەتیی نێوان لایەنەکان گەیشتووەتە لووتکە، ململانێی تەوەرەکانیش زەقتر بوونەتەوە، دوژمنانیش سەرکەوتوو بوون لە بەکوردیکردنی ململانێیەکە، بۆیە پێویستە لایەنە سیاسییەکان لە سەرجەم پارچەکانی کوردستان ڕێك بکەون لەسەر چەندین پرەنسیپ سەبارەت بە لێکدانەوەی مانای «ئاسایشی نەتەوەیی».

بەپێی پێناسەی زانستی، ئەوەی کە لەوەتەی سەدەی شازدەیەمەوە لە ئینسکلۆپیدیا و توێژینەوەکانی زانستیدا هاتووە، زاراوەی »ئاسایشی نەتەوەیی« تەنیا تایبەتە بەو گەل و نەتەوانەی لە ڕووبەرێکی یەکگرتوو و دیاریکراودا دەژین، کە سەر بە ئیدارەیەکی سەربەخۆن، ئەم چەمکە هاوکات لەگەڵ هاتنەکایەی دیاردەی ناسیۆنالیزم سەری هەڵدا، هەروەها دوای پێکهاتنی نەتەوەکانی دوای سەردەمی ڕێنیسانس، لەگەڵ فراوانبوونی هۆشیاریی مەعریفی لە میانی شاکاری فەیلەسووفەکان، هاوکات سەرهەڵدانی شۆڕشەکان لە ئەورووپا بەتایبەتیش شۆڕشی فەرەنسا و لەناوبردنی سیستمی فیودالی، کاتێکیش کە ڕۆڵی کەنیسە تەنیا بریتی بوو لە کاروباری پەرستن، هەروەها گێڕانەوەی بەها بۆ مافەکانی تاك و دەرکەوتنی ئازادییەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی.

جا بۆ ئەوەی هەموو ئاستەنگ و لەمپەرەکانی بەردەم ئەرکی پاراستنی ئاسایش و سەلامەتیی گرووپە مرۆییەکان ئەوانەی لەگەڵ یەکدی گونجاون لاببرێن، ئەورووپییەکان ڕوویان کردە دامەزراندنی دەوڵەت و قەوارەکان، هەروەها وێنەکێشانی سنووری ئەو ڕووبەرە خاکەی کە مەبەست ئەوە بووە بپارێزرێت، بەم شێوەیە دەکرێ پوختەی ئەم چەمکە لەوەدا بخەینە ڕوو کە بە دوو قۆناغدا تێپەڕی، یەکەمیان بە ستراتیژیەتێکی تەسك هەژمار کرا کە «بەرپەرچدانەوەی هێرشێکی دوژمنکارییانەی سەربازی و پاراستنی سنوورەکانە لە پەلاماری دەرەکی، لەگەڵ پارێزگاریکردن لە سەربەخۆیی نیشتمانی. لە قۆناغی دووەمدا دەبوو دەوڵەت هاووڵاتیانی دڵنیا بکاتەوە لە ڕووی سیاسی و ئابووری و سەربازی و کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەوە دژی ئەو مەترسییانەی کە دۆخی کرانەوەی فراوانی سەردەمی نوێ سەپاندوونی».

لەم سەردەمانەدا کۆدەنگییەك هەیە کە چەمکی» ئاسایشی نەتەوەیی» واتا پاراستنی حکومەت و پەرلەمان بۆ دەوڵەت و هاووڵاتیان لە ڕێی سیاسەتەکانی سەپاندنی دەسەڵاتەوە، چ سیاسی، ئابووری، یان دیپلۆماسی و سەربازی بێت.» دواتر ئەو زاراوەیە دوای جەنگی دووەمی جیهانی و بە تایبەتیش لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پەرەی سەند، تا کۆمەڵێکی زۆری تەحەددی گرتەوە کە کاریگەرن بۆ ئاسایشی ئابووری و وزە و خۆراك و سنوور و ئەلیکترۆنی، وێڕای ئاسایشی بەرگریی سەربازی، هەروەها ڕووبەڕووبوونەوەی بەرپرسە گەندەڵەکان و بازرگانانی مادده هۆشبەرەکان و تۆڕەکانی تیرۆر.

**● کورد و چەمکی «ئاسایشی نەتەوەیی»**

ئەم چەمکە لە نێوەندی ڕۆشنبیریی کوردیدا تازەیە، بەڵام دەتوانین بڵێین لە سۆنگەی مێژووییەوە بەو ناوەی کە کورد سەر بە یەك نەتەوەن و بەشداریی یەك چارەنووسن، هەروەها ئەوەی کۆیان دەکاتەوە زیاترە لەوەی جیایان دەکاتەوە، بەڵام لەسەر ئەرزی واقیع ئەوان لەناو یەك دەوڵەتدا ناژین، لە سایەی یەك سیستەمی سیاسی و یەك شارستانیەت و لە چوارچێوەی پاراستنی ئاسایشێکی نەتەوەیی هاوبەش، جا لەبەر ئەوەی کە زاراوەی «ئاسایشی نەتەوەیی» ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە دەوڵەتی ناسیۆنالیستییەوە، هەروەها سنووری ئەو نەخشەیەی بۆ بواری زیندووی ئاسایش کێشراوە، پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییە پێکەوە گرێدراوەکان کە ئێستا بۆ کورد دەستەبەر نییە، بۆیە ناکرێ ئەم زاراوەیە بەکاربهێنرێت و بۆ کورد پشتی پێ ببەسترێت، هاوکات ناکرێت بۆ دۆخی سیاسیی ئێستای کورد لە ناوچەکەدا جێبەجێ بکرێت، مەگەر لە ڕووی هەست و خواستەوە.

لەم ڕوانگەوە ئەگەر بە واتا گشتییەکەی و ڕایەڵە مێژووییەکانی نێوان کوردانی جیهان کە شاعیران پێیاندا هەڵگوتووە، باس بکەین، کە خۆی لە خۆیدا پێویستی بە دەستەبەرکردنی مەرجەکانی تەواوکردنی ئاسایشی نەتەوەیی کورد هەیە، لە سەروویانەوە بەدەستهێنانی مافی چارەی خۆنووسین، هەروەها ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی بۆ هەر پارچەیەك، یان بۆ کوردستانی مێژوویی، ئەوا دەڵێین ئەگەر بچینە سەر نزیککردنەوەی زاراوەکە بە بزاڤی سیاسیی نەتەوەیی کوردی لە هەر چوار پارچە و لەم کاتەی ئێستادا، هاوکات ئاشنابوون بە بەرنامەکانیان و ئامانجە ئاشکراکانی نزیك و دووریان، هەروەها واقیعی ڕێکخستنی ناوخۆیی یان نیشتمانییان، سەنتەرێکی نەتەوەیی کۆکەرەوەی نێوان ئەو بزووتنەوانە نادۆزینەوە، هەروەها شێوازێکی ڕێکخستن کە بە یەکیانەوە ببەستێتەوە، یان هیچ پەیماننامەیەکی هاوبەش، دیسان هیچ حزبێکی گەورە، یان بچووك نادۆزینەوە کە لە بەرنامەکەی خۆی و پەیڕەوی ناوخۆیدا تەبەننی چەمکی «ئاسایشی نەتەوەیی»ی سەرتاپاگیری کردبێت، یان ئیلتیزامی پێویستی لەهەمبەر بەتینکردن و پەرەسەندنی لەئەستۆ گرتبێت بە هاریکاریی نێوان هەمووان.

بۆیە چەمکی «ئاسایشی نەتەوەیی» لە ڕووی واقیعی بابەتییانە سنووری بەشێکی کوردستانی

**کاتی هاتووە کە بزووتنەوە نەتەوەییە سیاسییەکانی کوردی تێگەیشتنی خۆیان دیاری بکەن لە هەمبەر زاراوەی «ئاسایشی نەتەوەیی»، لەگەڵ تێڕوانیان بۆ ئایندەی پەیوەندییە نەتەوەییەکان و شێوازی نموونەیی بەڕێوەبردن، بەتایبەتی کە دوژمنایەتیی نێوان لایەنەکان گەیشتووەتە لووتکە**

**بۆ ئەوەی هەموو ئاستەنگ و لەمپەرەکانی بەردەم ئەرکی پاراستنی ئاسایش و سەلامەتیی گرووپە مرۆییەکان ئەوانەی لەگەڵ یەکدی گونجاون لاببرێن، ئەورووپییەکان ڕوویان کردە دامەزراندنی دەوڵەت و قەوارەکان**

پارچەکراو تێپەڕ ناکات، چونکە هەر بەشێکی گەلی کورد لە هەر چوار پارچەدا ئاسایشی نەتەوەیی تایبەت بە خۆی هەیە، سەبارەت بە بوون و مافە نەتەوەییەکانی و دیموکراسی و پارێزگاریکردن لە لەناوچوون، هەروەها لە گۆڕینی پێکهاتە دیموگرافییەکەی، پاراستنی کەلتوور و گەشەسەندن، بەتینکردنی ڕۆڵی لەسەر ئاستی نیشتمانی.

لەو ڕاستییە نەخوازراوانەش لەم چەند ساڵانەی دواییدا چەندین جۆری دژایەتی ناڵێم ناکۆکی لە نێوان پێداویستیی بەرژەوەندییەکانی «ئاسایشی نەتەوەیی» لەنێوان ئەم بەشەو ئەوی دیکە هاتە ئاراوە، بەهۆی گەشەکردنی هەندێ دیاردەی نامۆ لە نێوەندە حزبییەکانی کوردیدا وەك ململانێکان، باڵادەستیی بەهێز بەسەر لاوازدا، سەرکێشی، حزبایەتیی ئایدیۆلۆژی، خزمەتکردنی ئەجیندا دەرەکییەکان، لادان لە هێڵی کوردایەتی.

سەبارەت بە لایەنی دیکەی چەمکی «ئاسایشی نەتەوەیی» بۆ هەر بەشێك، «ئەمنییەتی بیری نەتەوەیی»ـە کە بە واتای پاراستنی ئاسایش و یەکپارچەیی و یەکڕیزی و شەرعییەتی بزووتنەوە نەتەوەییە دیموکراتییەکەی و پاراستنی نەریتە خەباتگێڕییەکەی، هێماکانی و جەوهەری دیموکراتیی بنەماکانی لەسەر بنەمای مافی چارەی خۆنووسین، لە بێهودەیی ئەو ڕەوتە سەرکێش و لادەرەی کە بریتییە لە پەکەکە و پاشکۆکانی، گەورەترین تەحەددایە لە سەردەمی ئێستادا، لەسەر ئاستی فیکری و سیاسی و کەلتووریدا.

## ● پەیوەندیی ئۆرگانیکیی نێوان چەمکەکانی «ئاسایشی نەتەوەیی و ئاسایشی نیشتمانی»

«ئاسایشی نەتەوەیی»ی هەر پارچەیەك لە پارچە مێژووییەکانی کوردستان «مەحکوومە بە دوو بازنە»، ئەمەش واتە بۆ «ئاسایشی نیشتمانی» بازنەی یەکەم کورد لەگەڵ پێکهاتە نەتەوەیی و کۆمەڵایەتییەکان کۆدەکاتەوە، ئەوانەی لەوەتەی چەندین سەدەیە لە ناوچەکانیان پێکەوە دەژین بە پلەی یەکەم، هەروەها لە ناوچە تێکەڵەکان، لە هەمانکاتدا بۆ «ئاسایشی نیشتمانی» بازنەی دووەم ئاستی جوگرافیای وڵات دەگرێتەوە. بۆیە لێرەوە نابێت ڕووناکبیری کورد تەنیا بانگەوازی ئەوە بکات کە تەنیا پارێزگاری لە «ئاسایشی نەتەوەیی» بکات و هەر دوو بازنەی ناوخۆیی و نیشتمانی فەرامۆش بکات، لەبەر ئەوەی گرنگیی زۆری هەیە بە تایبەتی کە دۆزی نەتەوەی کورد، لەوەتەی سەرەتای ئەم سەدەیە دەستی پێ کردووە، زیاتر تێکەڵ بە کەشوهەوای نیشتمانی دەبێت، بۆیە ئەگەر ئەزموونە سەرکەوتووەکەمان لەبەر چاو گرت، کە نموونەیی و پێشکەوتووترە لە نێو بزاڤی نەتەوەیی ڕزگاریخوازیی کوردستانیدا، مەبەستم ئەزموونی هەرێمی کوردستانی عێراقە، دەبینین چۆن گەڕاینەوە بۆ سەنتەری فیدراڵی، دوای ڕیفراندۆمی چارەی خۆنووسین لە سێپتێمبەری ٢٠١٧، بە گەڕانەوەی هاوسەنگیی نێوان نەتەوەیی و نیشتمانی، لەگەڵ سەرلەنوێ بەهێزکردنەوەی بازنە عێراقییەکە، تەنانەت بتوانرێت ڕۆڵی کوردستانی بێتە کایەوە کە کاریگەر بێت لە پرۆسەی سیاسیی نیشتمانیدا.

> **هیچ حزبێکی گەورە، یان بچووک نادۆزینەوە کە لە بەرنامەکەی خۆی و پەیڕەوی ناوخۆیدا تەبەنی چەمکی «ئاسایشی نەتەوەیی»ی سەرتاپاگیری کردبێت، یان ئیلتیزامی پێویستی لەهەمبەر بەتینکردن و پەرەسەندنی لەئەستۆ گرتبێت**

ئێستا کاتی ئەوە هاتووە بیرمەندان و توێژەرانی کورد چاو بە چەمکی »ئاسایشی نەتەوەیی»دا بخشێننەوە، هەروەها دەستبەرداری ڕۆمانسییەت بن کە لەوەتەی سەدەی نۆزدەیەمەوە لە شیکردنەوە و دیدوبۆچوونەکانیان پەیڕەو دەکرێت، بۆیە ناکرێ کە ئێمە لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکەمداین، کاروبارەکان بە پێوەری دوو سەدەی ڕابردوو بکێشین، بەڵێ پابەند دەبین بە مافی چارەی خۆنووسین، بە هەموو مافەکانی گەلەکەمان، بەڵام یەکەم جار لەپاڵ پەسندکردنی پەرەسەندنی چەمکەکان، دواجار پابەندیش دەبین بە پێداویستییەکانی بازنە نیشتمانییەکان.


هەروەها کاتی هاتووە کە بزووتنەوە نەتەوەییە سیاسییەکانی کوردی تێگەیشتنی خۆیان دیاری بکەن لەهەمبەر زاراوەی «ئاسایشی نەتەوەیی»، لەگەڵ تێڕوانیان بۆ ئایندەی پەیوەندییە نەتەوەییەکان و شێوازی نموونەیی بەڕێوەبردن، بەتایبەتی کە دوژمنایەتیی نێوان لایەنەکان گەیشتووەتە لووتکە، ململانێی تەوەرەکانیش زەقتر بوونەتەوە، دوژمنانیش سەرکەوتوو بوون لە بەکوردیکردنی ململانێیەکە، بۆیە پێویستە لایەنە سیاسییەکان لە سەرجەم پارچەکانی کوردستان ڕێك بکەون لەسەر چەندین پرەنسیپ سەبارەت بە لێکدانەوەی مانای «ئاسایشی نەتەوەیی»، لەوانە: ١- حەرامکردنی کوشتار، یان دەستوەردان لە کاروباری یەکدی و ڕێزگرتن لە تایبەتمەندییەکان، ٢- پرۆتستۆکردنی پیلانی سەرکێشییانە و کاولکەرانەی پەکەکە و کشانەوەی چەکدارانی لە هەر دوو بەشی باشوور و ڕۆژئاوا، ٣- هاوئاهەنگی و کاری هاوبەش و هاریکاریی نێوان لایەنە کوردی و کوردستانییەکان و پاڵپشتیکردنی پرۆسەی ئەزموونی کوردستانی عێراق وەك دەستکەوتێکی نەتەوەیی و ستراتیژی.

> **نابێت ڕووناکبیری کورد تەنیا بانگەوازی ئەوە بکات کە تەنیا پارێزگاری لە «ئاسایشی نەتەوەیی» بکات و هەر دوو بازنەی ناوخۆیی و نیشتمانی فەرامۆش بکات**

# توانستە ئەكادیمییەكان و دامەزراوەكان لە دیدی ئاسایشی نەتەوەیی

## هەتا ئێستا وەک پێویست سوود لە توانستە ئەكادیمییەكانی كوردستان وەرنەگیراوە





## د.نەژدەت ئاکرەیی

پسپۆر لە ئاسایشی نەتەوەیی
بۆ گوڵانی نووسیوە

«پێویستە لە وەزارەتی پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دامەزراوەیەکی نیشتمانی بۆ ئامادەکردنی توانست و کادری ئەکادیمی لە بواری بەرگری و ئاسایش دابمەزرێت. لە زۆرێك لە دەوڵەتانی جیهاندا ئەم ئەزموونە بوونی هەیە و دەکرێت ئێمەش سوودی لێ وەربگرین، هەروەها دەکرێت پێشنیار بکەین بۆ دامەزراندنی زانکۆیەکی کوردستانی تایبەت بۆ دیراساتی ئاسایش و بەرگری، هەروەها دامەزراندنی سەنتەرێکی توێژینەوەی ئەکادیمی بۆ دیراساتی ئەکادیمی و بەرگری لە هەرێمی کوردستاندا، کە کاریان تەنیا توێژینەوە نەبێت، بەڵکو ئامادەکردنی کادری ئاسایش و بەرگریش بێت بۆ دامەزراوە پەیوەندیدارەکان بەم بوارانەوە لەناو دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا و، لەلایەکی سوودوەگرتن لە توانستە زانستی و ئەکادیمییەکان بۆ بوارەکانی «نەوت و گازی سرووشتی، کارەبا، ئابووری، پەروەردە، تەندوستی و کاروباری کۆمەڵایەتی و کشتوکاڵ و گەشتیاری» کە زۆر گرنگن، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کۆی دارشتنی سیاسەتی ئەم بوارانە لە سیاسەتی ئاسایشی نەتەوەیی جیا ناکرێنەوە، هەموو ئەو کادرانەشی لەم بوارە پێویستە سوودیان لێ وەربگرن، گرنگە توانستە ئەکادیمییە لۆکاڵەکانی کوردستان بن، ئەمەش لەبەر ئەوەیە زۆرجار توانستە دەرەکی و بیانییەکان تێچوونێکی زۆر دەکەون لەسەر کوردستان و زۆرجاریش ئەم کەسانە دڵسۆز نابن، واتە ئەم کەسانە زیاتر لەو ڕوانگەیەوە سەیری دەکەن کە لە ڕووی داراییەوە چەند سوودمەند دەبن لەو خزمەتگوزارییانەی پێشکەشیان دەکەن.»



**دامەزراوەکان ناتوانن گەشە بکەن بە بێ بوونی توانستە ئەکادیمییەکان و بە بێ بوونی دامەزراوەکان بۆ بەگەڕخستن و کاراکردنی توانستە ئەکادیمییەکان**

لە ڕاستیدا پرسەکانی پەیوەست بە توانستە ئەکادیمییەکان و دامەزراوەکان لە هەر قەوارەیەکدا دوو لایەنی پێکەوەبەستراون، واتە دامەزراوەکان ناتوانن گەشە بکەن بە بێ بوونی توانستە ئەکادیمییەکان و بە بێ بوونی دامەزراوەکان بۆ بەگەڕخستن و کاراکردنی توانستە ئەکادیمییەکان، کە دەبێتە هۆی ئەوەی ئەم توانست و عەقڵییەتە ئەکادیمییانە ڕێگەی کۆچکردن و جێهێشتنی وڵات بگرنەبەر، چونکە لەم حاڵەتەدا هەست بە نامۆبوون و پەراوێزخستن و بەشدارینەکردن دەکەن لە پرۆسەکانی بڕیاری سیاسی. لەبەر ئەوە لە ڕوانگەی ئاسایشی نەتەوەیی وا لەم دوو پرسە دەڕوانرێت کە هەردووکیان پێکەوە گرێ دراون و پەیوەندییەکی دیالیکتیکی هەیە لە نێوانیاندا و لەسەر بنەمای خوێندنەوەی ئەزموونی گەشەسەندنی زۆرێك لە وڵاتان، لە ئەوروپاوە بۆ ئاسیا و ئەفریقا و ئەمریکای لاتین ئاماژە بەوە دەکەن کە پاڵپشتیکردنی دامەزراوە بە توانستە ئەکادیمییەکان بووەتە هۆی ئەوەی ئەم دامەزراوانە پێش بکەون. بۆ نموونە، ئەزموونی مالیزیا، کۆریای باشوور و ئیمارات و تا ڕاددەیەك ئەرژەنتین و بەڕازیل و هیندستان و ئەڵمانیا و تەنانەت چین و یابانیش ئەوە پیشان دەدەن کە دامەزراوەکان پاڵپشت بە بنکەیەکی زانستی کاریان کردووە. کاتێکیش دەڵێین توانستە ئەکادیمییەکان ئەوا مەبەست لە زانکۆ و ناوەندەکانی توێژینەوەیە، چونکە ئەرکی زانکۆکان تەنیا ئامادەکردنی دەرچووان نییە، بەڵکو ئەرکێکی دیکەیان بریتییە لە توێژینەوەی ئەکادیمی لە بواری خوێندنی باڵا، وەك دیپلۆمی باڵا و ماستەر و دکتۆرا، ئەم ئەرکەش تەواو دەکرێت لەلایەن ناوەندەکانی توێژینەوە لە بوارە جیاجیاکانی مەعریفەدا، چ لە زانستە مرۆییەکان، یان زانستە پراکتیکییەکان و پزیشکی و ئەندازیاری و کشتوکاڵی و بوارەکانی دیکە. لەسەر ئەم بنەمایە خوێندنەوەی ڕەوڕەوەی مێژوو ئاماژە بەوە دەکات کە پەراوێزخستنی عەقڵە ئەکادیمییەکان دەبێتە هۆی کۆچکردنی ئەم عەقڵانە و وەرگرتنیان لەلایەن وڵاتانی دیکەوە و ئەم کۆچکردنەش ئەنجامی مەترسیداری لێ دەکەوێتەوە لەسەر ئەو کۆمەڵگەیانە. بۆیە بەهێزکردنی ئەم دامەزراوانەش- کە تەنیا مەبەست لە دامەزراوەکانی حکومەت نییە، بەڵکو دامەزراوەکانی کەرتی تایبەت و تێکەڵ و و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و سۆشیال میدیا و زۆر لە بوارەکانی دیکەی پراکتیك و کارکردنە. لەم ڕوانگەیەوە دەبێت ئەم دامەزراوانە سیاسەتی ئەوەیان هەبێت چۆن مامەڵە لەگەڵ توانستە ئەکادیمییەکاندا دەکەن.

**ئەرکی زانکۆکان تەنیا ئامادەکردنی دەرچووان نییە، بەڵکو ئەرکێکی دیکەیان بریتییە لە توێژینەوەی ئەکادیمی لە بواری خوێندنی باڵا، وەک دیپلۆمی باڵا و ماستەر و دکتۆرا**

هەڵبەتە هەنگاوی یەکەم بریتییە لە دەستەبەرکردنی ژێرخان و ژینگەی گونجاو بۆ ئەم توانستە ئەکادیمییانە لە ڕووی یاسا گونجاوەکانی پەیوەست بە بایەخپێدان و هاندانیان و باری دارایی و باری توێژینەوەی ئەم توانستانە کە کار لە دامەزراوەکانی هەر قەوارەیەك دەکەن. بێگومان دەبێت ئەم توانسە ئەکادیمییانەش دیدوبۆچوونی خۆیان هەبێت لە بواری کارکردن لە دامەزراوەکان، چونکە تەنیا کاریان لە نێو زانکۆ و سەنتەرەکانی توێژینەوە نییە، بەڵکو زۆرجار لە دامەزراوەکانی دیکەی حکومەتدا کار دەکەن بە پۆستی ڕاوێژکار و سەرکردەی ڕاوێژکاری و ئەم دامەزراوانە بەڕێوە دەبەن، چ لە ئاستی حکومەت و پەرلەمان و دادگا و چ لە ئاستی سۆشیال میدیا و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی. بۆیە دووپاتی دەکەینەوە کە هەردوولا تەواوکاری یەکترن و هەرچەندە ئاوێتەی یەکتر بن، ئەوا دەرفەتی گەشەکردن زیاتر دەبێت.

**خوێندنەوەی ڕەوڕەوەی مێژوو ئاماژە بەوە دەکات کە پەراوێزخستنی عەقڵە ئەکادیمییەکان دەبێتە هۆی کۆچکردنی ئەم عەقڵانە و وەرگرتنیان لەلایەن وڵاتانی دیکەوە و ئەم کۆچکردنەش ئەنجامی مەترسیداری لێ دەکەوێتەوە**

ئەوەی پەیوەست بێت بە کوردستانەوە ئەوا ئێمە ئەزموونی ٣٠ ساڵ کارکردنی توانستە ئەکادیمییەکانمان هەیە لە دامەزراوەکانی هەرێمدا، ئەگەرچی لە سەرەتادا ژمارەی توانستە ئەکادیمییەکان زۆر کەم بوو و کەسانێك کە بە پەنجەی دەست دەژمێردران هاتنەوە و بەشدارییان کرد لە پێکهێنان و بەڕێوەبردنی دامەزراوەکانی قەوارەی هەرێمی کوردستان و ئەرکێکی قورسیان ڕاپەڕاند، و ئەم توانستە ئەکادیمییانەش پاڵپشت بە هەندێ توانستی سیاسی- کە ئەمانیش لە ڕۆڵی شۆڕشگێڕییەوە هاتنە نێو بواری ڕۆڵی مەدەنییەوە و توانییان ئەم ئەزموونە بنیات بنێن، واتە ئەکادیمییەکان و سیاسییە شۆڕشگێڕییەکان ڕۆڵیان بینی لە بنیاتنانی ئەم قەوارەیە.

٣٠ ساڵ کەم نییە بۆ ئەزموونێك بۆ ئەوەی

شرۆڤەکاری و خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت، ئەگەر بەراورد بکەین ئەوا لە تەنیا دامەزراوەیەکی ئەکادیمی- مەبەست لە زانکۆیە لێرەدا- ئێستا نزیکەی ٤٠ دامەزراوەی ئەکادیمیمان هەیە، لەگەڵ ٢٥ سەنتەری توێژینەوە، کە کەسانی ئەکادیمی کاریان تێدا دەکەن و باری یاساییان جیایە. ئەگەر باس لە دامەزراوەکانی حکوومییش بکەین، ئەوا ئەوانەی پێش ٣٠ ساڵ کە ئاستی مەعریفییان زۆر بەرز بوو و کاریان لە دامەزراوەکانی حکوومیدا دەکرد، ژمارەیان زۆر کەم بوو، بەڵام ئێستا نزیکەی ١٠ هەزار توانستی ئەکادیمی کار لە دامەزراوە جیاجیاکانی حکومەت و پەرلەماندا دەکەن. ئەگەر پرسیارەکەش ئەوە بێت تا چ ڕاددەیەك ئەم دامەزراوانە سوودیان لەم توانستانە وەرگرتووە؟ ئەوا دەبێت وەڵامەکە ئەوە بێت کە کاتێك ئەم توانستانە دێنە نێو ئەم دامەزراوانە ئەوا دەبێت بارێکی یاسایی و کارگێڕی و ئەکادیمی تایبەتیان هەبێت، نەك وەك فەرمانبەری مەسلەکی دیکە سەیر بکرێن، بۆ ئەوەی دەرفەتی کارکردنیان هەبێت.


پێویستە سەرجەم دامەزراوەکانی هەرێم سەنتەری توێژینەوەی ئەکادیمییان هەبێت، لێرەدا مەبەستم سەرۆکایەتیی هەرێم و حکومەتە، لەم ڕووەوە پەرلەمان تا ڕاددەیەك هەنگاوی باشی ناوە، لە ڕووی بوونی سەنتەری توێژینەوەی پەرلەمان و بوونی ژمارەیەکی باش لە ڕاوێژکار، دامەزراوەکانی دیکە لەم ڕووەوە مامناوەندن و پێویستە سەنتەری توێژینەوەیان هەبێت و سوود لە توانستە ئەکادیمییەکان وەربگرن. دەکرێت جگە لە بڕوانامە پێوەری دیکەش لەبەرچاو بگیرێت وەك ئەزمون و ساڵانی خزمەت، جگە لە دڵسۆزی و باوەڕبوون بە بنەما نیشتمانی و نەتەوەییەکان. کەواتە لە ڕوانگەی ئاسایشی نەتەوەییەوە کارێکی پێویستە ئەم توانستانە لە ئامێز بگیرێن لە دامەزراوەکاندا و پێگەی دارایی و یاساییان ڕێك بخرێت.

ئەگەر پرسیار لەوە بکرێت ئایا ئاستی کۆچکردنی توانستە ئەکادیمییەکان بۆ دەرەوە چۆنە؟ ئەوا وەڵامەکە ئەوەیە لە ئاستێکی نزمدایە، چونکە ئەم توانایانە ئەزموونی دەرەوەیان بینیوە و هاتنەوە بۆ ئەوەی خزمەت بکەن و لێرەش تا ڕاددەیەك دەرفەتی ئەوەیان هەیە لە زانکۆ و سەنتەرەکانی توێژینەوە خزمەت بکەن و لەم ڕووەوە دەبێت یاساکان بە شێوەیەك بن کە ئەم توانایانە پتر پەیوەست بکرێنەوە بە وڵاتەوە، چونکە داهاتوومان بەم توانایەوە بەندە. لەم ڕووەوە پێویستە کۆنفرانسێکی نیشتمانی ڕێك بخرێت بۆ توانستە ئەکادیمییەکان و ڕۆڵیان لە دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان، هەروەها دەکرێت وەك قووڵاییەکی ستراتیژی- و بە حوکمی ئەوەی لە دەوڵەتێکی فیدراڵیدا دەژین- سوود لە توانستە ئەکادیمییەکان وەربگرین لە نێو دامەزراوە جیاجیاکانماندا. ئەوەی لێرەدا زیاتر مەبەستمە دامەزراوەی ئەمنی و بەرگرییە لە هەرێمی کوردستاندا، چ لە ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێم، یان لە وەزارەتی پێشمەرگە، کە پێویستە دامەزراوەیەکی نیشتمانییان هەبێت، بۆ ئامادەکردنی توانست و کادری ئەکادیمی لەم بوارە، واتە لە بواری سەربازی و بەرگری و ئاسایش، کە لە زۆرێك لە دەوڵەتەکانی دونیا ئەم ئەزموونە بەدی دەکرێت. واتە پێشنیاری دامەزراندنی زانکۆیەکی کوردستانی بۆ دیراساتی ئەمنی و بەرگری دەکەین، لەگەڵ سەنتەری توێژینەوەی ئەکادیمی بۆ دیراساتی ئەکادیمی و بەرگری لە هەرێمی کوردستاندا، کە کاریان تەنیا توێژینەوە نەبێت بەڵکو ئامادەکردنی کادری ئەمنی و بەرگریش بێت بۆ دامەزراوە پەیوەندیدارەکان بەم بوارانەوە. هەروەها سیاسەتە ئابوورییەکانیش گرنگن، چونکە جیا ناکرێنەوە لە سیاسەتی ئاسایشی نەتەوەیی، هەروەها سیاسەتەکانی پەیوەست بە پەروەردە و تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی و کشتوکاڵ و گەشتیاری و دامەزراوەی هەرە گرنگیش لەم ڕووەوە بریتییە لە دامەزراوەی پەیوەست بە وزە، چ لە کارەبا و چ لە نەوت و غازی سرووشتی و دەبێت ئەمانەش زیاتر پشت بە توانستە ئەکادیمییە لۆکاڵەکان ببەستن، چونکە زۆرجار توانستە دەرەکی و بیانییەکان تێچوونێکی زۆر دەکەون لەسەر کوردستان و زۆرجاریش ئەم کەسانە دڵسۆز نابن، واتە ئەم کەسانە زیاتر لەو ڕوانگەیەوە سەیر دەکەن کە لە ڕووی داراییەوە چەند سوودمەند دەبن لەو خزمەتگوزارییانەی پێشکەشیان دەکەن.

**ئێستا نزیکەی ٤٠ دامەزراوەی ئەکادیمیمان هەیە، لەگەڵ ٢٥ سەنتەری توێژینەوە، کە کەسانی ئەکادیمی کاریان تێدا دەکەن**

**ئێستا نزیکەی ١٠ هەزار توانستی ئەکادیمی کار لە دامەزراوە جیاجیاکانی حکومەت و پەرلەماندا دەکەن**

**پەرلەمان تا ڕاددەیەک هەنگاوی باشی ناوە، لە ڕووی بوونی سەنتەری توێژینەوەی پەرلەمان و بوونی ژمارەیەکی باش لە ڕاوێژکار، دامەزراوەکانی دیکە لەم ڕووەوە مامناوەندن و پێویستە سەنتەری توێژینەوەیان هەبێت و سوود لە توانستە ئەکادیمییەکان وەربگرن**



د. عەبدولحسێن شەعبان بیرمەندی عێراقی:

# لە عێراق، سووریا، لوبنان و فەلەستین بە هۆکاری سیاسی ٢-٤ ملیۆن کریستیان ناچاری کۆچکردن کراون

# کریستیانەکان گەلی ڕەسەنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستن و حەزرەتی مەسیح لە فەلەستین لە دایک بووە

**د. عەبدولحسێن شەعبان بیرمەندی ناسراوی عێراقی یەکێکە لەو ڕۆشنبیرانەی کە خۆی بە دۆستی هەموو نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی عێراق و وڵاتانی عەرەبی دەزانێت، بەردەوامیش لە پایتەختی هەرێمی کوردستان و پایتەختەکانی دیکەی وڵاتانی عەرەبی سەرقاڵی بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیریی پێکەوەژیان و لێبووردەییە، هەفتەی ڕابردوو بۆ پێشکەشکردنی کۆڕێک سەبارەت بەوەی «بۆچی کریستیانەکان دەکرێنە ئامانج؟» سەردانی هەرێمی کوردستانی کرد و لە سەنتەری ئەکادیمیای کۆمەڵایەتی لە هەولێر- عەنکاوە، ئەم کۆڕەی پێشکەش کرد. گۆڤاری گوڵان کە بە فەرمی لەلایەن بەڕێزیان بانگهێشت کرابوو، ئامادەی کۆڕەکە بوو. لە بەر گرنگیی بابەتەکە پوختەی کۆڕەکە بڵاو دەکاتەوە.**

د. عەبدولحسێن شەعبان سەرەتا جەختی لەوە کردەوە کە دەیەوێت «لە سۆنگەی هاوئاهەنگی و مرۆییەوە» بدوێت و هەر لەو بارەیەوە گوتی: «نامەوێت لێرە باس لە مەینەتی و ڕەوشی کۆمەڵایەتیی کریستیانەکان بکەم، خۆیان لە من زیاتر ئاگایان لێیە و ڕاستەوخۆ تاڵی و مەینەتییان چەشتووە. هەروەها نامەوێ لە ڕووی موجامەلە و پێداهەڵدان، یان لەو سۆنگەوە کە مەبەست هاندان و جۆشدانیان بێت بۆ کاردانەوەیەک، من ئێستا لە نێو کۆمەڵێک برای ڕۆشنبیر و شارەزا و ئاگاداری دۆخەکە دانیشتووم، بۆیە لە سۆنگەی هاوئاهەنگی و مرۆییەوە دەدوێم، هاوکات باس لە ڕەوشی کریستیانەکان دەکەم لە ڕووی ویژدانەوە و ئەو فاکتەرانەی کە بوونەتە هۆکاری بەئامانجگرتن و چەوساندنەوەیان، کە ئەمە پەیوەندیی هەیە بە مەینەتی و ستەملێکردنی کریستیانەکانی عێراق و عەرەبیش بە شێوەیەکی گشتی، بە تایبەتی هەموو سیفەت و خەسڵەتەکانی هاووڵاتیبوون، هاووڵاتیبوون بێ ئازادی نابێت، بەتایبەتی ئازادیی ڕادەربڕین، هەروەها بێ یەکسانیش نابێت، هاووڵاتیبوونی ڕاستەقینەش بێ دادپەروەری نابێت، بە تایبەتیش دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، لە هەموویان گرنگتر هاووڵاتیبوون بێ شەراکەت و بەشداریی ڕاستەقینە لە یەک نیشتماندا سەرکەوتوو نابێت، لەبەر ئەوەی هەموویان شەریکن لەم نیشتمانە، چونکە لەسەر ئەم خاکە لە دایک بوون و سیفەتی هاووڵاتیبوونیان پێ براوە، بۆیە شەراکەت بە واتای بەشداریکردنە لە بڕیار و پرسە چارەنووسسازەکان».

**هاووڵاتیبوون بێ شەراکەت و بەشداریی ڕاستەقینە لە یەک نیشتماندا سەرکەوتوو نابێت**

لە بەشێکی دیکەی کۆڕەکەدا و سەبارەت بە ناچاربوونی کریستیانەکان بۆ ئەوەی پەنا بۆ کۆچ بەرن و وڵاتی خۆیان بەجێبهێڵن ڕاشکاوانە گوتی: «خۆم وەک هاووڵاتییەکی عێراقی و عەرەب هاوئاهەنگم لەگەڵ ئەو مەینەتی و کارەساتانەی بە سەر کریستیانەکانی ڕۆژهەڵاتدا هاتوون، (٧٠٠) هەزار هاووڵاتی کریستیان بە هۆی شەڕی ناوخۆوە لە لوبنان کۆچیان کردووە، مەبەستیش لەمەدا چۆڵکردنی ناوچەکە بووە لە کریستیان وەک پێکهاتەیەکی گرنگی لوبنان، ژمارەی کریستیانەکانی سووریا زیاتر لە ١٦٪ی کۆی کۆمەڵگەی ئەو وڵاتە بووە، بەڵام ئەمڕۆ ژمارەیان لە ٦٪ی هاووڵاتیانی سووریا کەمترە، ژمارەی کریستیانەکانی فەلەستین لە ٢٠٪ی دانیشتووانی ئەو وڵاتە زیاتر بووە، تەنیا ژمارەی

**(٧٠٠) هەزار هاووڵاتی کریستیان بە هۆی شەڕی ناوخۆوە لە لوبنان کۆچیان کردووە**

**ژمارەی کریستیانەکانی سووریا زیاتر لە ١٦٪ی کۆی کۆمەڵگەی ئەو وڵاتە بووە، بەڵام ئەمڕۆ ژمارەیان لە ٦٪ی هاووڵاتیانی سووریا کەمترە**

کریستیانەکان لە قودس (٥٠) هەزار کەس بوو، پێش داگیرکاریی ئیسرائیل لە ساڵی ١٩٤٧، بەڵام ئێستا تەنیا (٥) هەزاریان لێ ماوەتەوە، با بێینە سەر عێراق ژمارەی کریستیانەکان بە پێی هەندێ ئاماری نافەرمی و پێش داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمریکاوە، ژمارەیان یەك ملیۆن و(٢٠٠) هەزار هاووڵاتی کریستیان بوو، بەڵام ئێستا پێم وایە بەپێی هەر ئەو ئامارە نافەرمییە ناگاتە (٣٠٠) هەزار، ئەمەش بە چەند قۆناغێك بوو، هەروەها قۆناغێکی دیکەی سەردەمی سەپاندنی گەمارۆی ئابووریی سەر عێراق بوو لە ١٩٩٠ تا ٢٠٠٣ بە هۆی سەرکێشیی عێراق بە داگیرکردنی کوێت لە لایەن ڕژێمی ئەو کاتەوە، بەڵام چوارەم قۆناغ کە لە هەموویان زیاتر ئامانجدار بوو، ئەویش دوای ساڵی ٢٠٠٣ بوو، هەر لە بەسراوە تا کەرکووك و مووسڵ، هاوکات سەرتاپای دەشتی نەینەوای گرتەوە، ئەمەش دوای ئەوەی کە داعش دەستی بە سەر سێ یەکی خاکی عێراقدا گرت و کریستیانەکانی ناچار دەکرد، یان بە زۆر ببن بە موسڵمان، یان سەرانە بدەن، یانیش دەکوژرێن، بۆیە سەدان هەزار هاووڵاتی کریستیان ناچار بوون کۆچ بکەن، چونکە داعشەکان دژی هەموو ئەو کەسانە بوون کە لەگەڵ بیروباوەڕی ئەوان نەدەگونجان، چ موسڵمان، یان کریستیان، یان ئێزدی، ئەمەش بە بەرنامە بوو، یەکەم جار ئاوارەبوونیان دواتر کۆچ و چوونە دەرەوە، ئامانجیش لەمەدا ڕیشەکێشکردنی کریستیانەکان بوو لە عێراق.

**ئیسلام هەوڵی نەداوە بە زۆر کریستیانەکان بکاتە موسڵمان و کریستیان و موسڵمان ئارەزوومەندانە پێکەوە ژیاون**

د.عەبدولحسێن شەعبان سەبارەت بە مێژووی پێکەوە ژیانی کریستیان و موسڵمانان سەرەتا باسی لەوە کرد کە «ئیسلام هەوڵی نەداوە بە زۆر کریستیانەکان بکاتە موسڵمان و کریستیان و موسڵمان ئارەزوومەندانە پێکەوە ژیاون». هەر لەو بارەیەوە گوتی: «کاتێ ئیسلام هات، کریستیانەکان لەگەڵ موسڵماناندا پێکەوە دەژیان، ئەم پێکەوە ژیانەش ئارەزوومەندانە بووە، کەس لە کریستیانەکان بە تۆبزی نەکراوە بە ئیسلام، لە ڕاستیدا ئەوان پێش موسڵمانایش لەم وڵاتە بوون، ئەوان هاووڵاتی ڕەسەنن، وەك ئاگاداریشن بڕیارێك لە ساڵی ٢٠٠٧ لە نەتەوە یەکگرتووەکان دەرچوو، باس لە مافەکانی گەلە ڕەسەنەکان دەکات، کریستیانەکانیش یەکێکن لە گەلانی ڕەسەنی ڕۆژهەڵات و ئەوان کەمینە نین، بۆیە کەمینە و زۆرینە بە ژمارە و دەنگ حیساب ناکرێن، ئەوان لە حزبێکی دیاریکراوی سیاسی، یان پەرلەمانێك نین تا بڵێین زۆرینەن، یان کەمینەن، ئەمە چ بۆ ئایینەکان و چ بۆ نەتەوەکان وایە و بە زۆرینە و کەمینە حیسابیان بۆ ناکرێت، هاوکات بۆ زمانیش هەر وایە، بڵێین ئەم زمانە هی کەمینەیە و ئەوی دیکە هی زۆرینەیە، چونکە فرەزمانی و فرەئایینی و فرەنەتەوەیی هەیە، مادامەکی مەسەلەکە پەیوەستە بە مافی هاووڵاتیبوون. حەزرەتی مەسیح لە «بەیت لەحم – فەلەستین» لەدایك بووە، کەواتە ئەوان ڕۆژهەڵاتین، ئەدی بۆچی دەڵێن کریستیانەکان تابووری پێنجەمن، یان لاوازن لە نیشتمانپەروەریدا و ملکەچی ڕۆژئاوان، لە کاتێکدا ڕەسەنن لەم وڵاتەدا؟».

**بڕیارێك لە ساڵی ٢٠٠٧ لە نەتەوە یەکگرتووەکان دەرچوو، باس لە مافەکانی گەلە ڕەسەنەکان دەکات، کریستیانەکانیش یەکێکن لە گەلانی ڕەسەنی ڕۆژهەڵات و ئەوان کەمینە نین**

د.عەبدولحسێن شەعبان سەبارەت بەو هۆکارانەی دەبنە هاندەر بۆ ئەوەی دەمارگیریی شۆڤێنی و ئایینی بگاتە ئەو ئاستەی کریستیانەکان بکاتە ئامانج، بە شێوەیەکی فیکری و فەلسەفی ڕیشەکەی دیاری کردو گوتی: «کەواتە چی وا لە ئادەمیزاد دەکات، ستەم و چەوسانەوە بەرانبەر بە خەڵکانێك بکەن کە لەگەڵیان ژیاون و خۆشی و ناخۆشییان لەگەڵدا بەش کردوون، بێن ئاوا بەم شێوە دڕندانە مامەڵەیان لەگەڵدا بکەن، کە هەموو یاسا نێودەوڵەتییەکان و ناوخۆیی و مرۆییەکان ڕەتی دەکەنەوە. ئەوانە تاوانی دژی مرۆڤ پەیڕەو و پیادە دەکەن، ئەمە هەمووی هۆکارەکەی ئەوەیە کە دەمارگیریی نێو کۆمەڵگەی عێراقی تا ئێستا هەر درێژەی هەیە، سەردەمی جەنگ و گەمارۆی ئابووری و ئەو ساڵانەی کە میللەت بە دەست دیکتاتۆر و تاکڕەوییەوە دەینالاند، ئەمانە ئەو دەمارگیرییەیان قووڵتر کردووەتەوە و پاساویان داوەتە دەست ئەوانەی ئەم سیاسەتە نامرۆڤایەتییە پەیڕەوە دەکەن، چونکە دەمارگیری تەنیا پەڕگیری و توندڕەوەی بەرهەم دێنێت، بۆیە ئەگەر بیرۆکەکە لە مێشکەوە بوو بە کردار، بێگومان پەڕگیری لێ دەکەوێتەوە، هەروەها ئەم پەڕگیرییەش توندوتیژی بەدوادا دێت، بۆیە دواجار ئەگەر لە سنوور دەرچوو و

**دەمارگیریی نێو کۆمەڵگەی عێراقی تا ئێستا هەر درێژەی هەیە، سەردەمی جەنگ و گەمارۆی ئابووری و ئەو ساڵانەی کە میللەت بە دەست دیکتاتۆر و تاکڕەوییەوە دەینالاند، ئەمانە ئەو دەمارگیرییەیان قووڵتر کردووەتەوە**

متمانـەی نێـوان دەوڵـەت و هاووڵاتـی لاواز بـوو، هەروەهـا متمانـەی نێـوان دەوڵـەت و کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی لاواز بـوو، ئـەو کاتـە تیـرۆری نێودەوڵەتـی لـێ بەرهـەم دێـت، بۆیـە دەبینیـن لـە عێراق و سووریا و وڵاتانی دیکە ئەم ئەنجامـەی بـەدوادا هـات». گوتیشـی: «ڕەنگـە ئەوانـەی دەیانەوێـت زیاتـر کریسـتیانەکان پاکتـاو بکـەن، ئامانجیـان ئـەوە بێت ناوچەکـە لـە فرەنەتەوەیـی و فرەئایینی چۆڵ بکەن، وەك ئەوەی کە لە عێراق ڕووی دا بەرانبـەر بـە جـوو، کـە ئـەوان ژمارەیـان (١٢٥) هـەزار هاووڵاتـی دەبـوو لـە عێـراق بـە

ناکۆکییەکـە دەربـارەی بەهاکانـی ئاسمانە، بـەڵام لـە ڕاسـتیدا ناکۆکییـەکان لەسـەر خاکـە، لەسـەر ئەوانەیـە کـە خاکیـان داگیـر کـردووە و مافەکانیان زەوت کـردووە، ئەوانـەی ناوچەکـە لـە کۆمەڵانـی ڕۆشـنبیری چـۆڵ دەکـەن».

سـەبارەت بـە ناوهێنانـی نەتـەوەو ئایینـە جیـاوازەکان بـە کەمینـە، یـان پێکهاتـە، کۆڕگێـڕ ئـەم دەسـتەواژانەی ڕەت کـردەوە و گوتـی: «مـن بـڕوام بـە کەمینـە نییـە، چونکـە خۆبەزلزانیـن و دەسترۆیشـتووییە لـە لایەنێکـەوە، بەرانبـەر ملکەچـی و کۆیلەبـوون لـە لایەنەکـەی دیکـەوە،

**بڕوام بە کەمینە نییە، چونکە خۆبەزلزانین و دەسترۆیشتوویيە لە لایەنێکەوە، بەرانبەر ملکەچی و کۆیلەبوون لە لایەنەکەی دیکەوە**



یاسـای ژمـارە(١)ی سـاڵی ١٩٥٠ بـە کۆمـەڵ کۆچیـان پـێ کـرا، بـەڵام هـۆکاری ئـەوەی کـە کریستیانەکان دەکرێنە ئامانج ئەوەیە تا بگوترێت موسـڵمانان نایانەوێـت لەگـەڵ کریسـتیانەکاندا پێکـەوە بژیـن، ئەمـەش لـەو ناوچەیـە پەیـڕەو دەکرێـت تـا بڵێـن ململانێـی (ئاییـن – ئایین)ـە، واتـا ململانێی نێوان ئیسلام و مەسیحییەت، یان نێـوان ئیسـلام و یەهوودییـەت، ئەمـەش هەمـووی بـە بەرنامەداڕێـژی کـراوە و بەردەوامیشـە، دیـارە ئـەو ململانێیانـەش سـڕینەوەو فەرامۆشـکردنن و دژی پێکـەوە ژیانـن، ڕەنگـە بڵێـن جیـاوازی و

بۆیـە مـن دەڵێـم کۆمەڵانـی ڕۆشـنبیری، دەسـتووری عێـراق لـە جیاتـی وشـەی کەمینـە زاراوەی (پێکهاتـە)ی بەکارهێنـاوە بـە فێـڵ، ئەمـەش نیازخراپـی و مەرامێکـی شـۆڤینی تێـدا بـەدی دەکرێـت، دووجـار لـە دیباجـەی دەسـتوورەکەدا نـاوی (پێکهاتـە) هاتـووە، هەروەهـا لـە ماددەکانـی(٩، ١٢، ٤٩، ١٢٥، ١٤٢) وشـەی (پێکهاتـە) هاتـووە، ئەمـەش واتـا دابەشـکردنی کۆمەڵگـەی عێـراق لـە نێـوان نەتـەوە و ئاییـن و ئایینزا و تایفەدا، واتا ناسنامەیەکی یەکگرتووی عێراقـی لـە ئـارادا نییـە».

**دەستووری عێراق لە جیاتی وشەی کەمینە زاراوەی (پێکهاتە)ی بەکارهێناوە بە فێڵ، ئەمەش نیازخراپی و مەرامێکی شۆڤینی تێدا بەدی دەکرێت، دووجار لە دیباجەی دەستوورەکەدا ناوی (پێکهاتە) هاتووە**




## کەریم سلێمان

بریکاری وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو بۆ گوڵان:

# ١٣ بەنداو لە هەرێمی کوردستان دروست دەکرێن و هەنگاوەکانی بەپیشەسازیکردنی بەرهەمی کشتوکاڵی دەستی پێ کردووە

**وشکەساڵی و هەنگاوەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی و پرۆژەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، تەوەرەکانی دیدارێکی گۆڤاری گوڵان بوو لەگەڵ کەریم سلێمان بریکاری وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، لێرەدا پوختەی وتەکانی بڵاو دەکەینەوە.**

*** زۆر باس لە وشکەساڵی و مەترسییەکانی دەکرێت، ئێوە لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، تا چەند وشکەساڵیی ئەمساڵ بە مەترسی دەزانن، بۆ ئەگەری دروستبوونی قەیرانی ئاو و کاریگەری لەسەر کەرتی کشتوکاڵ؟**

- وشکەساڵی بە مەترسییەکی گەورە دادەنرێت بۆ سەر ژیان و بژێویی هاووڵاتیان و کەمبوونەوەی ئاوی خواردنەوە، کاریگەریی خراپیشی لەسەر کەرتی کشتوکاڵ و گرانبوونی نرخی خۆراك و میوەجات و تەنانەت مەترسیی تەشەنەکردنی چەندین حاڵەتی نەخوازراوی تەندروستی هەیە. ڕاستە هەرێمی کوردستان خاوەنی چەند سەرچاوەیەکی ئاوە، بەتایبەتی ئاوی سەر زەوی و ژێر زەوی، کە ڕۆڵی لە کەمکردنەوەی شوێنەوارەکانی وشکەساڵیدا هەیە، بەڵام ئەم دوو سەرچاوەیەش دوچاری گرفت و مەترسییەکی ڕاستەقینە بوونەتەوە، بە هۆی کەمبوونەوەی بارانبارین و گۆڕانی ڕیتم و شێوازی بارانبارین، خۆ ئەگەر باسی ئاوی ژێر زەوی بکەین، ئەوا لە هەندێك شوێنی هەرێمی کوردستاندا ئاستی ئاوی ژێر زەوی ١٠٠-٢٠٠ مەتر دابەزیوە، بەداخیشەوە لە هەرێمی کوردستان بە هۆی کەمی، یان تێکچوونی ژێرخانی پرۆژە ئاودێرییەکان و سوودوەرنەگرتنی تەواو لە ئاوی ڕووبار و زێیەکان، حاڵەتێکی وا دروست بووە کە زیاد لە پێویست پشت بە ئاوی ژێر زەوی ببەسترێت، بەمەش نەك تەنیا کەرتی کشتوکاڵ لە بەردەم مەترسییەکی ڕاستەقینەدایە، بەڵکو ئەگەری قەیرانی ئاوی خواردنەوەش لە هەندێك ناوچە و شوێن هەیە، تەنانەت بە هۆی شەڕ و بڕینی بودجە و قەیرانی داراییەوە نەمانتوانیوە لەسەر ئاوی ڕووبار و زێیەکانیش بەنداوی گەورە و زۆر دروست بکەین و ئاوی باران و زێ و ڕووبارەکان ئەمبار بکەین. ئەو بەنداوانەی کە هەشن وەکو بەنداوەکانی دووکان و دەربەندیخان و دهۆك و چەند بەنداوێکی دیکە، لەوانیش ئاستی ئاو دابەزیوە. هەرچی سەرچاوەی سێیەمی ئاوی خواردنەوەیە کە بارانبارینە، ئەمیش بە هۆی تێکچوونی ڕیتمی بارانبارین و شێوازی بارانبارینەکە و جیاوازی لە نێوان ناوچەکانی کوردستاندا دوچاری گرفت بووەتەوە، لەگەڵ ئەمانەشدا بارودۆخی کوردستان گەلێك باشترە لە ناوچەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق و ئێرانیش، ئێمە لە شاری شیراز لە وڵاتی ئێران بەشداریمان لە پێشانگەیەکی کشتوکاڵیدا کرد، لە دیدار و گفتوگۆکاندا جەختیان لەسەر ئەوە دەکردەوە کە بارودۆخی هەرێمی کوردستان زۆر باشترە لە بارودۆخی ئەو وڵاتە.

*** باسی جیاوازیی وشکەساڵیت کرد لە هەرێمی کوردستان، تەنانەت بەوەی لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە ئەم مەترسییە جیاوازە، دەکرێت بزانین وشکەساڵییەکە زیاتر چ ناوچەیەکی گرتووەتەوە؟**

- لە سەرەتای قسەکانمدا باسی گۆڕانی ڕیتمی بارانبارین و دابەزینی ئاوی ژێر زەویم کرد، ئەمەش لە ناوچە و دەڤەرێکەوە بۆ ناوچە و دەڤەرێکی دیکە جیاوازە، بۆ نموونە هەندێك ناوچە هەیە وەکو گەرمیان و زۆر لە دەڤەری دەشتی هەولێر و سمێل لە دهۆك،

**ڕێزدار مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە چارەسەرکردنی کێشەی گەنمی جووتیاران و پێدانی شایستە داراییەکانیدا هەنگاوی گرنگی ناوە**

**ڕاستە هەرێمی کوردستان خاوەنی چەند سەرچاوەیەکی ئاوە، بەتایبەتی ئاوی سەر زەوی و ژێر زەوی، کە ڕۆڵی لە کەمکردنەوەی شوێنەوارەکانی وشکەساڵیدا هەیە، بەڵام ئەم دوو سەرچاوەیەش دوچاری گرفت و مەترسییەکی ڕاستەقینە بوونەتەوە**

**لە هەرێمی کوردستان بە هۆی کەمی، یان تێکچوونی ژێرخانی پرۆژە ئاودێرییەکان و سوودوەرنەگرتنی تەواو لە ئاوی ڕووبار و زێیەکان، حاڵەتێکی وا دروست بووە کە زیاد لە پێویست پشت بە ئاوی ژێر زەوی ببەسترێت**

کاریگەرییەکانی وشکەساڵی لە سەریان زۆرن، لە کاتێکدا زۆر ناوچەی دیکەی وەکو ناوچە شاخاوییەکان و دەشتەکانی ئاکرێ و شێخان و حەریر و زۆر ناوچەی دیکە لە سلێمانی ئاست و ڕیتمی بارانبارینی تێدا باش بووە، بەشێوەیەکی گشتی ئاستی بارانبارین لە پارێزگاکانی کوردستاندا لە سلێمانی و هەڵەبجە باش بووە و، هەولێر پلە دوو بووە و پارێزگای دهۆك بە پلەی سێ هاتووە.

*** کاریگەرییەکانی وشکەساڵی و تێکچوونی ڕیتمی بارانبارین لەسەر کەرتی کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستاندا چۆن بووە؟**

- بێگومان کاریگەرییەکانی وشکەساڵی لەسەر کەرتی کشتوکاڵ و بەتایبەتی بەرهەمی گەنم زۆر بووە، چونکە لە چاندنی گەنمدا بە شێوەیەکی زۆر بەربڵاو پشت بە بارانبارین دەبەسترێت، بەتایبەتی لە ئەمساڵدا کە قەیرانی گەنم بە هۆی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیاوە لە جیهاندا هەیە و، زۆر لە وڵاتانی جیهان وەکو هیندستان بڕیاری ڕاگرتنی ناردنە دەرەوەی گەنمیان داوە، لەگەڵ ئەمەشدا هەرێمی کوردستان تا ڕاددەیەکی باش گەنمی لێ بەرهەم هاتووە و، ژمارەیەکی زۆری جووتیاران گەنمی خۆیان تەسلیمی سایلۆکانی هەرێمی کوردستان کردووە.

*** بۆ ئەمساڵ گەنمی جووتیاران لە هەرێمی کوردستان چۆن وەردەگیرێت؟**

- لە ئەمساڵدا بە دوو شێوە گەنم لە جووتیاران وەردەگیرێت، لە ڕێگەی ئەو سایلۆیانەی کە لە هەرێمی کوردستان هەیە، هەروەها لە ڕێگەی وەزارەتی بازرگانیی عێراقەوە، زۆربەی سایلۆکانی کوردستان بەڕێوەبردن و وەرگرتنی گەنم تێیدا سەر بە وەزارەتی بازرگانیی عێراقە، بڕیاریش دراوە شایستە داراییەکانی ئەوان دوا نەخرێن، هەروەکو چۆن لە ساڵانی ڕابردوودا هاتنی شایستە داراییەکانی جووتیاران دوا دەکەوتن، بە خۆشحاڵییەوە بۆ ئەمساڵ بەڕێز وەزیری بازرگانی و پیشەسازیی هەرێمی کورستان ڕایگەیاند کە پارەی گەنمی جووتیاران حازرە.

ڕێزدار مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی



هەرێمی کوردستان لە چارەسەرکردنی کێشەی گەنمی جووتیاران و پێدانی شایستە داراییەکانیدا هەنگاوی گرنگی ناوە، چ لە ڕووی بەهێزکردنی ژێرخانی سایلۆکانەوە کە پرۆژەی چەند سایلۆیەك لە هەرێمی کوردستان جێبەجێ کرا، چ لە ڕووی وەرگرتنی گەنمی جووتیارانەوە بێت لەلایەن هەر دوو کۆمپانیای قەیوان و خۆشناو، لە ئێستادا سایلۆی هەولێر و سلێمانی ئامادەیە گەنم وەربگرێت، هەرچی گەنمی پارێزگای دهۆکیشە ئەو دوو کۆمپانیایە ئامادەییان دەربڕیوە بۆ وەرگرتنی بەرهەمی ئەو پارێزگایەش بە هەمان نرخی وەرگرتنی گەنمی جووتیاران لەلایەن حکومەتی عێراقەوە کە ٨٥٠ هەزار دینارە بۆ هەر تەنێك گەنم و ٨٨٠ هەزار دیناریش بۆ گەنمی پلە یەك کە دەبێتە بنە تۆ بۆ چاندن و، پارە و مافی جووتیاریش ڕاستەوخۆ دەدرێت.

ئێمە لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو پاڵپشتی و هاوکارییەکانی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران بەرز دەنرخێنین، بە تایبەتی لە بواری بونیاتنانی ژێرخان و چارەسەرکردنی وەرگرتن و پێدانی شایستەکانی جووتیاران بە ڕاستەوخۆیی.

*** زۆر باس لە گۆڕینی کەشوهەوا و تێکچوونی ژینگە و گۆڕانکارییەکانی لەسەر ئاستی جیهان و، بەتایبەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکرێت، ئەم گۆڕانکارییە تاچەند جێگای مەترسییە و، ئێوە لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو تاچەند ئامادەکاریتان کردووە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی شوێنەوارەکان و خۆگونجاندن لەگەڵ ئەم دۆخە نوێیە؟**

- یەکێك لە تەحەددییەکانی بەردەم کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی گۆڕانکارییەکانی

**بە هۆی شەڕ و بڕینی بودجە و قەیرانی داراییەوە نەمانتوانیوە لەسەر ئاوی ڕووبار و زێیەکانیش بەنداوی گەورە و زۆر دروست بکەین و ئاوی باران و زێ و ڕووبارەکان ئەمبار بکەین**



**زۆر لە وڵاتانی جیهان وەکو هیندستان بڕیاری ڕاگرتنی ناردنە دەرەوەی گەنمیان داوە، لەگەڵ ئەمەشدا هەرێمی کوردستان تا ڕاددەیەکی باش گەنمی لێ بەرهەم هاتووە و، ژمارەیەکی زۆری جووتیاران گەنمی خۆیان تەسلیمی سایلۆکانی هەرێمی کوردستان کردووە**

ژینگە و کەشوهەوایە، وشکەساڵییش یەکێکە لەو شوێنەوارانەی کە چەندین کاریگەریی خراپی لێ کەوتووەتەوە، عێراق و هەرێمی کوردستانیش بەدەر نییە لەم تێکچوونی ژینگەییە کە گۆڕانکاریی لە ئاستی بارانبارین و شێوازی بارانبارینەکە و کاریگەرییەکانی لەسەر کەرتی کشتوکاڵ توندە، لە کاتێکدا حکومەتەکانی دونیا و کۆمەڵگەکان دەبێت ئاسایشی خۆراکی خۆیان زامن بکەن و بە درێژایی ١٢ مانگی ساڵ خۆراك و خواردەمەنی بۆ کۆمەڵگە و هاووڵاتیانیان دابین بکەن و، چیتر ئەوەندە پشت بە هێنانی خۆراك لە دەرەوەی سنوورەکان نەبەسترێت. خۆ ئەگەر هەموو سنوورەکانیش

*** یەکێك لە هەوڵەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەڵگرتنی باج بوو لەسەر ژمارەیەك ماددەی خۆراکی، بە مەبەستی ڕێگرتن لە بەرزبوونەوەی نرخەکانی، تا چەند ئەم هەنگاوە گرنگ بوو، بەتایبەتی لەم قۆناغەدا کە لەسەر ئاستی جیهان بەرزبوونەوەی نرخی ماددە خۆراکییەکان گرفتی گەورەی دروست کردووە؟**

- هەڵگرتنی باج لەسەر ژمارەیەك لە ماددە خۆراکییە سەرەکییەکانی هاووڵاتیان کاریگەریی زۆر باشی لەسەر هاوکاریکردنی خەڵك بووە، بەوەی چیتر زیاتر نرخەکانیان لە بازاڕەکانی کوردستان و عێراقیشدا گران نەبێت، ئەمەش بۆ خەمخۆری و لە نزیکەوە ئاگاداریی سەرۆکی




**زۆربەی سایلۆکانی کوردستان بەڕێوەبردن و وەرگرتنی گەنم تێیدا سەر بە وەزارەتی بازرگانیی عێراقە، بڕیاریش دراوە شایستە داراییەکانی ئەوان دوا نەخرێن، هەروەکو چۆن لە ساڵانی ڕابردوودا هاتنی شایستە داراییەکانی جووتیاران دوا دەکەوتن**

داخرێن، دەبێت حکومەت بتوانێت بۆ ماوەی ١٢ مانگ ماددە خۆراکییە سەرەکییەکانی میللەتی خۆی دابین بکات. ئەم حاڵەتە لە عێراق کێشەیەکی گەورەیە، بەتایبەتی قەبارەی ئاستی ئەمبارکردنی سایلۆکانی بۆ گەنم لە ئاستی پێویست نییە و، تەنانەت ناتوانێت ئەمبارەکان و سایلۆکانی بۆ ١٢ مانگی ساڵ دابینی بەشەخۆراکی پسوولەی هاووڵاتیان بکات، لە کاتێکدا لە هەرێمی کوردستان باردۆخەکە باشترە، بەتایبەتی لەگەڵ دروستکردنی ژمارەیەك سایلۆ.

حکومەتی هەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە، کە لە نزیکەوە ئاگاداری کێشەکان و خێرا چارەسەرکردنیەتی، چونکە لە ئێستادا زۆر لەو ماددە خۆراکییانە لە سەرچاوەی بەرهەمهێنانیەوە بە هۆی قەیرانی خۆراك لە جیهاندا نرخەکانی ڕووی لە هەڵکشان کردووە، تەنانەت باج لەسەر گەلێك سەوزە و میوەجاتیش هەڵگیراوە.

*** وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو ژمارەیەك بەنداو دروست دەکات، تا چەند لە ڕووی پراکتیکییەوە دروستکردنی بەنداوەکان چووەتە قۆناغی جێبەجێکردنەوە؟**

- بەنداوەکان بە پرۆژەی ستراتیژی و گەورە دادەنرێن، بە خۆشحاڵییەوە لەم کابینەیەدا هەنگاوی جددی و بەپەلە نراوە بۆ دروستکردنی ژمارەیەك بەنداوی گرنگ، نەك تەنیا بۆ ئەمبارکردنی ئاو، بەڵکو بۆ دروستکردنی پرۆژەی ئاودێرییش بۆ بووژانەوەی کەرتی کشتوکاڵ. لە ئێستادا بۆ تەواوکردنی ١٣ بەنداو نزیکەی ١٣ ملیار دینار تەرخان کراوە و کارکردن لە بەنداوەکاندا لە ئاستی جیاوازدایە، بۆ نموونە بەنداوی خنس لە تەواوبوون نزیکە و ژمارەیەك بەنداوی دیکەش لە گەرمیان و هەولێر و ناوچە جیاجیاکانی کوردستان ئاستی جێبەجێکردنی کار تێیدا جیاوازە، ئێمە لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو بە گرنگییەوە دەڕوانینە تەواوکردنی ئەم بەنداوانە و، بەردەوام لە هەوڵی دابینکردنی پارەی پێویستین بۆ ئەو بەڵێندەرانەی کار لەسەر دروستکردنی ئەم بەنداوانە دەکەن، ئەمەش لەو ستراتیژییەوە هاتووە کە دروستکردنی بەنداو ئاسایشی ئاو دەپارێزێت و ڕۆڵی گەورەی بۆ دابینکردنی ئاوی خواردنەوە و بووژانەوەی کەرتی کشتوکاڵ هەیە، لە لایەکی دیکەوە بە سیستمی هاوبەشیکردنی نێوان کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت بڕیارە چەند بەنداوێکی دیکە بێنە دروستکردن و، لە ئێستادا جەخت لەسەر دروستکردنی بەنداوێك دەکەینەوە لەسەر زێی گەورە، کە ئاوێکی زۆر بەفیڕۆ دەدرێت و ئەمبار ناکرێت، لە کاتێکدا بە دروستکردنی ئەم بەنداوە خزمەتێکی زۆری هەرێمی کوردستان و ناوچەکانی دیکەی عێراقیش دەکرێت، بەوەی چیتر ئاوی ئەم زێیە لە وەرزی زستاندا بەفیڕۆ ناچێت و ئەمبار دەکرێت و، لە وەرزەکانی دیکەی ساڵ سوودی لێ وەردەگیرێت، بەنداوەکان تەنیا بۆ ئەمبارکردنی ئاو نین، بەڵکو بۆ بووژانەوەی کەرتی کشتوکاڵ و گەشتوگوزار و سامانی ماسی و بەهێزکردنی ئاوی ژێر زەوین، بەتایبەتی لەو ناوچانەدا ئەوەندە پشت بەو ئاوە نەبەسترێت و ئاستەکەی زیاتر دانەبەزێت.

یەکێك لە بەرنامە و کارەکانی لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی بەنداوەکان پرۆژەکانی ئاودێرییە، واتا گرنگیدان بە کشتوکاڵ لە ڕێگەی ئاودان، لێرەدا کۆمەڵێك پرۆژەی زۆرمان لە بەردەستدایە، بۆ نموونە لە بەنداوی باگرمە لە پارێزگای دهۆك کە ٨٠٪ی دروستکردنی ئەو بەنداوە بۆ پرۆژەی ئاودێرییە.

*** هەر دوو وڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران و تورکیا ژمارەیەکی زۆر بەنداویان لەسەر ئەو زێ و ڕووبارانە دروست کردووە کە دەڕژێنە ناو هەرێمی کوردستان و عێراقەوە، تا چەند بە هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی عێراقدا ئەم دۆسییە جووڵاوە و دانوستان و گفتوگۆ لەگەڵ ئەم دوو وڵاتە ئەنجام دراوە، هەر هیچ نەبێت بۆ کەمکردنەوەی شوێنەوارەکانی لەسەر ئێمە؟**

- کێشەی گلدانەوە و ئەمبارکردنی ئاو و گۆڕینی ڕێڕەوی زۆر لە زێ و ڕووبارەکان هەرکێشەیەکی جددییە و کێشەیەکی سەروەریشە لە حکومەتی عێراق، خۆ حکومەتی عێراق زۆری پێ ناخۆشە، بەتایبەتی لە وڵاتی ئێران کە هەر ڕێڕەوی ئاوەکان دەگۆڕێت، واتە ئەو لقی زێ و ڕووبارانەی کە پێویستە بڕژێنە ناو هەرێمی کوردستان و عێراقەوە ئێران دەچێت ڕێڕەوەکەی دەگۆڕێت، ڕاستە ئەو وڵاتانەش کێشەی ئاویان هەیە، بەتایبەتی لە ئێران، بەڵام بە پێی یاسا و عورف و ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان دەبێت بەڕێوەبردنی ئەو ئاوانەی کە چەند دەوڵەتێك تێیدا هاوبەشن، پرۆژە لە سەری بە ڕێککەوتن بێت و زیان بە وڵاتی دیکە نەگەیەنێت. لەمەش گرنگتر پێویستە ئێمە خۆمان ئەو سەرچاوە ئاوییانەی کە هەیە، بە باشترین شێوە وەبەرهێنانی تێدا بکەین و پرۆژەی نوێی لەسەر دروست بکەین، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لەم کابینەیەدا لە هەوڵی بونیاتنانی ژمارەیەك بەنداو و پرۆژەی جۆراوجۆردایە، لەمەش گرنگتر هەوڵەکانمان بەردەوامە بۆ دەربازبوون لەم سیستمە کلاسیکییەی کشتوکاڵ و هەنگاونان بەرە و بەدامەزراوەییکردنی کەرتی کشتوکاڵ لە ڕێگەی بەپیشەسازیکردنی کشتوکاڵەوە، تیمێکی ڕاوێژکاریی ئێمە لەگەڵ وڵاتی هۆڵەندا سەرقاڵی ئەم بابەتە گرنگ و ستراتیژییەن بۆ گواستنەوەی ئەزموون و شارەزایی تەکنەلۆژیای کشتوکاڵی لە هۆڵەندا و فەرەنسا و پۆڵەندا و چەندین وڵاتی دیکە بۆ هەرێمی کوردستان، لەم پێناوەشدا لە دروستکردنی خانووی شووشەیی و گۆڕینی شێوازی کلاسیکیی کشتوکاڵ هەنگاوی باش نراوە، ئەمەش هەمووی لەپێناو بەپیشەسازیکردنی بەرهەمی کشتوکاڵیدایە.

**لە ئێستادا سایلۆی هەولێر و سلێمانی ئامادەیە گەنم وەربگرێت، هەرچی گەنمی پارێزگای دهۆکیشە ئەو دوو کۆمپانیایە ئامادەییان دەربڕیوە بۆ وەرگرتنی بەرهەمی ئەو پارێزگایەش بە هەمان نرخی وەرگرتنی گەنمی جووتیاران لەلایەن حکومەتی عێراقەوە**

**ئێمە لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو پاڵپشتی و هاوکارییەکانی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران بەرز دەنرخێنین، بە تایبەتی لە بواری بونیاتنانی ژێرخان و چارەسەرکردنی وەرگرتن و پێدانی شایستەکانی جووتیاران بە ڕاستەوخۆیی**

**هەڵگرتنی باج لەسەر ژمارەیەك لە ماددە خۆراکییە سەرەکییەکانی هاووڵاتیان کاریگەریی زۆر باشی لەسەر هاوکاریکردنی خەڵك بووە، بەوەی چیتر زیاتر نرخەکانیان لە بازاڕەکانی کوردستان و عێراقیشدا گران نەبێت**

**هەوڵەکانمان بەردەوامە بۆ دەربازبوون لەم سیستمە کلاسیکییەی کشتوکاڵ و هەنگاونان بەرە و بەدامەزراوەییکردنی کەرتی کشتوکاڵ لە ڕێگەی بە پیشەسازیکردنی کشتوکاڵەوە**



دکتۆر یوسف بەرزنجی

پرۆفیسۆر لە زانستە ئەندازیارییە کشتوکاڵییەکان لە زانکۆی سەلاحەددین بۆ گوڵان:

# پێویستە بۆ پاڵپشتیکردنی پرۆژە بچووکەکانی بەخێوکردنی پەلەوەر و مەڕوماڵات پلانمان هەبێت

**وشکەساڵی و دەرکەوتنی گرفتی خۆراك لە جیهان و گرانبوونی نرخی ئالیك کاریگەریی خراپی لەسەر بەخێوکردنی مەڕومالاّت و سامانی ئاژەڵی لە هەرێمی کوردستان هەبوو. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە و چەند بابەتێکی دیکەی پەیوەندیدار گۆڤاری گوڵان ئەم دیدارەی لەگەڵ دکتۆر یوسف بەرزنجی پرۆفیسۆر لە زانستە ئەندازیارییە کشتوکاڵییەکان لە زانکۆی سەلاحەددین ساز دا.**

*** وەکو ئاشکرایە وشکەساڵی و گرانیی نرخی ئالیك کاریگەریی خراپی لەسەر سامانی ئاژەڵی لە هەرێمی کوردستان هەبووە، وەکو پسپۆڕ و شارەزایەکی ئەم بوارە چۆن دەڕوانیتە ئەم گرفتە و تا چەند ئەمە زیانی بە باروبژێوی هاوولاّتیان و گرانبوونی نرخی پەلەوەر و ئاژەڵ گەیاندووە؟**

- پێش دەرکەوتنی قەیرانی وشکەساڵی و گرانبوونی ئالیك، بارودۆخی کەرتی ئاژەڵی لە هەرێمی کوردستان لە ڕووی چەندێتی و چۆنایەتییەوە باش نەبووە. بەداخەوە کشتوکاڵ تەنیا لە سامانی ڕووەکیدا بچووك کراوەتەوە. کاتێك باسی سامانی گۆشت دەکەین کە بەشێکی گرنگی خۆراك و پێداویستییەکی سەرەکیی هاوولاّتیان پێك دەهێنێت، هەر لە سامانی پەلەوەر و مەڕومالاّت و مانگا و ڕەشەولاّخ و تەنانەت سامانی ماسییش دەگرێتەوە، ئەم سێ بەشەی (مەڕومالاّت و مانگا، پەلەوەر، ماسی)، لەم چەند ساڵەی دواییشدا بە هۆی قەیرانی دارایی و شەڕی داعش و بڕینی بودجە و نەبوونی پلانیش هەمووی کاریگەریی خراپی کردە سەر کەرتی سامانی ئاژەڵی و بەلانی کەمەوە دووبارە هەستانەوە لە کەرتێکدا کە ساڵانە بە ملیۆنەها دۆلار بۆ هێنانی گۆشت لە دەرەوەی سنوورەکانەوە خەرج دەکرێت، لەکاتێکدا ژینگەی هەرێمی کوردستان لەبارە بۆ بەخێوکردنی دەیان جۆری مەڕومالاّت و ئاژەڵ و ماسی و پەلەوەری جۆراوجۆر، لە حەفتاکان و هەشتاکاندا مەڕوبزنی کوردی نەك تەنیا لە عێراق، بەڵکو لە ناوچەکەشدا بەناوبانگ بوو، ئێستاکە زۆر لەو مەڕومالاّت و مریشك و جۆری کەڵەشێر و قەلانە بەرەو لەناوچوون دەچن.

*** باسی نەبوونی پلانت کرد. وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو دەڵێت لە بواری پەلەوەردا گەیشتووینەتە خۆبژێوی و ئێستا ئەو سامانە بۆ دەرەوە دەنێرین. پرسیار لێرەدا ئەوەیە بۆ هەڵسەنگاندنی ئەم کەرتە ئایا دەکرێت ڕێژەی باشی بارودۆخەکە، یان خراپی لە جۆرێکی مەڕومالاّت و پەلەوەر و ئاژەڵەوە بۆ یەکێکی دیکە جیاواز بێت؟**

- ئامار و داتاکان لە هەرێمی کوردستان ورد و زانستی نین و بە شێوەی خەملاّندنە، بۆ نموونە ژمارەی پڕۆژەکانی بەرهەمهێنانی هێلکە بە ١٤٣١ پڕۆژە دادەنرێت و ١٨٣ پڕۆژەی بەخێوکردنی مەڕو بزن و مانگا هەیە، بەلاّم هێشتا بەپێی پێویست نییە. لە پڕۆژەکانی بەرهەمهێنانی هێلکە و گۆشتی پەلەوەر تەنیا لە خوارووی ٣٠٪ی پێداویستیی ناوخۆ پڕ دەکەینەوە، تەنیا نزیکەی ٣٣٪ی ئەو گۆشتەی لە بازاڕ هەیە، خۆماڵییە و ئەوەی دیکە لە دەرەوە دەهێنرێت. ئەگەر وا نییە ئەی بۆچی تا ئێستا بازاڕەکانی کوردستان پڕیەتی لە بەرهەمی بیانی بە تایبەتی تورکی و ئێرانی و سووری، بۆیە من سوورم لەسەر ئەوەی بێ پلانی و نەبوونی توێژینەوە و شارەزایی وای کردووە ئەم کەرتە پشتگوێ بخرێت و زیاتر گرنگی بە کەرتی ڕووەکی بدرێت نەك کەرتی ئاژەڵی. ڕاستە لە پەلەوەرسازیدا چەند پەلەوەرێکی ڕەسەنمان هەیە، لە وڵاتی ئێمە لە چەندین کێڵگە باوانەکان بەخێو دەکەین و بە بازرگانی دەیفرۆشین، ئێمە لە پیشەسازیی پەلەوەر و گۆشتی ئاژەڵی لاوازین، هەتا ڕێگا بە بەرهەمی بیانی بدەین و پڕۆژە و پەلەوەرەکانی خۆمان فەرامۆش بکەین، کەرتی پیشەسازیی پەلەوەر نابووژێتەوە. ئێمە خاوەنی مەڕی حەمدانین کە لەدەشتی هەولێر دەژی و مەڕێکی گەورەیە، لێرە دەڵێن خراپە و بە کەڵك نایەت و بەخێوکردنی فەرامۆش کراوە، کەچی وڵاتێکی وەکو تورکیا لە چەندین پارێزگای و لە دوای ٢٠٠٣وە ئەو مەڕەی بردووە و دیراسەی لەسەر دەکەن و زیادیان کردووە و خەریکە بە مەڕی تورکی ناوی دەبەن. خۆ ئەگەر

**ساڵانە بە ملیۆنەها دۆلار بۆ هێنانی گۆشت لە دەرەوەی سنوورەکانەوە خەرج دەکرێت، لە کاتێکدا ژینگەی هەرێمی کوردستان لەبارە بۆ بەخێوکردنی دەیان جۆری مەڕومالاّت و ئاژەڵ و ماسی و پەلەوەری جۆراوجۆر**

**هەتا ڕێگا بە بەرهەمی بیانی بدەین و پڕۆژە و پەلەوەرەکانی خۆمان فەرامۆش بکەین، کەرتی پیشەسازیی پەلەوەر نابووژێتەوە**

**بووژانەوەی پەلەوەر و پڕۆژەکانی مەڕومالاّت و بەخێوکردنی مانگا و ڕەشەولاّخ و ماسی و سەدان جۆری دیکە نەک تەنیا داهاتێکی گەورەیە بۆ هەرێمەکەمان بەڵکو بەدەستهێنانی دەیان هەلی کار و ئاوەدانکردنەوەی گوندەکانیشە**

**پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەروەکو چۆن بۆ پاڵپشتیکردنی بەرهەمی گەنمی جووتیاران گەنمەکەیان لێ دەکڕێتەوە، بە هەمان شێوە پاڵپشتیی بەخێوکردنی مەڕومالآت و سامانی ئاژەڵیش بکات**

**ئەرکی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوە سەرژمێرییەکی بەپەلە بۆ ژمارەی ئاژەڵ و جۆرەکانی و دابەشبوونی بکات**

**وێستگەکانی توێژینەوەی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو بەپێی پێویست نییە و لە ئاست گۆڕانکارییەکانی سەردەمدا نییە**

**بەخێوکردنی مریشک و قەل و قاز و مراوی و پەلەوەرە کوردییەکانی دیکە دەبێت وەزارەتی کشتوکاڵ بیانخاتە ناو چوارچێوەی پڕۆژەی بچووک و قەرز و پاڵپشتی و یارمەتی دارایی پێشکەش بە گوندنشین و جووتیارەکان بکات**

خۆمان گرنگی بە بەرهەمی خۆماڵی بدەین، ئەو بیانووەی حکومەتی عێراقیش نامێنێت کە ناوبەناو ڕێگری لە چوونی بەرهەمی کشتوکاڵ و پەلەوەر و ئاژەڵی لە هەرێمی کوردستانەوە بۆ ناوچەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق دەکات کە باشترین بازاڕە بۆ ساخکردنەوەی بەرهەمەکانی جووتیاران، چونکە ئەوان بەو پێیەی دەروازە سنوورییەکان سەر بە حکومەتی عێراقن، هەموو داتا و ژمارە و ئامارێکیان دەست دەکەوێت و ئێمە ناتوانین نکۆڵی لێ بکەین. خۆ ڕەنگە ئەو بەرهەمە هێنراوە کەمیش بێت، بەڵام لە کاتی گێچەڵکردنی عێراقدا زیانی گەورەمان بەردەکەوێت.

*** زۆر باس لە کەموکورتی و گرفتەکانی بەردەم بووژانەوەی کێڵگەکانی پەلەوەر و پڕۆژەکانی بەخێوکردنی مەڕو بزن و مانگا و ماسی کراوە؛ وەکو کەسێکی شارەزا لەم بوارەدا بە پێویستی دەزانیت چی بکرێت بۆ ئەوەی ئەم کەرتەش ببێتە کەرتێکی خۆبژێو و زۆرترین هەلی کار لەخۆ بگرێت؟**

- بووژانەوەی پەلەوەر و پڕۆژەکانی مەڕومالآت و بەخێوکردنی مانگا و ڕەشەوڵاخ و ماسی و سەدان جۆری دیکە نەك تەنیا داهاتێکی گەورەیە بۆ هەرێمەکەمان بەڵکو بەدەستهێنانی دەیان هەلی کار و ئاوەدانکردنەوەی گوندەکانیشە. لێرەو لەوێ هەندێك هەوڵی بچووك هەیە بۆ بە پیشەسازیکردنی پڕۆژەکانی بەخێوکردنی مەڕومالآت و ئاژەڵ. ئەوەی هەشە توخمەکانی دەرەوە هێنراون وەکو مانگای فریزیان، بە شێوەیەکی گشتی ئێمە نەمانتوانیوە ئەو سەرچاوە سرووشتی و ژینگەیەی کە هەیە سوودی لێ وەربگرین، پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەروەکو چۆن بۆ پاڵپشتیکردنی بەرهەمی گەنمی جووتیاران گەنمەکەیان لێ دەکڕێتەوە، بە هەمان شێوە پاڵپشتیی بەخێوکردنی مەڕومالآت و سامانی ئاژەڵیش بکات و بە نرخێکی گونجاو و کەم، عەلەف و ئالیکیان بۆ دابین بکات و لێرەش وەکو وڵاتانی دیکە پڕۆژەی لەقوتوونانی گۆشت هەبێت، هەروەها یارمەتی و پاڵپشتیی وەبەرهێنەکان بکات و زەوییان لە دەرەوەی شارە گەورەکان بۆ دابین بکات و قەرزی بانکی بۆ دەرچووانی زانکۆکانی کوردستان بە تایبەتی ئەو قوتابیانەی دەرچووی کۆلێژەکانی زانستە ئەندازیارییە کشتوکاڵییەکانن دابین بکات.

*** باسی ئەو هۆکارانەت کرد کە زیانی لە کەرتی ئاژەڵی داوە، لە ناویاندا وشکەساڵی و گرانیی عەرەف و ئالیك و نەبوونی پاڵپشتی، ئایا وشکەساڵی تا چەند زیانی لە بەخێوکردنی مەڕومالآت داوە؟**

- لەبەر ئەوەی لە وڵاتی ئێمە بەخێوکردنی مەڕومالآت و مانگا بە شێوەیەکی گشتی بە شێوە کلاسیکییەکەیەتی واتا تاکەکانی ناو کۆمەڵگە و جووتیارەکان خۆیان خۆڕسکانە هەڵساون بە بەخێوکردنی مەڕومالآت، بۆیە وشکەساڵی زیانی گەورەی بۆ لەوەڕاندنی مەڕەکانیان بووە، لەو لاشەوە وشکەساڵییەکە بووەتە هۆی گرانیی عەلەف و ئالیك. ئەرکی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوە سەرژمێرییەکی بەپەلە بۆ ژمارەی ئاژەڵ و جۆرەکانی و دابەشبوونی بکات، لەمەش گرنگتر سیاسەتێکی پاڵپشتیی بەرهەمی خۆماڵی پەیڕەو بکات. ڕەنگە لە سەرەتادا بەرهەمهێنانی کیلۆیەك شیر لە هەرێمی کوردستان دوو هەزار دیناری تێ بچێت، بەڵام لە وڵاتێکی وەکو تورکیا و ئێران کە ماوەیەکی زۆرە سەرقاڵی بە پیشەسازیکردنی شیرن، لەوێ بۆ یەك کیلۆ بەرهەمی شیر ڕەنگە تەنیا ٥٠٠ دیناری تێ بچێت، ئەمە کێبڕکێیەکی ناتەندروستە و پێویستی بە پاڵپشتیی بەرهەمی خۆماڵی هەیە. بۆ نموونە پاڵپشتیی بانکی و پێدانی قەرزی بێ سوودی مامناوەند و درێژخایەن، هەروەها هانی جووتیاران بدرێت جۆرێك لەو ڕووەکانە بچێنن کە پڕۆژەکانی پەلەوەر و مەڕومالآتیش سوودی لێ وەردەگرن، وەکو وێنجە و سۆیا کە بەداخەوە بە هۆی وشکەساڵییەوە ڕواندنی ئەو جۆرە ڕووەکانە پشتگوێ خراوە، تەنانەت وێستگەکانی توێژینەوەی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو بەپێی پێویست نییە و لە ئاست گۆڕانکارییەکانی سەردەمدا نییە.

*** جگە لە بەرهەمهێنانی گۆشتی سپی و پڕۆژەکانی پەلەوەر، بەخێوکردنی ژمارەیەکی زۆر لە مریشك و کەڵەشێر و قەل و قازی کوردی و تەنانەت کۆتر هەیە، تاچەند لەسەر ئەم پەلەوەرە خۆماڵییە توێژینەوە کراوە؟**

- یەکێك لە سیما جوانەکانی گوندەکانمان بۆ بوونی ژمارەیەکی زۆری مریشك و کەڵەشێر و قەل و قاز و مراوی و تەنانەت کۆتر و پەلەوەرەکانی دیکە دەگەڕێتەوە، کە لە چەند ساڵی ڕابردوودا زۆر





فەرامۆش کراوە و وای لێ هاتووە لە گوندەکانیش گۆشتی سپی و پەلەوەری وڵاتانی دراوسێ بەکار دەهێنن، لە کاتێکدا لەحەفتاکان و هەشتاکاندا سەرچاوەی بەرهەمی مریشکی کورد گوندەکان بوو کە بۆ شارەکانیان دەنارد. بەخێوکردنی مریشك و قەل و قاز و مراوی و پەلەوەرە کوردییەکانی دیکە دەبێت وەزارەتی کشتوکاڵ بیانخاتە ناو چوارچێوەی پرۆژەی بچووك و قەرز و پاڵپشتی و یارمەتی دارایی پێشکەش بە گوندنشین و جووتیارەکان بکات، کە لەلایەك بووژانەوەی کەرتێکی گرنگی ئابوورییە و لەلایەکی دیکەوە بووژانەوەی گوندەکان و بەدەستهێنانی هەلی کارە، چونکە نابێت ئەوەمان لەیاد بچێت، ڕاستە گرانیی گۆشتی سپی و ئاژەڵی گرفتێکی گەورەیە، بەڵام هاندان و پاڵپشتییەکی باشیشە بۆ بووژانەوەی ئەم بوارە و جووتیار دەتوانێت بە بودجە و پارەیەکی کەم و شوێنێکی بچووك زۆرترین پەلەوەر بەخێو بکات، هەرچی پاراستنێتی ئەوا دەبێت حکومەت زۆر بە وریا بێت بەخێوکردنی ئەم باڵندە و پەلەوەرانە لە هەردوو وەرزی زۆر سارد و زۆر گەرمادا تووشی پەتا و نەخۆشی و دواتر مرداربوون نەبنەوە و زیانی گەورە بەر بەخێوکەرەکەی بگەیەنێت.

*** دەکرێت لە هەرێمی کوردستان لە ڕووی جوگرافیا و ئاو و هەوا و ژینگەی بەخێوکردنی جۆرەکانی مەڕومالات و ئاژەڵ و پەلەوەر و سامانی ماسی جیاواز بکرێت بۆ ئەوەی فەرمانگەکانی توێژینەوە و کشتوکاڵی باشتر لەسەری زاڵ بن؟**

- جووتیار و گوندنشینەکان و خاوەنی پرۆژەکانی پەلەوەر خۆڕسکانە بەپێی کەڵکی ئابووری و ژینگەی لەباری ناوچەکە و دوور و نزیکی لە شارەکانەوە پرۆژە و بەخێوکردنی ئاژەڵ و مەڕومالات و جۆری پەلەوەر بەخێو دەکەن. بۆ نموونە لە تەق تەق ئاوی زێی بچووکی تێدایە و دەوروبەری زێیەکە لەبارە بۆ پرۆژەی بەخێوکردنی ماسی، لە ناوچەکانی سۆران و حاجی ئۆمەران بۆ بەخێوکردنی مانگا و لە دەشتەکان بۆ بەخێوکردنی مەڕومالات و لە ناوچە فێنکەکان بۆ بەخێوکردنی پەلەوەر، لەمەشدا هەندێك پرۆژە نزیکییان لە سەرچاوەی ساخکردنەوەی بەرهەمەکانیان کە شارە گەورەکانە هەڵبژاردووە، وەکو پرۆژەکانی بەرهەمهێنانی هێلکە و مەڕومالات. بە شێوەیەکی گشتی دەبێت دیراسەتی زانستی و ورد بۆ ئەم بابەتە هەبێت، بەداخەوە لەم ڕووەوە لاوازین.

# دیمانەی تایبەت



**ڕۆبەرت لۆرەنس، سەرۆکی بەشی پرۆگرامی جێبەجێکاری سیاسەتی بازرگانی و پرۆفیسۆری بازرگانی و وەبەرهێنانی نێودەوڵەتییە لە سکوڵی کێنێدی لە زانکۆی هارڤارد و، توێژەری باڵایە لە ئەنستیتویتی پیتێرسۆن بۆ ئابووریی نێودەوڵەتی، هەروەها توێژەرە لە کۆمەڵەی توێژینەوەی سەر بە بیرۆی نیشتمانی بۆ توێژینەوەی ئابووری و، پێشتریش وانەبێژ بووە لە زانکۆی ییێل. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا شرۆڤە کرد، کە پەیوەست بوون بە دەرئەنجامەکانی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا لەسەر ئابووری و بازرگانیی جیهانی.**

رۆبەرت لۆرەنس
پرۆفیسۆری بازرگانی و وەبەرهێنانی نێودەوڵەتی لە زانکۆی هارڤارد بۆ گوڵان:

# جیهان بەرەو کەمبوونەوەی خۆراک و بەرزبوونەوەی نرخەکان دەچێت

*** وەك كەسێكی تایبەتمەند و شارەزای بواری بازرگانی و ئابووریی نێودەوڵەتی، چۆن لە كاریگەریی شەڕی ڕووسیا و ئۆكرانیا دەڕوانیت و، ئایا تا چەند ئەم شەڕە نائارامی و نادڵنیاییەكی دەروونیی درووست كردووە لە پەیوەندی بە ئەگەری هەڵكشانی زیاتری نرخی وزە و خۆراك لە جیهاندا؟**

- لە ڕاستیدا ئەوەی دەكرێت لەم ڕووەوە ئاماژەی پێ بكرێت، ئەوەیە كە ئەم شەڕە پێی وتین، یان بیری خستینەوە كە ئێمە لە جیهانێكی پێكەوەبەستراو و پێكەوەگرێدراودا دەژین، چونكە ئۆكرانیا وەك وڵاتێكی گەورەی بەرهەمهێنان و هەناردەكردنی دانەوێڵە، هەروەها هەردوو وڵاتەكە وڵاتی گەورەی هەناردەكاری پەیین و كەرەستە خاوەكانی دیكەن، كە ئاشكرایە ئەم شەڕە ئەو بازرگانییەی ڕاگرتووە و شڵەژانێكی لەم ڕووەوە دروست كردووە، من پێم وایە یەكێك لە كاریگەری و دەرئەنجامەكانی دیكەی ئەم شەڕە بریتییە لە دروستكردنی نادڵنیاییەكی زۆر لە بارەی مسۆگەركردنی دەستەبەركردن و هەناردەكردنی كاڵا و كەرەستە گرنگ و بنەڕەتییەكان و، كاتێكیش نادڵنیایی باڵ دەكێشێت و بڵاو دەبێتەوە و خەڵكی هەستی پێ دەكەن، ئەوا كاردانەوە سرووشتییەكە ئەوەیە كە خەڵكی هەوڵی ئەوە دەدەن شت بكڕن و ئۆتۆمبێلەكانیان پڕ لە بەنزین بكەن و بەم شێوەیە دەیانەوێت خۆیان لەگەڵ نادڵنیاییەكەدا بگونجێنن. كێشەكە ئەوەیە لە ئێستادا ناتوانن ئەمە بكەن، مەبەستم ئەوەیە كە خواست لە بەرزبوونەوە و هەڵكشاندایە، نرخەكانیش لەگەڵیدا بەرز دەبنەوە و گرانتر دەبن، كەواتە ڕاستە هەموو ئەمانە پەیوەستن بەو ترس و دڵەڕاوكێ و هەستكردنە بە نادڵنیاییەی كە لە سەروەختی شەڕدا دێنە ئاراوە و دروست دەبن و تەشەنە دەكەن، لەبەر ئەوە بە دڵنیاییەوە ئەو وڵاتانەی پشتبەستوو بوون بە هەناردەكانی ئۆكرانیا و

**ئەو وڵاتانەی پشتبەستوو بوون بە هەناردەکانی ئۆکرانیا و بە بازاڕی جیهانییەوە لە ئێستادا ڕووبەڕووی دۆخێکی دژوار بوونەتەوە**

**هەر کە دەستمان کرد بە دووبارە کێشانەوە و دەستکاریکردنەوەی ئەم سنوورانە، ئەوا بۆی هەیە دەرئەنجامەکە زۆر کاولکار و کارەساتبار بێت**

**ئەگەر بە جۆرێک لە جۆرەکان ئۆکرانیا بتوانێت سەرکەوتن بەدەست بهێنێت لەم شەڕەدا و ڕووسیا دوچاری دۆڕان بێت، ئەوا ئەمە دووبارە دەبێتە هۆی چەسپاندن و جێگیرکردنی سنوورەکان**

**ئەم پێشهات و پەرەسەندنانە بوونەتە هۆی زیادبوون و هەڵکشانی مەیل و خواستی وڵاتان بۆ ئەوەی زیاتر و زیاتر پەنا بۆ خۆبژێوی و پشتبەخۆبەستن ببەن، کە ئەمەش هەڕەشە و مەترسییە لەسەر ئەو سیستمی جیهانگەراییەی کە لە ئارادا بووە لە پێش ئەم ڕووداوانەدا**

**کاتێک ئەم شۆکە گەورانە ڕووبەڕووی سیستمی بازرگانیی جیهانی دەبنەوە، ئەوا خەڵکی چیتر باوەڕیان بەوە نامێنێت کە پرسی دەستەبەرکردنی کاڵا و کەرەستە و خۆراک لە جیهاندا سەقامگیر و مسۆگەرە**

بە بازاڕی جیهانییەوە لە ئێستادا ڕووبەڕووی دۆخێکی دژوار بوونەتەوە.

*** ئایا دەکرێت ڕوونکردنەوەی زیاتر بدەن لەسەر پرسی پێکەوەگرێدانی جیهان و هەڵگیرسانی شەڕ و هاتنەئارای قەیران و تەنگژەکان کە لە بەشێکی جیهاندا ڕەنگدانەوە و دەرهاویشتەی دەبێت لەسەر بەشەکانی دیکەی جیهان، ئەگەرچی ئەوان بە هیچ شێوەیەکی لایەنێک نەبووبن لەو شەڕ و تەنگژانەدا؟**

- بە دڵنیاییەوە ئێستا جیهان لە هەر کاتێکی دیکە زیاتر پێکەوە گرێ دراوە و پێکەوە پەیوەستە، بەڵام لێرەدا ئەو پرسیارەی سەر هەڵدەدات و بووەتە مایەی مشتومڕ و تاوتوێکردن، ئەوەیە ئایا تا چەند ئەم پێکەوگرێدان و ئاوێتەبوونە درێژە دەکێشێت؟ یان بە واتا و دەربڕینێکی دیکە ئایا جارێکی دیکە ئەگەری ئەوەی هەیە بگەڕێینەوە بۆ ڕۆژگار و سەردەمی پێش جیهانگەرایی؟ بۆچوون و تێڕوانینی من ئەوەیە لە جیهانی جیۆپۆلەتیکدا ئەوا بە دڵنیاییەوە هەڕەشە و مەترسی هەیە لەسەر سەروەریی دەوڵەتان، لەسەر ئەوەی پێی دەگوترێت سەروەریی نیشتمانی و، لەم ڕووەوە ئەوەی وڵاتی ڕووسیا بە سەرۆکایەتی ڤلادمیر پوتین ئەنجامی داوە، ئەوەیە کە گومانی دروست کردووە لەسەر درێژەدان بە پاراستن و بەردەوامیدان بە هێشتنەوەی سنوورەکان لە سەرتاسەری جیهاندا، چونکە ساڵانێکی زۆر ئێمە، بوون و بەردەوامبوونی سنوورەکانمان بە شتێکی جێگیر و چەسپاو لێك دابووەوە و هێندە بیرکردنەوەی خۆمان پێوە خەریك نەکردبوو، ڕاستە زۆر کەس لە جیهاندا حەز بە بوونی ئەم سنوورانە ناکات و خوازیاری ئەوە نین لە ئارادا بن، بەڵام هەرچۆنێك بێت پێویستە ڕێز لە بوونی ئەم سنوورانە بگرین، چونکە هەر کە دەستمان کرد بە دووبارە کێشانەوە و دەستکاریکردنەوەی ئەم سنوورانە، ئەوا بۆی هەیە دەرئەنجامەکە زۆر کاولکار و کارەساتبار بێت. ئەوەی من لێرەدا دەمەوێت بیڵێم ئەوەیە کە بە هۆی ئەم شەڕەی کە ڕووسیا کە دژ بە ئۆکرانیا هەڵگیرساندووە، ئەوا لە ئێستادا چەمکی بەردەوامبوون و درێژەکێشانی سنوورەکان دوچاری هەڕەشە و مەترسی بووەتەوە، بەڵام ئەگەر بە جۆرێك لە جۆرەکان ئۆکرانیا بتوانێت سەرکەوتن بەدەست بهێنێت لەم شەڕەدا و ڕووسیا دوچاری دۆڕان بێت، ئەوا ئەمە دووبارە دەبێتە هۆی چەسپاندن و جێگیرکردنی سنوورەکان، لەم ڕووەوە پێم وانییە سیستمە جیۆپۆلەتیکییە جیهانییەکە بەرگ و ڕەهەندی جیهانگەرایی لێ دابماڵرێت، بەڵکو سیستمێك دەبێت لە سایەی و لە چوارچێوەیدا ڕێز لە سەروەری دەگیرێت و لەبەرچاو دەگیرێت، بەڵام ئەگەر سیناریۆی پێچەوانە لەبەرچاو بگرین و باس لە ئەگەری بردنەوەی ڕووسیا بکەین کە تێیدا ڕووسیا بتوانێت خاکی زیاتر بخاتەسەر وڵاتەکەی خۆی و جیهان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش شکست بهێنێت و لەم ڕووەوە دەستەوەستان بێت و نەتوانێت ڕێگری لە ڕووسیا بکات، ئەوا ئەمە دەبێتە پەرەسەندن و پێشهات و پێشینەیەك و دەبێتە سەرچاوەی مەترسییەکی گەورە بۆ ئارامی و سەقامگیریی سیستمی جیۆپۆلەتیکی جیهانی، هەروەها ئەم شەڕ و پەرەسەندنە بووەتە هۆی هەڵکشانی زیاتری ڕکابەرییەکانی دیکە، بە چەشنی ناکۆکی و ڕکابەریی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و چین، کە لەم نێوەندەدا چەندین وڵات هەن دەیانەوێت هەڵوێستی بێلایەنانە بگرنەبەر و، لەم ڕووەوە مەترسییەکە ئەوەیە کە هەوڵ بدرێت و کار و کۆشش بکرێت بۆ ئەوەی چین دابېردرێت لە جیهانی ڕۆژئاوا و لە خودی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کە ئەگەر ئاقاری پەرەسەندنەکان و ئاراستەی پێشهاتەکان بەم چەشنە بێت، ئەوا ڕەنگە گوشار لە زۆرێك لە وڵاتان بکرێت بۆ ئەوەی دەست لەو هەڵوێستی بێلایەنییە هەڵبگرن و ناچار بکرێن بۆ ئەوەی پاڵپشتی و پشتیوانی یەکێك لەم دوو هێزە بکەن، کەواتە ئەوەی لێرەدا دەمەوێت دووپاتی بکەمەوە، ئەوەیە کە ئێمە لە ڕۆژگارێکدا دەژین کە نادڵنیاییەکی قووڵ باڵی بەسەردا کێشاوە.

*** ئەوەی لە وەڵامەکەی ئێوەدا بەدی دەکرێت، ئەوەیە کە پێت وانییە ڕێگەچارەکە ئەوە بێت کە جیهان کەمتر ئاوێتە و پێکەوە گرێدراو بێت، ئایا ئەمە تێگەیشتنێکی دروستە لەو شرۆڤەکارییەی کە ئێوە لە وەڵامی پرسیارەکەی پێشوودا خستتانە ڕوو؟**



- لە ڕاستیدا لەم ڕووەوە خەڵکی دوو شت تێکەڵ دەکەن، خودبژێوی، واتە ئەوەی هەموو شتێك بۆ خۆت بەرهەم بهێنیت، لەگەڵ سەقامگیریدا، چونکە ئێمە بەڵگەیەکی زیاترمان لە بەردەستدایە کە زۆر زەحمەتە بتوانیت لەم ئابوورییە هاوچەرخەی ڕۆژگاری ئێستادا بە تەواوەتی خۆبژێوی بەدەست بهێنیت، مەبەستم ئەوەیە بڵێم ئێمە هەموومان پێویستمان بە یەکتری هەیە، ئێوە لە ئەزموونی وڵاتی کۆریای باکوور بڕوانن، کە نایەوێت بۆ هیچ شتێك پشت بە وڵاتانی دیکە ببەستن و ئاڵوگۆڕیان لەگەڵدا بکەن، بەڵام ئەوەتا بە دەست هەژارییەوە گیری خواردووە. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا ئەم پێشهات و پەرەسەندنانە بوونەتە هۆی زیادبوون و هەڵکشانی مەیل و خواستی وڵاتان بۆ ئەوەی زیاتر و زیاتر پەنا بۆ خۆبژێوی و پشتبەخۆبەستن ببەن، کە ئەمەش هەڕەشە و مەترسییە لەسەر ئەو سیستمی جیهانگەرایییەی کە لە ئارادا بووە لە پێش ئەم ڕووداوانەدا، هەرچەندە ئێمە دەتوانین لەم ڕووەوە ئاماژە بە چەند شۆکێك بکەین کە ڕووبەڕووی ئەم سیستمە بوونەتەوە لە ماوەی ڕابردوودا، کە سەرجەمیان بوونەتە هۆی ئەوەی خەڵکی باوەڕێکی لاوازتر و کەمتریان هەبێت بە بەردەوامبوون و درێژەکێشانی سیستمێکی جێگیر و ئارام و سەقامگیر، بۆ نموونە شەڕی بازرگانی و دواتر سەرهەڵدان و بڵاوبوونەوەی پەتای کۆڤید-١٩ کە بوونە هۆی شڵەژان و پەکخستنی زنجیرەی دابینکردن و دەستەبەرکردن و، ئێستاش شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا، کەواتە کاتێك ئەم شۆکە گەورانە ڕووبەڕووی سیستمی بازرگانیی جیهانی دەبنەوە، ئەوا خەڵکی چیتر باوەڕیان بەوە نامێنێت کە پرسی دەستەبەرکردنی کاڵا و کەرەستە و خۆراك لە جیهاندا سەقامگیر و مسۆگەرە. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا هەروەك پێشتریش ئاماژەم پێ کرد، ئەوا هێشتا پێویستمان بە یەکترییە و هێشتا سوودمەندین لەو ئاڵوگۆڕە بازرگانییەی کە لە نێوانماندا هەیە، لەم گۆشەنیگایەوە من کەسێکم پێم وانییە سەرجەم جیهان بەرەو لەبەریەك هەڵوەشاندنەوە و لێکترازان بڕوات، ئەگەرچی ڕەنگە لەسەر ئاستی هەرێمایەتی لێکترازان و لێکدابڕان ڕوو بدات.

**پێم وانییە سەرجەم جیهان بەرەو لەبەریەک هەڵوەشاندنەوە و لێکترازان بڕوات، ئەگەرچی ڕەنگە لەسەر ئاستی هەرێمایەتی لێکترازان و لێکدابڕان ڕوو بدات**

دیمانەی تایبەت

ستروان ستیڤێنسۆن
ئەندامی پێشووی پەرلەمانی ئەوروپا بۆ گوڵان:

# داگیرکارییەکەی پوتین بۆ ئۆکرانیا بووەتە هۆی بەهێزکردنی ناتۆ

ستروان ستیڤێنسۆن سەرۆکی کۆمەڵەی ئەوروپییە بۆ ئازادیی عێراق و پێشتر ئەندامی پەرلەمانی ئەوروپا و نوێنەری سکوتلەندا بووە لە ساڵانی ( ١٩٩٩-٢٠١٤) و سەرۆکی شاندنی پەرلەمانی ئەوروپا بووە بۆ پەیوەندییەکان لەگەڵ عێراقدا لە ساڵانی (٢٠٠٩-٢٠١٤). گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێ کرد، کە پەیوەست بوون بە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا و چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدارەوە.



*** چۆن لە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا دەڕوانیت و، ئایا پێت وایە ئەم شەڕە چ گۆڕانکارییەکی بە دوای خۆیدا هێناوە لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا؟ ئایا دەکرێت بڵێین ئەمە شەڕێکی بە وەکالەتە لە نێوان دوو جەمسەر، یان هێزی جیهانیدا و، ئەمە گەڕانەوەیەکی هاوشێوەیە بۆ سەروەخت و سەردەمی شەڕی سارد؟**

- لە ڕاستیدا پرسیارەکە ئەوەیە، ئایا ڕۆژئاوا چی پێ دەکرێت لە بەرامبەر تاکڕەوێکی سەرەڕۆدا، کە هەوڵی داگیرکردنی دەوڵەتێکی خاوەن سەروەری دەدات و، بۆردومانی گەورەترین دامەزراوەی ناوکیی ڕۆژئاوا دەکات و، سەرقاڵی وێرانکردن و کاولکردنی شارەکانە و، خەریکی مووشەکبارانکردنی نەخۆشخانە و قوتابخانەکانە و، ئافرەتانی دووگیان ناچار دەکات لە وێستگەکاندا منداڵیان ببێت و، هەزاران پیاو و ئافرەت و منداڵی کوشتووە و کەمئەندام کردووە، پتر لە سێ ملیۆن کەسی ناچار بە دەربەدەری و ئاوارەیی کردووە و بانگەشەی ئەوە دەکات کە شەڕ لەگەڵ حکومەتێکی نازیدا دەکات، ئەمە سەرباری ئەوەی کە سەرۆکی ئەم وڵاتە-زیلینیسکی- خۆی کەسێکی جوولەکەیە. لە ڕاستیدا دەتوانین لەم ڕووەوە ئەوە بڵێین کە ئەمە دووبارەبوونەوەی ئەو ڕووداو و کارەساتانەن کە لە ساڵی ١٩٣٩دا ڕوویان دا، کە بوونە هۆی هەڵگیرساندنی جەنگی دووەمی جیهانی و، ئێستا لە دەروازەی ئەورووپادا ڕوو دەدەن. لە هەمان کاتدا دەکرێت بگوترێت کە تەنگژە و قەیرانی ئۆکرانیا بووەتە هۆی یەکخستنی ڕای جیهانی لە دژی سەرۆک ڤلادمیر پوتین و ڕووسیا، بە چەشنێك کە پێشتر وێنەی نەبووە.

**تەنگژە و قەیرانی ئۆکرانیا بووەتە هۆی یەکخستنی ڕای جیهانی لە دژی سەرۆک ڤلادمیر پوتین و ڕووسیا، بە چەشنێك کە پێشتر وێنەی نەبووە**

**شکستی ڕۆژئاوا بۆ گرتنەبەری کاردانەوە لە بەرامبەر کارەسات و تراژیدیای جۆرجیا گڵۆپی سەوزی بۆ ڤلادمیر پوتین هەڵکرد، بۆ برەودان بە بانگەشەکانی لە ئاستی ئۆکرانیادا**

**پوتین خۆی بە قەیسەرێکی نوێ دەزانێت و بڕیارەکەشی بۆ پەنابردنەبەر داگیرکردنێکی بەربڵاوی وڵاتی ئۆکرانیا، کاریگەری و دەرئەنجامی کارەساتباری لێ دەکەوێتەوە لەسەر ئاستی جیهان،**

**داگیرکارییەکەی پوتین بۆ ئۆکرانیا کاردانەوەی زۆر پێچەوانەی لێ کەوتووەتەوە، تەنانەت ئەو وڵاتانەی پێشتر وڵاتی بێلایەن بوون وەک سوید و فنلەندا لە ئێستادا هەوڵ دەدەن و دەیانەوێت ببنە ئەندامی ناتۆ**

لەگەڵ داگیرکردنی ئۆسیتیای باشوور و ئەبخازیا لە جۆرجیا لە ساڵی ٢٠٠٨، سەرۆك ڤلادمیر پوتین دەیوست بزانێت کە کاردانەوە و پەرچەکرداری ئەوروپا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا چین لە بەرامبەر پەنابردن بۆ بەرکارهێنانی توندوتیژی و زەبروزەنگ، ڕووسیا بۆی دەرکەوت کە خواستێکی کەم هەیە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ورچە ڕووسییەکە، کەواتە لەم ڕوانگەیەوە دەتوانرێت بگوترێت کە شکستی ڕۆژئاوا بۆ گرتنەبەری کاردانەوە لە بەرامبەر کارەسات و تراژیدیای جۆرجیا گڵۆپی سەوزی بۆ ڤلادمیر پوتین هەڵکرد، بۆ برەودان بە بانگەشەکانی لە ئاستی ئۆکرانیادا. لە مانگی ئازاری ساڵی ٢٠١٤دا ئەو ئامانجەکەی خۆی بەدەست هێنا، ئەوە بوو هەرێمی کریمیا و شاری سیڤاستۆپۆڵی کردە بەشێك لە وڵاتەکەی.

*** ئێوە باسی ئەوەتان کرد کە شکستی ڕۆژئاوا لە بەرپەرچدانەوە و بەرەنگاربوونەوەی هەوڵ و هەنگاوەکانی پێشتری ڕووسیا بووە هۆی ئەوەی ڕووسیا بوێری بکات پەنا بۆ کردار و هەنگاوێکی لەم چەشنە بەرێت و هێرش و داگیرکاریی سەربازی بکاتە سەر دەوڵەتێکی سەربەخۆ و خاوەن سەروەری، ئایا پێت وایە ئەمە تەنیا پاڵنەری سەرەکیی ڕووسیا بوو بۆ پەلاماردانی وڵاتی ئۆکرانیا، یان هۆکار و پاڵنەری دیکەش هەبوون؟**

- کاتێك لە مانگی شوباتی ساڵی ٢٠٠٩دا لە مۆسکۆ ڤلادمیر پوتینم بینی، ئەو کاتە من جێگری سەرۆکی پارتی گەلی ئەوروپی بووم. من لەگەڵ شاندێکی پایەبەرزی پەرلەمانی ئەوروپی بووم و، تەنیا نوێنەری بەریتانیا بووم لەم شاندە بچووکەدا، ئێمە داوای کۆبوونەوەمان کرد بۆ تاوتوێکردنی پرسی قەیران و تەنگژەی وزە، کە لەو کاتەدا و لە وەرزی زستاندا ڕووبەڕووی ئەوروپای ڕۆژهەڵات ببووەوە، چونکە لەو وەختەدا دەستەبەرکردنی غاز لە ڕووسیاوە ڕاوەستابوو لە میانەی هەلومەرجێکی سەخت و سەرما و سۆڵەدا، کە بووە هۆی ئەوەی کەسانێکی زۆر گیان لەدەست بدەن لە پۆڵەندا و ڕۆمانیا و وڵاتانی دیکەی ئەندامی یەکێتیی ئەوروپا لە ئەوروپای ڕۆژهەڵات، پوتین بە تووڕەییەوە کاردانەوەی پیشان دا لە بەرامبەر ئەو تۆمەتانەی گوایە گازپرۆم دەستەبەرکردنی غازی بۆ یەکێتیی ئەوروپا ڕاگرتووە، ئەو گوتی کە بۆریی غاز بۆ یەکێتیی ئەوروپا بە وڵاتی ئۆکرانیادا تێدەپەڕێت و، ئۆباڵەکەی خستە ئەستۆی ئۆکرانییەکان بۆ شکاندنی بۆرییەکە و دزینی غازی دەستەبەرکراو بۆ یەکێتیی ئەوروپا، واتە لەو کاتەشدا دژ بە ئۆکرانییەکان بوو.

ئێمە لە ڤلادمیر پوتینمان پرسی بۆچی ئەوروپای ڕۆژهەڵات سەرجەم نیشان و ئاماژەکانی یەکێتیی سۆڤییەتی پێشوویان لابردووە و کەچی هێشتا لە مۆسکۆدا نیشانە و ئاماژەکانی چەکوش و داس و ئەستێرە سوورەکان لە ئارادان و، لە نزیکەی سەرجەم باڵەخانە گشتییەکاندا بەدی دەکرێن؟ پوتین بە نیگا پۆڵایینەکەی لە ئێمەی ڕوانی و هەرگیز چاوە شین و گورگ ئاساکانی نەدەلەرزین کاتێك ڕوونی کردەوە: بۆ جەماوەرێکی گەورەی گەلەکەمان کە لەو سەروەخت و سەردەمەدا ژیان، ئەوا یەکێتیی سۆڤییەتی زۆر گرنگ بوو لە تێڕوانین و دیدی ئەواندا، کەواتە ئێمە نامانەوێت ئەو ڕەمزانە تێکبشکێنین و پێیان بڵێین کە ژیانیان بە هەدەر و بە فیڕۆ چووە.

وەڵامەکەی پوتین ئەوەی بۆ ئێمە ڕوون کردەوە کە دڵسۆزی و هاوسۆزیی ئەو بە چ ئاقار و ئاراستەیەکدایە و، تەنانەت لەو کاتەدا پلانی داگیرکردنی ئۆکرانیا و گێڕانەوەی خاکی پێشووی یەکێتیی سۆڤییەتی لەلا گەڵاڵە ببوو. کەواتە لەم ڕووەوە دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە ساڵانێك بوو سەرۆکی ڕووسیا هەوڵی گێڕانەوە و بەدەستهێنانەوەی مێژووی ئیمپریالیستی وڵاتەکەی دەدا لە ڕێی گرتنەبەری ستراتیژیەتێکەوە کە لە سەردەمی ئیڤانی ترسناکەوە داڕێژراوە و پیادە کراوە، کە دواتر فەرمانڕەواکانی دوای خۆی پەیڕەوییان لێ کردووە. پوتین خۆی بە قەیسەرێکی نوێ دەزانێت و بڕیارەکەشی بۆ پەنابردنەبەر داگیرکردنێکی بەربڵاوی وڵاتی ئۆکرانیا، کاریگەری و دەرئەنجامی کارەساتباری لێ دەکەوێتەوە لەسەر ئاستی جیهان، وەك کارمەندێکی پێشووی دەزگای هەواڵگریی یەکێتیی سۆڤییەت- کەی جی

بی- لە ئەڵمانیای ژێر کۆنترۆڵی یەکێتیی سۆڤییەتدا، ئەوا هەمیشە پوتین پەیماننامەی وارشۆی بە پەرەسەندنێکی باڵا و ڕووخانی یەکێتیی سۆڤییەتی – ١٩٩١- بە شکست و نشوستێکی کاتی لێك دەدایەوە. لە ئێستادا و دوای ئەوەی توانی سەرکەوتووانە بەشێکی گەورەی جۆرجیا و تەواوی هەرێمی کریمیا داببڕێت و بیکاتە بەشێك لە وڵاتەکەی خۆی، بە بێ ئەوەی ڕووبەڕووی کاردانەوەیەکی بەرچاوی ڕۆژئاوا ببێتەوە، ئەوا درێژە بە ڕەوتە دەستدرێژکارییەکەی دەدات و برەوی پێ دەدات. هەروەها ڤلادمیر پوتین لە بارێکی ئاسوودەییدا بوو کاتێك ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە چەشنێکی پڕ لە پشێوی هێزەکانی لە وڵاتی ئەفغانستان کشاندەوە و سەرکەوتنی بۆ تاڵیبان مسۆگەر کرد، لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو دوچاری سەرسوڕمان و بگرە نارەحەتی و نیگەرانی بووەوە کاتێك ڕۆژئاوا کاردانەوەیەکی بەربڵاو و یەکگرتووانەی گرتەبەر لە ئاستی داگیرکارییەکەی بۆ ئۆکرانیا، کە بوونە هۆی ئەوەی گورز لە ئابووریی ڕووسیا بدرێت، هەروەها ئەو نارەحەت بووە بە بێ توانایی سوپای ڕووسیا و شکستە یەك لە دوای یەکەکانی لەسەر دەستی ئۆکرانییەکان.

پوتین بیروبۆچوون و دیدگای خۆی نەشاردووەتەوە لە ئاست ئۆکرانیادا و، لە وتارێکدا کە لە تەمووزی ساڵی ٢٠٢١دا بڵاوی کردەوە، نووسیویەتی: «من باوەڕم وایە کە سەروەریی ڕاستەقینەی ئۆکرانیا تەنیا بە هاوبەشی لەگەڵ ڕووسیادا بەدی دێت». پوتین ڕایگەیاند کە ئەو نیگەران بووە کە ئۆکرانیا لە لیستی ئەو وڵاتانەدا بوو کە ئومێد و خواستی ئەوەیان هەبوو بچنە نێو ڕێکخراوی ناتۆوە، ئەو ئەم پەرەسەندنەی بە هەڕەشە بۆ سەر ڕووسیا لێك دایەوە و، داوای زەمانەتی لە ڕۆژئاوا کرد کە نابێت ڕێگە بدەن هەرگیز ئەمە ڕوو بدات. لە ڕاستیدا داگیرکارییەکەی پوتین بۆ ئۆکرانیا کاردانەوەی زۆر پێچەوانەی لێ کەوتووەتەوە، تەنانەت ئەو وڵاتانەی پێشتر وڵاتی بێلایەن بوون وەك سوید و فنلەندا لە ئێستادا هەوڵ دەدەن و دەیانەوێت ببنە ئەندامی ناتۆ، داگیرکارییە نایاساییەکەی پوتین بۆ ئۆکرانیا بووەتە هۆی بەهێزکردن و پتەوکردنی ڕێکخراوی ناتۆ.

*** باشە، دوای ئەو هەموو پەرەسەندن و کاردانەوانە پێت وایە لە ئێستادا ڕەوتی شەڕەکە بە چ ئاقار و ئاراستەیەکدا دەڕوات، بە واتایەکی دیکە ئایا پێت وایە بەرەو هەڵکشانی زیاتر و بەرفراوانبوون و بەربڵاوبوونی پتر دەڕوات، یان دەرفەتی ئەوە هەیە لە ڕێی گفتوگۆوە چارەسەر و ڕێککەوتنێك بێتەئاراوە کە هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان پێی ڕازی بن و پێوەی پابەند بن؟**

- لە ڕاستیدا خودی سەرۆك ڤلادمیر پوتین دانی بەوەدا ناوە کە لە میانەی ١٠٠ ڕۆژی شەڕەکەیدا لەگەڵ ئۆکرانیا، ٣٠ هەزار سەربازی ڕووسیا گیانیان لەدەست داوە، کە ڕەنگە ژمارەکە لەوە زیاتریش بێت، ئەمە هاوشان بە تێکشکانی ژمارەیەکی زۆری ئامێری سەربازی و تانك و فڕۆکە و هیلیکۆپتەر و تەنانەت کەشتیگەلی دەریای ڕەش-مۆسکڤا-. لەم ڕووەوە بەڵگەیەکی زیاتر بەدی دەکرێت لە نێو نائارامی و نارەحەتی لە نێو ڕیزەکانی سوپای ڕووسیادا، هەموو ئەمانە لەپاڵ ڕێکار و هەنگاوەکانی سزادان لەلایەن ڕۆژئاواوە دژ بە چینی ئۆلیگارشی ڕووسیا، من پێشبینیی ئەوە دەکەم کە لە ئێستادا پلانێك لە ئارادا بێت بۆ ئەوەی ڤلادمیر پوتین لە دەسەڵات دوور بخرێتەوە و، کەسێك لە جێی ئەو دەسەڵات بگرێتەدەست، کە ببێتە سەرۆکێکی میانڕەوتر و شەڕەکە کۆتایی پێ بهێنێت و لەگەڵ ڕۆژئاوادا هەوڵی ئاشتەوایی بدات.



**خودی سەرۆک ڤلادمیر پوتین دانی بەوەدا ناوە کە لە میانەی ١٠٠ ڕۆژی شەڕەکەیدا لەگەڵ ئۆکرانیا، ٣٠ هەزار سەربازی ڕووسیا گیانیان لەدەست داوە، کە ڕەنگە ژمارەکە لەوە زیاتریش بێت**

**پێشبینیی ئەوە دەکەم کە لە ئێستادا پلانێک لە ئارادا بێت بۆ ئەوەی ڤلادمیر پوتین لە دەسەڵات دوور بخرێتەوە و، کەسێک لە جێی ئەو دەسەڵات بگرێتەدەست، کە ببێتە سەرۆکێکی میانڕەوتر و شەڕەکە کۆتایی پێ بهێنێت و لەگەڵ ڕۆژئاوادا هەوڵی ئاشتەوایی بدات**



## چیایی تەیمور عەبدال

ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ گوڵان:

# بەکارهێنانی دادگای بەناو فیدراڵی وەک کارتێکی گوشاری سیاسی بووەتە واقیعێکی بەرجەستە

**پرۆسەی سیاسیی عێراق دوچاری چەقبەستنێکی ئاڵۆز بووەتەوە و، لە ئاسۆدا ئەگەری کرانەوە و خاوکردنەوەی گرێکوێرەکان بەدی ناکرێت، تا ئێستا هیچ یەکێك لە دەستپێشخەرییەکانیش نەیانتوانی بەرەوپێشچوونێکی بەرچاو بەدی بهێنن و زەمینە ساز بکەن بۆ هەڵگرتنی هەنگاوی پێویست، بۆ خستنەگەڕی هەوڵەکان بە ئاراستەی هەڵبژاردنی سەرۆك كۆمار و پێکهێنانی حکومەت. ئەم پرسانە و چەند پرس و پەرەسەندنێکی دیکەی پەیوەست بوونە تەوەری دیمانەیەکی گوڵان لەگەڵ چیایی تەیمور عەبدال ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق.**

*** لە هەرسێ دەسەڵاتە سەرەکییەکەی دەوڵەتی عێراق (پەرلەمان، حکومەت، سەرۆك كۆمار) تەنیا سەرۆکایەتیی پەرلەمان هەڵبژێردراوە و، دوو سەرۆکایەتییەکەی دیکە (حکومەت، كۆمار) دوچاری چەقبەستن بوونەتەوە، پەرلەمانیش لە دانیشتنەکانی بەردەوامە و یاسا دەردەکات، ئایا ئەم بارودۆخە تاکەی بەردەوام دەبێت و چارەنووسی ئەم خولەی پەرلەمان بەرەو کوێ دەچێت؟**

- ڕاستە پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا دوچاری چەقبەستن بووە و، لە دوای هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، دەبوو دانیشتنی هەڵبژاردنی سەرۆك كومار بەڕێوە بچێت، بەڵام لە میانەی دوو دانیشتندا نەمانتوانی (نیسابی یاسایی) کە بە گوێرەی شرۆڤەی داگای فیدراڵی دوو لە سەر سێی ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانە، بۆ دانیشتنەکە تەواو بکەین، ئەمەش لەبەر دوو هۆکار بوو، یەکەم ئەوە بوو کە (چوارچێوەی هەماهەنگی) هەموو سەنگ و هێزی خۆیان بەکار هێنا، بۆ ئەوەی (نیساب)ی دانیشتنەکان تەواو نەبێت، بۆ ئەم مەبەستەش باس لەوە کرا کە پەنایان بردووەتە بەر گوشار و هەڕەشە و (ئیغرائات) لە بەرامبەر هێز و لایەنەکان، بە تایبەت لە بەرامبەر نوێنەرانی سەربەخۆ، تا ئامادەی دانیشتنەکان نەبن. هۆکاری دووەم پەیوەستە بە شیکردنەوەی دادگای فیدراڵی بۆ نیسابی یاسایی دانیشتنی سەرۆك كومار و ڕەچاونەکردنی بەرژەوەندیی باڵای وڵات، کە چەند مانگێکە وڵات بێ سەرۆك كۆمارە و حکومەتی پێك نەهێناوە و عێراق لە بۆشایی دەستووریدایە. من پێموایە بۆ شکاندنی ئەم بەستەڵەکە سیاسی و حوکمڕانییە چەند ڕێگەیەکمان لە پێشە، یەکەمیان هێشتنەوەی (کازمی)یە وەکو پاڵێوراوێك کە جێی ڕێککەوتنی لایەنەکان بێت بۆ پێکهێنانی حکومەت و پێدانی چەند وەزارەتێك بە هاوپەیمانی هەماهەنگی، ڕێگەچارەی دووەم: موقتەدا سەدر هەوڵ بدات هەندێك لە سەرکردەکانی هاوپەیمانی بهێنێتە ڕیزەکانی و زۆرینەی نوێنەرانی سەربەخۆ ڕازی بکات، لەگەڵ ئەو کوتلە بچووکەکان بێنە ناو هاپەیمانیەتی ڕزگارکردن. ڕێگەچارەی سێیەم: ئەنجومەنی نوێنەران خۆی هەڵبوەشێنێتەوە بەو میکانیزمە دەستوورییانەی لە ئارادان، هەرچەندە ئەمەش کۆسپ و لەمپەڕی زۆری لە ڕێیە، هەر لە هەڵوێستی هێزە سیاسییەکان و خودی نوێنەران و ترس و نیگەرانی لە ڕاددەی بەشداربوونی خەڵك لە هەڵبژاردنەکاندا.

*** لەماوەی ڕابردوودا گرووپێك چەکداری لە یاسا دەرچوو بە ناوی دەستەی هەماهەنگیی بەرەنگاری (هيئة تنسيق المقاومة) هەڕەشەیەکی گەورەیان لە هەرێمی کوردستان کرد و، ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستانیش بە توندی وەڵامی دانەوە، ئایا ئەم پرسە لە ناو پەرلەمانی عێراق هیچ باسی لێ کراوە؟ یان ئایا کاتێك هەڕەشەیەکی لەو جۆرە لە وجوودی کیانی هەرێمی کوردستان دەکرێت، پێویستە پەرلەمانی عێراق هەڵوێستی چۆن بێت؟**

- ئەوەی جێی هەڵوەستەیە لە بارەی هەڕەشەکانی دەستەی هەماهەنگیی بەرەنگاری (هيئة تنسيق المقاومة) ئەوەیە کە هەر سێ سەرۆکایەتییەکەی عێراق هیچ هەڵویستێکی بەرچاویان نەبووە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە حکومەت لاوازە و لایەنە پەیوەندیدارەکان بە ئەرکی خویان هەڵناسن و، ناتوانن هیچ هەڵوێستێکی توندیان هەبێت، جێی داخە کە

**چوارچێوەی هەماهەنگی هەموو سەنگ و هێزی خۆیان بەکار هێنا، بۆ ئەوەی (نیساب)ی دانیشتنەکان تەواو نەبێت، بۆ ئەم مەبەستەش باس لەوە کرا کە پەنایان بردووەتە بەر گوشار و هەڕەشە و (ئیغرائات) لە بەرامبەر هێز و لایەنەکان، بە تایبەت لە بەرامبەر نوێنەرانی سەربەخۆ، تا ئامادەی دانیشتنەکان نەبن**

**نەک هەر کورد، بەڵکو هەندێک هێزی سیاسیی سوننە و شیعەش پێیان وایە دادگای بەناو فیدراڵی بە تایبەتی لە دوای بڕیارەکانی ئەم دواییەوە بێلایەن و سەربەخۆ نییە**

**پێویستە بیر لەوە بکەینەوە جارێکی دیکە هەیکەلییەت و کار و ئەرکەکانی ئەم دەزگا گرنگە (دادگای فیدراڵی) دابڕێژرێتەوە، بە شێوەیەک کە بێلایەن و پیشەییانە کاری خۆی ئەنجام بدات و، نەبێتە ئامرازێک بۆ گوشارخستنەسەر هیچ هێز و لایەن و کەسێک**

**سەرۆک کومار وەکو پارێزەری دەستوور بە ئەرکی خۆی هەڵنەساوە، چونکە زۆرجار برگە و ماددەکانی دەستوور جێبەجێ نەکراون و بگرە پێشێل کراون و هیچ هەڵوێستێکی لێی بەدی نەکراوە**

**سەرۆک کۆمار لە ئاست ئەرکەکانیدا نەبووە، لەبەر ئەمەش پارتی دیموکراتی کوردستان پێی باشە کەسێکی دیکە ئەم پۆستە وەربگرێت و ئەو ئەرکانە ئەدا بکات کە ئەم پۆستە لێی دەخوازێت**

**بارودۆخ و پرۆسەی سیاسیی عێراق لە هەلومەرجێکی نالەباردایە و هێزە سیاسییەکانیش بە ئاراستەی هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنی نوێنەران کار ناکەن و، خواستێک بەدی ناکرێت بۆ ئەوەی کار بکرێت بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی پێشوەخت**

لە ئەنجومەنی نوێنەرانیش هیچ کاردانەوەیەك بەدی نەکرا، ئەگەرچی دەبووایە لایەن و کوتلە کوردستانییەکان وەکو (أضعف الأيمان) بەیاننامەیەك ئامادە بکەن و بخوێندرێتەوە و، دەبوو کار بکەن لەسەر بەڕێوەبردنی دانیشتنێکی کتوپڕ لەسەر ئەم هەڕەشانە، هەرچۆنێك بێت ئەم هەڕەشە و هەڵوێستانە کارتی گوشاری سیاسین لەسەر هەرێم و، بەتایبەت لە سەر پارتی دیموکراتی کوردستان، بۆ سازشکردن بۆ هەندێك داواکاریی نێوخۆی عێراق، بە تایبەتی لە پەیوەندی بە پێکهێنانی حکومەت و هەروەها هەندێك داواکاریی هێزی ئیقلیمی، لەم ڕووەوە دەکرێت بڵێین هیچ شتێك نەماوە بە ناوی سەروەریی خاکی عێراق.

*** وەك ئاگاداریت هەر چوار دەسەڵاتەکەی هەرێمی کوردستان (سەرۆکایەتیی هەرێم، حکومەت، پەرلەمان، ئەنجومەنی دادوەری)، بڕیارەکەی بەناو دادگای فیدڕاڵیی عێراقیان ڕەت کردەوە و، بە بڕیارێکی سیاسییان لە قەڵەم دا، لە بەرامبەریشدا وەزارەتی نەوتی عێراق چەندین هەنگاوی دوژمنکارانەی هەڵگرتووە بۆ سەپاندنی ئەو بڕیارە سیاسییەی بەناو دادگای فیدڕاڵی لەسەر هەرێمی کوردستان، ئایا ئەم هەڵکشانە ناجۆرە لەگەڵ هەرێمی کوردستان، لەلایەن پەرلەمانی عێراق و هاوپەیمانی ئینقازی وەتەن چۆن مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت؟**

- ئەوەی پەیوەست بێت بە گوشاری سەر حکومەتی هەرێم و بە کارهێنانی دادگای بەناو فیدڕاڵی وەکو ئامرازێکی فشاری سیایی، ئەوا بە داخەوە ئەمە بووەتە واقیعێکی بەرجەستە و، لەم ڕووەوە نەك هەر کورد، بەڵکو هەندێك هێزی سیاسیی سوننە و شیعەش پێیان وایە دادگای بەناو فیدڕاڵی بە تایبەتی لە دوای بڕیارەکانی ئەم دواییەوە بێلایەن و سەربەخۆ نییە لە بڕیارەکانی و (ئینتیقائییەتێکی) زۆری پێوە دیارە لە بڕیاردانەدا، و هەست دەکرێت هەژمونێکی لەسەرە، ئەگەرنا داوایەك لە ساڵی (٢٠١٢) کرابێت و بێیت لە کەشێکی هەستیار و مەترسیدا دوای (١٠)ساڵ یەکلای بکەیتەوە و ڕەچاوی برگە ڕوون و ئاشکراکانی دەستوور نەکەیت لە حوکمەکەدا، پێموایە پێویستە بیر لەوە بکەینەوە جارێکی دیکە هەیکەلییەت و کار و ئەرکەکانی ئەم دەزگا گرنگە (دادگای فیدراڵی) دابڕێژرێتەوە، بە شێوەیەك کە بێلایەن و پیشەییانە کاری خۆی ئەنجام بدات و، نەبێتە ئامرازێك بۆ گوشارخستنەسەر هیچ هێز و لایەن و کەسێك.

*** هەر لەم ماوەیەدا و لەسەر داوای سەرۆك کۆمار، دادگای فیدڕاڵی پڕۆژە یاسای ئاسایشی خۆراکی ڕەت کردەوە و، بە حکومەتی تەسریفی ئەعمال ناوزەدی کرد، دوای ئەوەش پەرلەمان بە ڕێگەی داواکاریی ژمارەیەك پەرلەمانتار خوێندنەوەی یەکەمی بۆ پڕۆژە یاساکە کرد، پرسیار لێرەدا ئەوەیە، ئەم هەنگاوەی پەرلەمان ئایا ڕەتکردنەوەی بڕیارەکەی بەناو دادگای فیدراڵی نەبوو؟ ئایا ئەم پڕۆژە یاسایە لە ناو پەرلەمان تێپەڕ دەبێت و دەنگی لەسەر دەدرێت؟ ئەگەر تێپەڕ ببێت، ئایا شایستەکانی هەرێمی کوردستان لەخۆ دەگرێت؟**

- ئەوە ڕاستە کە دادگای فیدڕاڵ ئەم پڕۆژە یاسایەی ڕەت کردەوە، بە پاساوی ئەوەی کە حکومەتەکە کاربەڕێکەرە و ئەویش بەم سیفەتە ناتوانێت هیچ پڕۆژە یاسایەك پێشنیار بکات، هەر چۆنێك بێت بە هۆی باری نالەباری خەڵك و پێویستی دابینکردنی بەشە خۆراکی مانگانە و دەستەبەرکردنی کارەبا و دانەوەی قەرزەکانی ئێران و دەستپێکردنەوەی پڕۆژە ڕاوەستاوەکان، لێژنەی دارایی لە ئەنجومەنی وەزیران بە ناچاری ئەم پێشنیاری یاسایە (ڕەتکردنەوەی پڕۆژە یاسای ئاسایشی خۆراك)ی پێشکەش بە سەرۆکایەتیی پەرلەمان کردووە، بۆ ئەوەی ئەنجومەنی نوێنەران پەسەندی بکات و ببێتە یاسا و جێبەجێ بکرێت، لەم ڕووەوە هەندێك گومان و هەستیاری هاتنەئاراوە لە بارەی گوژمەی زەبەلاحی پڕوژەکە کە دەگاتە (٣٥) ترلیۆن دینار، چونکە ئەمە دەرفەتی ئەوە دروست دەکات کە خراپ بەکار بهێنرێت و، لە هەمان کاتدا ترسی ئەوە هەیە ببێتە جێگرەوەی بودجەی ئەمساڵ، بە تێڕوانینی من ئەگەر ئەم پڕۆژە یاسایە تەنیا بوارەکانی خۆراك و دابینکردنی کارەبا بگرێتەوە و تێکڕای پارەکە (١٠تا ١٢) ترلیۆن دینار بێت، ئەوا ئەگەری ئەوە هەیە ئەنجومەنی نوێنەران پەسەندی




بکات و ڕەنگە کەسیش بوێری ئەوەی نەبێت بە هۆی تووڕەیی و نارەزایی خەڵکەوە داوا لە دژی تۆمار بکات. ئەوەی پەیوەست بێت بە پشکی هەرێمی کوردستانەوە، ئەوا بڕ و پشکێکی زۆر نابێت، چونکە ئەم گوژمەیە لە داهاتی زیادی نرخی نەوت تەرخان دەکرێت.

*** ئایا سەرۆك کۆمار بەو سیفەتەی پارێزەری دەستوورە، ناتوانێت سنوورێك بۆ بەناو دادگای فیدراڵی دابنێت کە لە بری تەفسیر بۆ بەندەکانی دەستوور، ڕۆڵی موشەریع دەگێڕێت؟**

- لە ڕاستیدا سەرۆك کومار وەکو پارێزەری دەستوور بە ئەرکی خۆی هەڵنەساوە، چونکە زۆرجار بڕگە و ماددەکانی دەستوور جێبەجێ نەکراون و بگرە پێشێل کراون و هیچ هەڵوێستێکی لێی بەدی نەکراوە، و بە تایبەتی لەو پێشێلکارییەی بەرامبەر مافەکانی کورد دەکرێت، لە نێویاندا بەعەرەبکردنی خاك و زەویی کشتوکاڵیی کورد و دوسێی پارێزگاری سەپێندراوی شاری کەرکووك، لەبەر ئەوە جێی داخە سەرۆك کۆمار لە ئاست ئەرکەکانیدا نەبووە، لەبەر ئەمەش پارتی دیموکراتی کوردستان پێی باشە کەسێکی دیکە ئەم پۆستە وەربگرێت و ئەو ئەرکانە ئەدا بکات کە ئەم پۆستە لێی دەخوازێت.

*** هەر دوو بەرەی ئینقاز و ئیتار دژی ئەنجامدانەوەی هەڵبژاردن و، هەڵوەشانەوەی پەرلەمانن، پرسیار ئەوەیە ئەگەر ئەم چەقبەستنە سیاسییە بەردەوام بێت، ئایا بارودۆخەکە بەرەو ئەوە ناڕوات سەرۆك وەزیران و سەرۆك کۆماری ئێستا، خولێکیان بۆ تازە بکرێتەوە؟**

- بارودۆخ و پرۆسەی سیاسیی عێراق لە هەلومەرجێکی نالەباردایە و هێزە سیاسییەکانیش بە ئاراستەی هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنی نوێنەران کار ناکەن و، خواستێك بەدی ناکرێت بۆ ئەوەی کار بکرێت بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی پێشوەخت، هەروەك ئاشکرایە کە (موقتەدا سەدر) سوورە لەسەر دوورخستنەوەی (نووری مالیکی) لە پرۆسەی حوکمڕانی و لایەنی بەرامبەریش پێداگری دەکات لەسەر مانەوەی لە نێو پرۆسە سیاسییەکەدا و نایانەوێت دەستبەرداری جڵەوی حوکمڕانی بن، چونکە ترسیان هەیە لە ئاشکرابوونی گەندەڵی و کەموکوڕییەکانیان و نیگەرانن لەوەی دوچاری لێپرسینەوە ببنەوە، بۆیە ئەوە چاوەڕوان دەکرێت ئەم چەقبەستنە درێژەی هەبێت و سیناریۆیەکی هاوشێوەی وڵاتی لوبنان دووبارە ببێتەوە، کە ئەوە بوو بۆ ماوەی دوو ساڵ و نیو بێ حکومەت مانەوە، بە هۆی بوونی سێیەکی پەکخەر.

**(موقتەدا سەدر) سوورە لەسەر دوورخستنەوەی (نووری مالیکی) لە پرۆسەی حوکمڕانی و لایەنی بەرامبەریش پێداگری دەکات لەسەر مانەوەی لە نێو پرۆسە سیاسییەکەدا و نایانەوێت دەستبەرداری جڵەوی حوکمڕانی بن**

**چاوەڕوان دەکرێت ئەم چەقبەستنە درێژەی هەبێت و سیناریۆیەکی هاوشێوەی وڵاتی لوبنان دووبارە ببێتەوە، کە ئەوە بوو بۆ ماوەی دوو ساڵ و نیو بێ حکومەت مانەوە، بە هۆی بوونی سێیەکی پەکخەر**

# خوێندنەوەیەک بۆ پشووی هاوین لە نێوان وەبەرهێنان و بەفیڕۆدانی کاتدا

عیسا بۆتانی، نووسەری پەروەردەییە و سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «کاتێك قسە لەسەر پشووی هاوینی قوتابیان دەکەین؛ دەبێت واتای وشەکە لەبەرچاو بگرین. ماوەی پشوو خۆشترین کاتە بۆ قوتابیان کە هیچ یەکێك لەوان خوازیاری ئەوە نین لەو ماوەی پشووی هاوینەدا هاوشێوەی قوتابخانە بخرێنەوە بەر خوێندن، ئەوان زیاتر ئارەزووی بەسەربردنی کاتێکی خۆش و گەشت و یاریکردنیان هەیە، ئەمەش مافێکی ڕەوای خۆیانە، لەگەڵ ئەوەشدا ماڵباتەکان دەتوانن لە ڕێگەی ڕەخساندنی هەلێکی گونجاو یارمەتیی منداڵیان بدەن بۆ دەستنیشانکردنی ئەو یاری و خولیایەی کە پەرە بە توانا و بەهرەکانیان بدات».

گوتیشی: «هەمووان دەزانن کە منداڵێتی قۆناغی جێگیربوونی یادەوەریی جوان و دڵخۆشکەرە کە بە درێژایی تەمەن لەگەڵیاندا دەمێنێتەوە، جاری وایە کارەکتەری فیلم و کارتۆنێك بە قەدەر مامۆستا و باوانەکانی قوتابی کاریگەری لەسەر دروستبوونی کەسایەتییان دەبێت و دەبێتە بەشێك لە یادەوەرییەکانی تەمەنیان، وەکو چۆن نەوەکانی پێشوو کە تەمەنیان لە ئێستادا لە سەرووی چڵ ساڵە و هیچ یەکێك لەوان کەسایەتیی (ساسۆکی و سندیباد و دۆك فلید و پێپێرۆ و.. هتد)یان لەبیر نەکردووە، ڕاستە لە ئێستادا سەرچاوەکانی پیشاندان و بەرهەمهێنانی هونەری بۆ منداڵان زۆر و جیاوازن، بەڵام هەمیشە مرۆڤەکان بەلایانەوە پەسندترە دەرمان لە دەرمانخانە بکڕن، نەوەك لە مارکێت. لە ڕێگەی ئەو نموونەیە دەمانەوێ بڵێین کە پێویستە کەناڵی پەروەردەیی لە وەزارەتی پەروەردە ئەگەر توانای بەرهەمهێنانیشی نەبێت ئەوا کار بۆ بە کوردیکردنی چەند فیلم کارتۆن و گۆرانی و پرۆگرامێکی سەرنجڕاکێش و زانستی بەتایبەت بۆ وەرزی هاوین بکات. بێجگە لەوە هیچ قوتابییەك نییە خولیا و ئارەزوو و بەهرەیەکی نەبێت، کە ئەو ماوەی پشووە دەرفەتێکە هەم پەرەی پێ بدات و هەم ببێتە ماوەیەکی چێژبەخش بۆی».

ئەو نووسەری پەروەردەییە ڕای وایە «بەشداریکردنی قوتابیان لە خێوەتگە و خولەکانی وێنەکێشان و خۆشنووسی و.. هتد، هەموویان گرینگن و نکۆڵی لە سوودەکانیان ناکرێت، بەڵام لە ئێستادا هیچ دەرفەتێکی بەشداریکردن لەو خولانە بێ بەرامبەر نییە و هەموو لەلایەن کەرتی تایبەت و وەکو لایەنێکی بازرگانی بەڕێوە دەچن و سەیر دەکرێن، لە کاتێکدا هەموو ماڵباتەکان دۆخی ئابوورییان لەو ئاستەدا نییە منداڵەکانیان لەو خولانە ناونووس بکەن، بەڵام دەتوانن لە ماڵ هاوکاری منداڵەکانیان بن، تاکو ئەو ماوەی پشووە بەو شتانە بەسەر ببەن کە کەڵکی بۆیان هەبێت، هەروەها پێویستە بۆ ئەو کاتانەی کە منداڵەکانیان هەست بە بێزاری و بێتاقەتی دەکەن، هانیان بدەن بۆ یارییە هزرییەکانی وەکو شەترەنج و خوێندنەوەی چیرۆك

**ماوەی پشوو خۆشترین کاتە بۆ قوتابیان کە هیچ یەکێک لەوان خوازیاری ئەوە نین لەو ماوەی پشووی هاوینەدا هاوشێوەی قوتابخانە بخرێنەوە بەر خوێندن**

**ماڵباتەکان دەتوانن لە ڕێگەی ڕەخساندنی هەلێکی گونجاو یارمەتیی منداڵیان بدەن بۆ دەستنیشانکردنی ئەو یاری و خولیایەی کە پەرە بە توانا و بەهرەکانیان بدات**



**پشووی هاوین بۆ قوتابیان پشوویەکی دڵخۆشکەرە و حەوانەوەیەکی ئاسوودەیی بەخشە، بەتایبەتی بۆ ئەو قوتابییانەی کە لە پرۆسەی خوێندن سەرکەوتوو بوون و بە هیوایەکی گەورەترە لە ئاسۆی دوارۆژیان دەڕوانن. بەڵام زۆر جار ئەم پشووە لە نێوان دووڕێیانی وەبەرهێنان و بەفیڕۆدانی کاتدا دەمێنێتەوە. بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گوڵان زیاتر تاوتوێی ئەو پرسە گرینگە دەکەن.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

و ئەو گۆڤارانەی لەگەڵ تەمەنیان دەگونجێت».

ڕۆڤیا خالید قوتابی زانکۆیە و پشووی هاوینە بە هەلێکی زێڕین دەزانێت بۆ هەموو قوتابییەك لە قۆناغەکانی خوێندن تاکوو بتوانن زەمەنێکی پڕ ئەزموونی تێدا دەستەبەر بکەن، بابەتی پڕکردنەوەی کاتی بەتاڵی قوتابیان لە کاتی پشووی هاوینیدا یەکێك لەو بابەتە هەرە گرینگانەیە کە زەمینەسازی بۆ کراوە و بەردەوام مشتومڕی لە سەر دەکرێت و، لەلایەن کارناسانی بواری پەروەردەیی و کۆمەڵایەتییەوە خوێندنەوەی جیاوازی بۆ دەکرێت».

ئەو قوتابیی زانکۆیە ڕای وایە: «بەشێکی زۆر لە قوتابیان پشووی هاوین بە دەرفەتێك بۆ کارکردن و یارمەتیدانی بنەماڵەکەیان بۆ پەیداکردن و پاشەکەوتکردنی بژێوی خێزان دەزانن، بەڵام حەق وایە لە بواری هونەری و وەرزش و فێرکارییەکان زیاتر خۆیان پەروەردە بکەن».

خەلیل پاڵانی مامۆستایە لە پەروەردەی مەخموور و هێما بۆ ئەوە دەکات کە «دوای کۆتاییساڵی خوێندن، پشووی هاوینە دەست پێ دەکات، ئەم پشووەش گرنگیی خۆی هەیە لە ژیانی قوتابیان و بۆ ئەم مەبەستە پێویستە دایك و بابان پلانێکی تۆکمە بۆ منداڵەکانیان دابنێن و کاتیان بۆ ڕێك بخەن، بۆ ئەوەی لەم پشووەدا هەم چێژ وەرگرن و هەمیش سوود ببینن «. هاوکات دەڵێت: «پێویستە قوتابیان لە پشووی هاویندا هەوڵی ئەوە بدەن کە ڕۆژانە کاتێکیان هەبێت بۆ خوێندنەوەی پەرتووك و گۆڤار و ڕۆژنامە و چیرۆکی منداڵان، هەروەها سەیرکردنی بەرنامە فێرکاری و زانستییەکانی کەناڵەکانی تیڤی و ئەنتەرنێت، هەروەها بەشداریکردن لە کۆڕ و سیمیناره ڕۆشنبیری و هونەرییەکان و سەردانی شوێنە گەشتوگوزارییەکان و ئاشنابوون بە شوێنەوارە دێرینەکانی وڵات زۆر گرینگن، هەروەها دەکرێت لەم ماوەی پشووەدا بۆ فێربوونی زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی، زیاتر سەیری فیلم و کارتۆن فو زنجیرە فیلمی منداڵان بکەن، کە بە زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی بڵاو دەکرێنەوە»، گوتیشی: «زۆر گرنگە کاتەکانی خەوتنی قوتابیان ڕێك بخرێن و زیادەڕەوی نەکەن لە خەوتن، هەروەها ڕۆژانە وەرزش بکەن و چالاکییە جەستەییەکانیان زیاتر بکەن، چونکە منداڵ وزەی زۆرە و پێویستە ئەو وزەیە بەکار بهێنین، بە شێوەیەك کە سوودی بۆ گەشەی جەستەیی منداڵ هەبێت».

**هیچ قوتابییەک نییە خولیا و ئارەزوو و بەهرەیەکی نەبێت، کە ئەو ماوەی پشووە دەرەفەتێکە هەم پەرەی پێ بدات و هەم ببێتە ماوەیەکی چێژبەخش بۆی**

ئەو مامۆستایە بە پێویستی دەزاندێت «باوان هانی منداڵەکانیان بدەن و پشتگیرییان بکەن بۆ دەرخستنی ئارەزووەکانیان، چ لە وێنەکێشان، یان جۆرێك لە جۆرەکانی وەرزش، یان ژەنینی ئامێرێك لە ئامێرەکانی مۆسیقا، یان هەر ئارەزوویێکی دی کە حەزی پێ بکەن»، گوتیشی: «پێویستە منداڵان رابهێندرێن لە پشتبەستن بە خۆیان لە پاككردنەوەی ژوور و ماڵ بەشدار بن، فێری چاندنی دار بکرێن و خواردن بدەن بە پەلەوەر و ئاژەڵان، بۆ ئەوەی گیانی هاوکاری و بەزەیی و بەخشین و چاکەکاری لە ناخیاندا بروێنرێت، بۆ ئەوەی لە دوارۆژدا سوود بە خۆیان و کۆمەڵگەکەیان بگەیەنن».

**بەشێکی زۆر لە قوتابیان پشووی هاوین بە دەرفەتێک بۆ کارکردن و یارمەتیدانی بنەماڵەکەیان بۆ پەیداکردن و پاشەکەوتکردنی بژێوی خێزان دەزانن**





تارا عەلی:

# کۆرۆنا زیانی ١٢ دەفتەر دۆلاری پێگەیاندم

پەتای کۆرۆنا، یان ڤایرۆسی (کۆڤید١٩) لە ئاستی جیهاندا زیانی گەورەی ئابووری دروست کرد و، زۆر کەس هەموو سامانەکەی، یان بەشێکی زۆری لە دەست دا. بەتایبەتی ئەو کەسانەی کە چێشتخانە و ڕێستۆرانتەکانیان بە پارەیەکی زۆر بە کرێ گرتبوو. تارا عەلی یەکێکە لەو کەسانە کە وەك خۆی باسی دەکات، هەموو سامانەکەی لە دەست داوە، بەڵام سەر لە نوێ لە سفرەوە دەستی بەکار کردووەتەوە. لەم دیمانەیەدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان باسی بەسەرهات و ژیان و کارەکەی دەکات.

گوڵان: کۆمەڵایەتی

تارا عەلی مەعروف لە شاری سلێمانی لەدایك بووە و وەك خۆی باسی کرد، هەر لە تەمەنی منداڵییەوە «توانا و خولیا و ئارەزووی کارکردن»بووە، هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: «سەرەتای کارکردنم لە تەمەنی نۆساڵیم بوو، لەگەڵ باوکم دەستم بە کار کرد. باوکم خەیاتی جلوبەرگی پیاوان بوو، منیش ئاسانکاریی زۆرم بۆ دەکرد، وەك ئوتووکردن و قوپچەلێدانی ئەو جلوبەرگانەی باوکم دروومانی دەکرد، دوای تەواوکردنیان بە پێ نزیکەی شەش کیلۆمەتر ڕێگەم دەبڕی، تا جلوبەرگی خەڵکم بۆ دووکانی باوکم دەبردەوە. زۆر پاڵپشتی باوکم بووم، ئەویش زۆری خۆش دەویستم، چونکە هەم هاوکاریم دەکرد، هەم کچە بچووکی باوکیشم بووم».

سەبارەت بە تێکەڵبوونیشی بە کاری چێشتلێنان گوتی: «لە تەمەنی ١١ ساڵیمەوە دەستم کرد بە ئیشی ناو مەتبەخ و یارمەتیدانی دایکم لە هەموو جۆرە ئیش و خواردن دروست کردندا، لە تەمەنی ١٢ ساڵیمەوە باشترین چێشتلێنەر بووم. هەر ئەوەش وای کرد، هەمیشە خولیای ئەوە بووم، چێشتخانەیەکم هەبێت. دواتر کە مێردم کرد، پاش چەند ساڵێك لەگەڵ هاوسەرم و منداڵم چووینە دەرەوەی وڵات و لە ئەڵمانیاماینەوە، لەوێش ساڵانێکی زۆر بە خوێندن و کاری شێفی خواردن سەرقاڵ بووم. خاوەنی چێشتخانەیەکی خنجیلانەی خۆمان بووین، ماوەی ٢٦ ساڵم لە غەریبی بەڕێ کرد و ساڵی ٢٠١٨ گەڕامەوە کوردستان و وتم ئەو تەمەنەی ماومە، خزمەتی کوردستانی خۆمی پێ دەکەم و لە شاری هەولێری خۆشەویست، چێشتخانەیەکی گەورەم لە جادەی ٤٠ مەتری کردەوە، بۆ ماوەی دوو ساڵ زۆر بە سەرکەوتوویی کارم دەکرد و بەڕێوەم دەبرد، بە هۆی تام و لەزەتی خواردنەکانمەوە کڕیارێکی یەکجار زۆرم هەبوو لە کورد و لە عەرەب، هەموو خواردنەکان (کوردی و بیانی) خۆم دروستم دەکرد، بەڵام بەداخەوە لە کاتی ڤایرۆسی کۆرۆنا و درێژەکێشانی کەرەنتینە ڕیستۆرانتەکەم بە مەبلەغی ١٢ دەفتەر (١٢٠هەزار دۆلار) زەرەرم لێ کەوت، ناچار هەموو کەلوپەکانم بۆ کرێی چێشتخانەکە فرۆشت، ئەوەش وەك ئەوە وابوو پارچەیەکی گەورە لە جگەرم ببڕن، چونکە زۆر بە دڵ و بە گیان چێشتخانەم دانا، کار گەیشتە ئەوەی دەستم لە کارەکەم بەردا و هاتمە ماڵێ بۆ ماوەیەکی کەم بێکار مامەوە بەڵام من بەو زەرەرە گەورەیەش نەڕووخام و بە ٢٥ هەزار دینارەوە کە لە گیرفانمدا بوو، دەستم بەکار کردەوە، کەمێك کەلوپەلی پێ کڕی و ریکلامی پەیج و فەیسبووکم کرد، دووبارە کڕیار زۆر بوون و دەستم دایەوە کاری دروستکردنی خواردن، ئەم جارەیان لە ناو ماڵی خۆم خواردنم دروست دەکرد و دواتر شۆفیرم دامەزراند و بە دلیڤەری دەمناردە دەرەوە، چونکە توانای ماددی دووکان و ڕیستۆرانتم نەما بیکرم یان بە کرێی بگرم و کاری تیا بکەمەوە . ئێستا ماوەی دوو ساڵە من کاری چێشتلێنان لە ناو ماڵی خۆمدا دەکەم، بەڵام لە ئێستادا خواردنەکانم زیاتر تایبەتە بە جۆری برژاوەکان، ڕۆژانە نزیکەی شەش سەعات زەلاتە و خۆشکردنی جۆری گۆشت و کەباب بۆ چێشتخانەیەك ئامادە دەکەم. لە ساڵێکدا تەنیا حەوت مانگ ئەم کارەم هەیە، بژێوی ژیانیشم لەسەر ئەو کارە و چێشتخانەی ناوماڵی خۆمە بە ڕەنجی شانی خۆم دەژیم و هیچ کەسێك هاوکار و یارمەتیدەرم نییە».

تارا لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە چ پەیامێکی بۆ خانمان هەیە، گوتی: «ئێمەی ئافرەتان هیچمان لە پیاوان کەمتر نییە، ئەگەر خۆمان بمانەوێت دەتوانین شان بە شانی پیاوان کار بکەین، بۆیە بەداخەوەم بۆ ئەو ئافرەتانەی حەز دەکەن بچنە دەرەوەی ماڵ و کارێك بکەن و نانێکی حەڵاڵ پەیدا بکەن، بەڵام لەلایەن هاوسەر و دایك و باوك و خزمانی نزیکیان ڕێگرییان لێ دەکرێت. پێویستە چیتر ئافرەت لە چوارچێوەی ماڵدا نەمێنێتەوە و بە کارێکی ڕێکوپێك خۆیان سەرقاڵ بکەن، هەروەها پێویستە خانمان هەوڵ بدەن چاویان لە دەستی هیچ کەس نەبێت و ببنە خاوەن داهاتی خۆیان و بە سەرکەوتنەکانیان بگەنە لووتکە و ببنە خاوەن ناو و ناوبانگی تایبەت». گوتیشی: «ئێمەی ئافرەتان دەتوانین بە کاری جوان و شایستە سەرقاڵ بین کە بگونجێت لەگەل دین و کەلتووری خۆماندا و کارێکی ناوازەش بێت کە ببێتە جێگەی باس و خواست لەناو کۆمەڵگە و کارێکی سەربەرزانە بێت بۆ کورد و کوردستانمان».

هەر لە درێژەی وتەکانیدا تارا عەلی ئەوەی خستەڕوو کە خاوەنی دوو کتێبی چاپکراوی تایبەت بە خواردنە و لە ٤٦٠ لاپەڕە پێکهاتووە. یەکەم کتێبی بە ناوی «باشترین خواردنی هەمەجۆر» ساڵی ٢٠١٧ چاپ کرا و کەوتە بازاڕەوە، دووەم کتێبیشی بە ناوی «شیرینی و موقەبیلات» لە ساڵی ٢٠١٨ چاپ کردووە. وەك دواوتەشی گوتی: «هەمیشە حەزم کردووە ببمە کەسێکی بەناوبانگ و سەرکەوتوو، سوپاس بۆ خودای گەورە ئەوەی ویستوومە هەر وا بووە، ئامۆژگاریشم بۆ ئەو خاتوونانەی کە کار دەکەن، ئەوەیە ئەگەر لە کارێك سەرکەوتوو نەبوون، نائومێد نەبن و لە شکست و دارمان نەترسن و هەوڵ بدەن کارێکی دی بکەن کە لە توانای ئەواندا بێت. هەمیشە ئێمەی ئافرەت دەبێت متمانەمان بە خۆمان هەبێت، ئەگینا کەسێکی سەرکەوتوو نابین لە ژیاندا . لە کۆتاییدا سوپاس و پێزانینم بۆ ئەو بەرێزانە هەیە کە هاوکار و پاڵپشتمانن و هەر سەرکەوتوو بن».

**بە پێ نزیکەی شەش کیلۆمەتر ڕێگەم دەبڕی، تا جلوبەرگی خەڵکم بۆ دووکانی باوکم دەبردەوە**

**ماوەی ٢٦ ساڵم لە غەریبی بەڕێ کرد و ساڵی ٢٠١٨ گەڕامەوە کوردستان و وتم ئەو تەمەنەی ماومە، خزمەتی کوردستانی خۆمی پێ دەکەم**

**بە هۆی تام و لەزەتی خواردنەکانمەوە مشتەرییەکی یەکجار زۆرم هەبوو لە کورد و لە عەرەب، هەموو خواردنەکان (کوردی و بیانی) خۆم دروستم دەکرد**

**هەموو کەلوپەکانم بۆ کرێی چێشتخانەکە فرۆشت، ئەوەش وەک ئەوە وابوو پارچەیەکی گەورە لە جگەرم ببڕن**

### دیمەن فەیزی:

# بە ئابووریی سەربەخۆ ڕێگرییەکانی بەردەم ئازادیی ئافرەت نامێنێت

**دیمەن فەیزی ئافرەتێکی تەمەن ٣٦ ساڵ و دایکی کچێکە و وەك خۆی باسی دەکات ژیان هەوراز و نشێوی زۆری نیشان داوە و، بە چەندین قۆناغی جیا جیا تێپەڕیوە. دیمەن ڕاشکاوانە سەرگوزشتەی ژیانی خۆی بۆ گولان باس دەکات.**

**گولان: کۆمەڵایەتی**

دیمەن فەیزی کاتێك تەمەنی ١٧ ساڵ بووە، دایکی بە هۆی نۆرەی دڵ کۆچی دوایی کردووە. وەك خۆی باسی کرد، ئەو کات پۆلی چوار بووە و دوو برای لە خۆی بچووکتری هەبووە، دوای ماوەیەکی کەم باوکی ژنی هێناوە، ڕێگەشی نەداوە دیمەن خوێندنەکەی تەواو بکات. هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: «برا بچووکەکەم بەرگەی نەگرت و بە ڕێگەی قاچاخ سەفەری ئەوروپای کرد، براکەی ترم دوای تەواوکردنی خوێندن هاوسەرگیری کرد و لە ماڵ دەرچوو، من لەگەڵ یادگارییەکانی دایکم و تووڕەیی بابم و هات و هاواری زڕدایکەکەم مامەوە، هەموو کارەکانی ماڵەوەم دەکرد و ڕێك بووم بە کچی ماڵەوە و نەمتوانی جارێکی دی باسی خوێندن بکەم، دوای ساڵانێك لە ئێش و ئازاری بێ دایکی و ماندووبوونی بێ شومار لە تەمەنی ٣٠ ساڵی هاوسەرگیریم لەگەڵ کوڕێکی بێگانە کرد، هەر زوو خوای گەورە کچێکی نەرم و ناسکی پێ بەخشیم، ئەگەرچی ژیانی هاوبەشیم لە ژیانی ماڵە باوانم باشتر و خۆشتر نەبوو، بەڵام بە هۆی بێ دایکی و بێ پشت و پەناییم هەموو سەختییەکم قبووڵ دەکرد، هاوسەرم زۆر خراپ بوو، خراپییەکەی تا ئاستی لێدان و بێڕێزی ڕێچکەی گرتبوو، بەڵام من بە ئومێدەوە لە داهاتووی خۆم و کچە نەرمۆڵەکەمم دەڕوانی و دڵنیابووم لەوەی ڕۆژێك خۆری ژیانم هەڵدێت و لە دەستی زوڵم و زۆرداری ڕزگارمان دەبێت». گوتیشی: «لە ماڵەوە نانم بۆ خەڵکی دەکرد، تەنانەت کاری پاککردنەوەی ماڵانیشم کرد، شەو و ڕۆژم خستە سەر یەك و بێ پشوودان لەگەڵ قەدەری خۆم و کچەکەم جەنگام، دواجار بووم بە خاوەنکاری خۆم و داهاتێکم دەستەبەر کرد بۆ ئەوەی چاو لە دەستی کەس نەبم. بەڵام کە هاوسەرم زانی لەسەر پێی خۆمم و لە هەموو کەس بێ منەتم، ڕێگەی کارکردنی لێ گرتم، هەموو کڕیارەکانی دەرکردم، هەڕەشەی ئەوەی لێ کردم ئەگەر بە قسەی ئەو نەکەم، ژیانم وێران بکات، هانام بۆ ماڵی بابم و براکانم برد، بەڵام کەس پشتی نەگرتم، دواجار بابم پێی گوتم وەرەوە، بەڵام منداڵی خەڵکی لەگەڵ خۆت مەهێنە، بەمجۆرە کەس ئامادە نەبوو من و منداڵەکەم بگرێتەخۆ، ئەو بارودۆخەم بەو ڕاستییەی گەیاندم کەوا داهاتی زۆری ژن بۆ پیاو مایەی ترس و نیگەرانییە و تەنیا ئابووریی سەربەخۆ دەتوانێت ڕێگرییەکانی بەردەم ئازادیی ئافرەت نەهێڵێت. دوای ئەو هەموو ڕووبەڕووبوونەوەیە هێشتا بێ هیوا نیم و دڵنیام لەوە کۆڵنەدان و پێداگریم دەمگەیێنێتە کەناری ئارامی و دڵنیایی، بەڵام نازانم کەی».



# لە کەرکووک «زەنگی ڕۆشنبیری» لێ دەدرێت



**لە پێناو برەودن بە ئاستی ڕۆشنبیریی قوتابیان بۆ ئەوەی خوێندنەوە لە نێو پرۆسەی خوێندندا بە کەلتوور بکرێت، یەکێتی قوتابیانی کوردستان/لقی کەرکووک لە میانەی پرۆژەی (زەنگی ڕۆشنبیری) هەڵمەتێکی کۆکردنەوەی کتێب بۆ ناوەندەکانی خوێندن و پەیمانگا پیشەییەکانی شاری کەرکووک جێبەجێ دەکات. ئەحمەد سیروان/ کادیری یەکێتی قوتابیانی کوردستان/ لقی کەرکووک، لە دیدارێکیدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان باس لە وردەکاریی پرۆژەی زەنگی ڕۆشنبیری دەکات و، جەخت لەوە دەکاتەوە کەوا ئامانجیان لە ڕاگەیاندنی ئەو پرۆژەیە برەودانە بە بەرزکردنی ئاستی ڕۆشنبیریی قوتابیان بە گشتی و بەرەوپێشچوون و گرنگیدان بە خوێندنی بەشی کوردی لە شاری کەرکووک بە تایبەتی.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

*** پرۆژەی (زەنگی ڕۆشنبیری)چۆن ئامادە کراوە و چ ئامانجێکی لە پشت بووە؟**

- ئەم پرۆژەیە لەلایەن یەکێتیی قوتابیانی کوردستان/ لقی کەرکووک جێبەجێ دەکرێت. هەڵمەتێکی کۆکردنەوەی کتێبە بۆ ناوەندەکانی خوێندن و پەیمانگا پیشەییەکانی شاری کەرکووک لە پێناو ئەوەی کتێبخانە لە نێو ناوەندەکانی خوێندن بوونی هەبێت، بەمەش برەوی زیاتر بە لایەنی ئاستی ڕۆشنبیریی قوتابیان بدرێت و خوێندنەوە بکرێت بە کەلتوور لە نێو پرۆسەی خوێندندا، پرۆژەکە لە١٦ی٥ی ئەمساڵ دەستی پێ کرد و، تاوەکو ئێستا بەردەوامە و لە ئێستادا لە قۆناغی کۆکردنەوەی کتێبین.

*** هۆکار چی بوو کە بیرتان لەو پرۆژەیەکی وا کردەوە؟**

- هۆکاری ئەنجامدانی ئەم پرۆژەیە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بەداخەوە ئاستی ڕۆشنبیریی بەشێکی زۆری قوتابیان و گەنجان بەپێی پێویست نییە، ئەمەش هۆکارەکەی بۆ لاوازیی لایەنی پەروەردە بە گشتی و لایەنی ڕۆشنبیری بەتایبەتی دەگەڕێتەوە، بۆیە بە باشمان زانی لە ڕێگەی بایەخدان بە خوێندنەوە، ئەم هەنگاوەمان ببێتە سەرچاوەی بنیاتنانی تاکێکی ئازادیخوازی ڕۆشنبیر و خاوەن دیدگای جوان و ڕێزگرتنی بۆچوونە جیاوازەکان و.. هتد، بۆیە لەم ڕوانگەیەوە بە پێویست و گرنگمان زانی کە برەو بە بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیریی قوتابیان بدەین، تاوەکو ببن بە نموونەیەکی جوان بۆ ئێستا و ئایندە، ئەم ڕێچکەیەش بەردەوامی هەبێت و سوود بە کۆمەڵگە و وڵات بگەیەنێت.


*** ئایا تا چ ئاستێك لەلایەن چینی قوتابیان و لاوانەوە ئەو پرۆژەیە پێشوازی لێ کراوە؟**

خۆشبەختانە قوتابیان بە گشتی و مامۆستایان بە تایبەتی زۆر دڵخۆش و گەشبینن بەم پرۆژەیە و لە چاوەڕوانیی هەنگاوی پراکتیکیی هەڵمەتەکەن و بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی گەیاندن و دروستکردنی کتێبخانەکەن، ئێمە لە ئێستادا لە قۆناغی ئامادەسازین بۆ دابینکردنی کتێبەکان و لە ماوەیەکی نزیکدا بە شێوەی کرداری کتێبەکان دابەش دەکەین. هەروەها ئەوەی جێگەی دڵخۆشیی ئێمە ئەوەیە کە لەسەر ئاستی سەرجەم پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان هەموو لایەك هاوکاری پرۆژەکەمانن و لە خەمی ئاستی ڕۆشنبیریی قوتابیان بە گشتی و خوێندنی بەشی کوردین بەتایبەتی.





# عەزیزی شارۆخی بارانی نۆتەی کۆک



**ئامانج غازی**

**بۆ گوڵانی نووسیوە**

هەرکاتێ باس و خواس لە فەرهەنگی دەنگە رەسەنەکان بکەین، دەبێ لەو حاڵەتەوە پەرە بە بابەتەکە بدەین کە تاچەند ئەو دەنگە کاریگەریی بەسەر بوارەکانی دیکەی ژیان و ژیاریی کوردەوارییەوە هەیەو، لە لایەنی چڕین و (ئەدا)ی هونەرییشەوە کێن ئەوانەی لاسایی و کاریگەریی ئەو دەنگەیان هەمیشە بەسەر رەوتی بیرکردنەوەو گوتن و چڕینەکانیانەوە هەیە.

بۆیە دەنگی زوڵاڵ هەموو کات چ وەکو میلۆدییەکی تەنیا، یان وەکو دەنگێگ بە یاوەریی کۆمەڵێ ئامێری موزیك، هەمان کاریگەری و داهێنان و نەسرەوتنی هونەری لێ دەبارێت، لە رۆژهەڵاتی کوردستان دوای چریکەی بولبولئاسای سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی، بەدەگمەن دەنگێگ هەڵکەوتووە بتوانێت خۆی لە قەرەی چینە دەنگی (Tinor) بدات!!

شارۆخی هونەرمەند هەر لە سەرەتای ژیانییەوە، ئەگەرچی فرچکی هونەریی بە دەنگە رەسەنەکانی (حەسەنی جزیری و عەلی مەردان و تایەر تۆفیق و خاڵە سێوە) گرتووە، وەلێ لە قوتابخانەی (سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی) جیهانێك لە ئەزموونی گەورەی بەدەست هێناوە، لە ئەداکردن و گوتندا هەمیشە لە دەنگی دووەمی ئۆکتافی (دۆ)وە گۆرانیی دەچڕێت، بە واتایەکی دی لە چینە دەنگی دەستپێکدا یەك ئۆکتاف زۆر بە ئاسانی ئەدا دەکات و، دەتوانم بڵێم ئێستا بەتواناترین دەنگی تینۆری یەکەمە لە سەرتاسەری کوردستان، وەلێ ئەم دەنگە گەر بهاتایە و لەرینەوەی هونەری Trillی لەگەڵدا بووایە، ئەوا جۆش و خرۆشێکی دیکەی دەبەخشییە کارەکان و، شارۆخی هونەرمەندیش لە سەرەتای ژیانی هونەریدا وەکو هونەرمەندانی باشووری کوردستان، بەدەست کەمی و نەبوونی ژەنیاری کوردییەوە ناڵاندوویەتی، هەمیشە ویستویەتی لە کانیاو و گەنجینەی لەبننەهاتووی کەلەپووری کوردیدا بەرهەمەکانی هەڵێنجێ و، بیکاتە دیاری بۆ هەوادارانی خۆی، پانتایی مێژوویی و جوگرافیی گۆرانی کوردی ئەمڕۆ زێتر پێویستی بە لێکۆڵینەوەو گەڕانی مەیدانی هەیە، بەواتایەکی دی، گرێدانی کۆنگرەیەك کە زۆر مەسەلەی هەڵێساو هەن زەرورەتێکی زۆر گرنگە تا کەفوکوڵی هونەرمەندان دابمرکێتەوەو، دووبارە بابەتە گرنکەکانی گۆرانیی کەلەپووری کوردی بەهاوچەرخێتی و ئەزموونی نەوە و پێشەنگەکانی هونەری ببەستێتەوە.

ئەوەی کە زۆر شت بەیەکەوە گرێ دەدات، تەنیا و تەنیا هونەرە، هونەرێك کە بتوانێ ببێتە بەدیلی زمان و، بتوانێ رەوشی میللەتێك بەرەو کاروانی نەمری ببات.

با هەنگاوەکانی ئەمڕۆ لەسەرخۆ بن، چونکە گرنگ ئەوەیە بنەماو کۆڵەگەو بناغەو داڕشتنەکانمان پتەو و کوردییانە بن!



### ئەلیشا:

# هەندیک لە پیاوان مەترسیدارن

زۆر جار ئەکتەر و گۆرانیبێژە ناودارەکان بە دەست ناسراوی و ناوبانگەوە دەناڵێنن و، بە ئاشکرا رایدەگەیەنن کە ناتوانن وەك هەر کەسێکی دیکە ژیانی ئاسایی خۆیان بەسەر بەرن و دوچاری گرفتی جۆراوجۆر دەبنەوە، بەتایبەتی لە وێنەگرتن و بڵاوبوونەوەی پڕوپاگەندەی جۆراوجۆر لە میدیاکان دەربارەی ژیانی ئاسایی و تایبەتی خۆیان، بەڵام کچە ئەستێرە و ئاوازدانەری ئەمریکی ئەلیشا کیز دەڵێت کە پیاوان بە هۆی رێکوپێکی بەژن و باڵای گرنگیی زۆریان پێ دەدا، ئەمەش زۆر جار گرفتی بۆ درووست کردووە، لەم بارەیەوە ئەلیشا دەڵێت: «من ئەم هەستەم تاقیکردووەتەوە، بۆیە هەست بە ترسی ئافرەتان دەکەم کە بە هۆی توانجلێدانی پیاوانەوە تووشی دەبن، چونکە من لە شەقامەکانی نیۆیۆرك ئەمەم زۆر بینیوە، رەنگە ئەمەش بەهۆی شێوازی جلوبەرگەکانمەوە بێت کە تا رادەیەك سەرنجڕاکێش بوون»، ئەلیشا زیاتر دەڵتی: «زۆر هەستم بە غەریزەیەکی ئاژەڵانە دەکرد لەلایەن هەندێك پیاوەوە، ئەمەش منی زۆر ترساند، بۆیە هەر کە دەستم بە کاری هونەری کرد ستایلی قژم گۆڕی و چیتر جلوبەرگی تەسکم لەبەر نەکرد، بۆ ئەوەی زۆر سەرنجی پیاوان بۆ خۆم رانەکێشم، بۆیە ئێستا کە لە جیاتی جێنزی تەسك جلوبەرگی بەرین لەبەر دەکەم، هەست بە جیاوازییەکی زۆر دەکەم لە تێڕوانینی پیاوان و رزگارم بووە لە توانجەکانیان.»



# مەریام شێوازی کارەکانی دەگۆڕێت

لە میانەی بەرنامەیەکی تەلەفویۆنیدا خانمە گۆرانیبێژی لوبنانی (میریام فارس ) ئاشکرای کرد کە بڕیاری داوە چیتر لە ئاهەنگی ئاساییدا گۆرانی نەڵێت و تەنیا لە ئاهەنگی کەسایەتییە سیاسی و گەورە و بەرپرسانی وڵاتاندا بەشداری دەکات، ئەمەش یەکەم جارە میریام بەو شێوە و بە راشکاوانە ئەو بابەتە بخاتە ڕوو.

میریام لەم بارەوە دووپاتی کردەوە کە لەگەڵ بەڕێوەبەری کارەکانی ڕێککەوتوون کرێی بەشداریکردنی لە ئاهەنگەکاندا دوو هێندە زیاد بکات، چونکە بە هۆی ئەوەی کرێیەکەی کەم بوو، ناچار بوو لە هەفتەیەکدا زیاتر لە چوار ئاهەنگ ساز بکات و زۆر جار شوێنەکانیشیان لە یەکتری دوور بوون.

خانمە گۆرانیبێژە لوبنانییەکە ئەوەشی ئاشکرا کرد کە لە ئێستادا بەهۆی زۆریی کرێیەکەیەوە تەنیا خانەوادە زۆر دەوڵەمەندەکان دەتوانن بۆ ئاهەنگە تایبەتییەکان گرێبەستی لەگەڵ بکەن، بۆیە ئەویش تەنیا بۆ کەسانی زۆر دەوڵەمەند ئاهەنگ ساز دەکات و هەرچەندە ژمارەی ئاهەنگەکانی کەم بووەتەوە، بەڵام کرێی زۆر زیادی کردووە، ئەمەش لە زۆر رووەوە سوودی پێ گەیاندووە.

هەرچەندە زۆر کەس دەستخۆشییان لە میریام کرد بۆ ئەو راستگۆیییەی، بەڵام رووبەڕووی رەخنەیەکی زۆریش بووەوە.



# باندیراس گرگی بە تەندروستی خۆی دەدات

ئەستێرەی ناسراوی سینەمای ئیسپانی و جیهانی (ئەنتۆنیۆ باندیراس) رایگەیاند کە بڕیاری داوە لەمەودوا گرنگییەکی زۆر بە باری تەندروستیی خۆی بدات، ئەمەش دوای ئەوەی تووشی چەند گرفتێك بوویەوە لە دڵیدا و مانگی رابردوو ناچار بوو نەشتەرگەرییەکی بە پەلە ئەنجام بدات.

باندیراس هەروەها ئاشکرای کرد کە لەمەودوا لە جگەرەکێشان دوور دەکەوێتەوە و کار و چالاکییە هونەرییەکانیشی کەم دەکاتەوە، لەو رووەوە گوتی: «نەشتەرگەرییەکەم یەك شتی ئەرێنی بوو، ئەویش ئەوەیە کە ناچار بووم لە جگەرەکێشان دووربکەومەوە بێ ئەوەی پەنا بۆ دەرمان و حەب و هیچ شتێکی دیکە ببەم، لە کاری هونەری بەردەوام دەبم، چونکە بە هیچ شێوەیەك ناتوانم وازی لێ بهێنم و لێی دوور بکەومەوە، بەڵام هەندێك لە کارەکان کەم دەکەمەوە و دوای تەواوکردنی هەر فیلمێك، ماوەیەك دەحەسێمەوە، ئینجا دەست پێ دەکەمەوە و، جگە لە نواندن بە نیازم بە تێپەڕبوونی کات بچمە پشت کامێرا و دەق و سیناریۆی فیلمەکان بنووسمەوە».

جێگای بیرهێنانەوەیە ئەنتۆنیۆ باندیراس بە هۆی بەشداریکردنی لە فیلمەکانی دەرهێنەری ئیسپانی (پێدرۆ مۆدۆڤا) نازناوی پەیدا کرد، بەر لەوەی روو لە ئەمریکا بکات و بە شێوەیەکی رەسمی دەست بەکاری نواندن بکات.



هێڤی موراد:

# هونەرمەندانی کورد پشتگوێ خراون و پاشەڕۆژیان لە هونەردا روون نییە

*** بۆچی ماوەیەکە بێدەنگیت؟**

- بە گشتی کاری هونەری لە ئەورووپا زۆر سەختە، بەتایبەتی بۆ ئافرەتان، من سەرقاڵی ژیانی خۆمم و پابەندبوونی خێزانیشم هەیە، لە لایەکی دیکەوە من هەمیشە گرفتم هەیە لە هەڵبژاردنی شاعیر و ئاوازدانەردا، کە دەمەوێ کارەکانییان بە دڵی من بێت.

*** کاری هونەری لە ئەورووپا چۆنە؟**

- وا بزانم کاری هونەری بۆ هەموو هونەرمەندانی کورد لە ئەورووپا زۆر زەحمەتە، پێویستە هونەرمەند هەموو کارەکان لەسەر ئەرك و ئەستۆی خۆی ئەنجام بدات، بۆ هونەرمەندانی رۆژئاواش کە ئێستا روویان لە ئەورووپا کردووە، زۆر زەحمەتترە، چونکە لە سەرەتای دەستپێکردنی ژیانێکی نوێ دان، بۆ منیش کە چەند ساڵێکە لە ئەورووپام، سەرەتا هەمان شت بوو، بەڵام سەرەڕای ئەم ئاستەنگانەش ئێمە هەر بەردەوام دەبین و بە نیازم چەندین کاری جوانتر بکەم بە دیاری بۆ جەماوەرەکەم.

*** ئەی بۆ تۆ وەك هێڤی چۆنە؟**

- ژیان بە شێوەیەکی گشتی لە ئەورووپا زۆر سەختە، پێویستە کاتی خۆت بە شێوەیەك تەخان بکەیت، کە کاریگەریی لەسەر ژیانت نەکات، من نەمتوانی لە یەك کاتدا هونەرمەند و دایك بم و بخوێنم و فێرە زمانیش بم، بۆیە ناچار بووم ماوەیەك قوربانی بە هونەر بدەم و لێی دوور بکەومەوە.



**هێڤی موورادی خانمە گۆرانیبێژی رۆژئاوای کوردستان، لەم دیمانەیەدا لەگەڵ (گوڵان) باس لە چەند پرسێکی تایبەت بە کارە هونەرییەکانی و هۆکاری دوورکەوتنەوەی لە هونەردا دەکات و، وەك خۆی دەڵێت پێویستە هونەرمەند هەموو کارەکان لەسەر ئەرکی خۆی ئەنجام بدات، بۆ هونەرمەندانی رۆژئاوا کە ئێستا لە سەرەتای دەستپێکردنی ژیانێکی نوێن، زۆر زەحمەتترە، بەڵام سەرەڕای ئەم ئاستەنگانەش هەر بەردەوام دەبن.**

*** ئایا ئافرەتانی توانیویانە وەك پێویست بێنە نێو بواری هونەرییەوە؟**

- ئافرەتانی کورد ئێستا وجوودیان هەیە لە بواری گۆرانی و موزیکدا، ئەمەش لە هەموو جیهاندا هەیە، بە گشتی هەوڵێکی باشە و هیوادارم بەردەوام بن و رۆڵیان هەبێت لە پێشخستنی هونەری کوردیدا.

*** تا چەند سوودت لە فۆلکلۆر وەرگرتووە؟**

- پێم وایە من لە هەموو هونەرمەندانی دیکە زیاتر گوێ لە فۆلکلۆر دەگرم و سوودی لێ وەردەگرم.

*** زیاتر گوێ لە دەنگی چ هونەرمەندێك دەگریت؟**

- وەك گوتم، بە شێوەیەکی گشتی زۆر گوێ لە فۆلکلۆر دەگرم، بەڵام وەك هونەرمەندێکی رۆژئاوا، نەمر (محەمەد شێخۆ) زۆر کاریگەریی بەسەرمەوە هەبووە، هەروەها گوێ لە گۆرانییەکانی شەیداش دەگرم، بەتایبەتی لە سەرەتای کاری هونەریمدا.

*** سەباح حاجۆ چ کاریگەرییەکی لەسەر ژیانت هەبووە؟**

- سەباح هەمیشە لەسەرەتاوە هانی داوم، لە هەر کارێکی هونەریمدا راوێژی پێ دەکەم، ئەو هەمیشە کار دەکات و بەردەوامە، منیش هاوکاریی دەکەم، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندیی بە ژیانی رۆژانەمانەوە هەیە، وەك بەرپرسیارێتی لە بەڕێوەبردنی کاروباری ماڵ و منداڵ و خوێندنیان، بۆ ئەوەی هەر هیچ نەبێت بتوانێت کاتی خۆی زیاتر بۆ کارە هونەرییەکانمان تەرخان بکات، لە بواری هونەریشدا کەسێکە زۆر لە هونەر دەگات و، دەزانێت من پێویستم بە چی هەیە و هاوکاریم دەکات.

*** پێتوایە هونەری کوردی پێشکەوتنی بە خۆیەوە بینیوە لە هەموو پارچەکانی کوردستان؟**

- لە ئێستادا من هیچ پێشکەوتنێکی بەرچاو نابینم، زۆر جار دەبینین گۆرانییەك، یان بەرهەمێك کە خۆی لە خۆیدا گۆرانییەکی کۆنە و نوێ کراوەتەوە، بۆ ماوەیەك سەرکەوتوو دەبێت، من نازانم هۆکاری ئەم بارودۆخە چییە، بەڵام هونەرمەندانی کورد پشتگوێ خراون و، لە بواری هونەریدا پاشەڕۆژێکی دیاریان نییە.

*** پێت وایە زیاتر لە چ بوارێکدا سەرکەوتوو دەبینیت؟**

- هونەر پێویستە هەموو جۆرێك لە خۆ بگرێت، وەك ستایلی رۆژئاوایی، فۆلکلۆر، گۆرانی هێمن و گۆرانیی هەڵپەڕکێ و خێرا، من زیاتر لە ستایلی هێمندا خۆم دەبینمەوە و، هەست دەکەم تێیدا سەرکەوتووم و حەزی لێ دەکەم، بۆیە ئەم ستایلەم هەڵبژاردووە.

*** تا چەند سوود لە سۆشیال میدیا دەبینیت؟**

- ئێستا سۆشیال میدیا رۆڵێکی گرنگی لە ژیانی هەموو کەسێکدا هەیە، بۆ هونەرمەندیش گرنگییەکەی زیاترە، بۆ ئەوەی بتوانێت لە پەیوەندیی بەردەوامدا بێت لەگەڵ هەودارانی و بڵاوکردنەوەی کار و چالاکی و بەرهەمەکانیان، وەك پێشتر گوتم ماوەیەك سەرقاڵی چەند کارێك بووم، بۆیە وەك پێویست لە سۆشیال میدیاش دوورکەوتبوومەوە.

# هیوادارم چی دی رێگە بە هێنانی ڕاهێنەر و یاریزانی بیانی نەدرێت و پەرە بەتواناکانی خۆمانە بدرێت

**بڕیا سلێمان:**

**یاریزانی تۆپی دەستی یانەی هەولێر**



*** بە شێوەیەکی گشتی ئاستی یاریی تۆپی دەست چۆن دەبینی لە شارەکانی کوردستان؟**

-ئاستی تۆپی دەست زۆر بە لاوازی دەبینم، دەتوانم بڵێم ئێستا باوی نەماوە کاتی پاڵەوانیەتییەکان باوی دێتەوە و یاریزان کۆ دەکرێتەوە، یان پشت بە یاریزانی دەرەوە دەبەستن.

*** ئەنجامدانی پاڵەوانێتی کەم تا چەند دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە بەرەوپێش نەچێت؟**

-بە تەئکید ئەنجام نەدانی پاڵەوانێتی ساڵانە یان دوو ساڵ جارێك، دەبێتە هۆکارێکی گەورە بۆ ئەوەی ئەم یارییە هەرگیز لە کوردستان و عێراقیش بەرەوپێش نەچێت.

*** پێت باشە چی بکرێت بۆ ئەوەی ئاستی یاریی تۆپی دەستی کچان بەرەوپێش بچێت لە کوردستان؟**

- هیوادارم بەرپرسانی وەرزشیی کوردستان ئاوڕێکی جددی لە تۆپی دەست بدەنەوە، بە تایبەت لایەنی ماددی، تا ئەم یارییە بەتەواوی گەشە بکات لە کوردستان، جگە لەوەش گرنگیی زیاتر بە کردنەوەی ئەکادیمی بدرێت لەگەڵ بوونی هۆڵی داخراو.


***گرفتی یاریی تۆپی دەست لە چی دەبینی؟**

- نەبوونی هۆڵی وەرزشیی و لایەنی ماددی و نەبوونی بەرپرسی نێو وەرزشیی کوردستان، تایبەت لەلایەنی تۆپی دەست هیچ کەسێك نابینم خەمخۆری ئەم یارییە بێت، تا بتوانێت گرفتەکانمان بۆ چارەسەر بکات، هیچ کەس و لایەنێك نییە گوێگری کچان و کوڕانی تۆپی دەست بێت، هیچ کەسێك نییە خۆی بە خاوەنی ئەم یارییە بزانێت.

***بۆچی کچان لە ئێستادا زۆر بەکەمی دێنە نێو وەرزش؟**

- هۆکاری سەرەکی نەبوونی بەرپرسێکی باشی وەرزشییە و جگە لەوەش نەبونی توانای دارایی وای کردووە کە کچان بەکەمی بێنە نێو وەرزش لە کوردستان، هیچ داهات و گەشەکردنێکی پێوە دیار نییە، ئەوانەی کۆنیشن بەردەوامن لە وازهێنان.

***بە نیازی چیت بۆ داهاتووی خۆت؟**



-پەنا بەخوا لە داهاتوودا هیوام وایە وەسیەتەکانی باوکی ڕەحمەتیم بە جێ بگەینم لە خوێندنی ماستەر ودکتۆرا.

***لەگەڵ ئەوەی یانەکانی کوردستان پشت بە ڕاهێنەر و یاریزانی بیانی ببەستن؟**

- هیچ کات لەگەڵی نەبووم، چونکە بە سەدان کچی بەهێز و بەتوانمان هەیە کە هیچ گرنگیان پێ نادرێت، ئەو پارەیەی لە ڕاهێنەر و یاریزانی بیانی سەرف دەکرێت، با لە کوردەکانی خۆمان سەرف بکرێت سەد قات باشترە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتیی ئێمە فێری حازر بووین، هیوادارم چی دی ڕێگە بە هێنانی ڕاهێنەر و یاریزانی بیانی نەدرێت و پەرە بەتواناکانی خۆمانە بدرێت.

***داواکاری و پێشنیارت بۆ لایەنی بەرپرسی وەرزشی چییە؟**

- داواکارم لە بەرپرسانی وەرزشی چیتر نەهێڵن تۆپی دەستی کچان پشتگوێ بخرێت، هیوادارم پشت بە کچە بەتواناکانی خۆمان ببەستن، هیچی تر نەهێڵن یاریزانی بیانی بێتە کوردستان، بۆ ئەوەی دەرەوە پشت بە یاریزانی خۆمان ببەستن.

***خەونی وەرزشیت چییە وەکو یاریزانێك؟**

-**خەونی** من گەیشتن بوو بە هەڵبژاردەی عێراق ئەویشم هاتە دی، ئەنجامی باشیشم بەدەست هێنا، هیوادارم لە داهاتوو ببمە باشترین ڕاهێنەری تۆپی دەستی کوردستان و عێراق.

*** هیوای ئەوەت نییە هەڵبژاردەی کوردستان ڕۆژێك لە ڕۆژان دروست بکرێ و تۆش یەکێك بی لە یاریزانەکانی؟**

- هەمووکات حەزم کردووە کوردستان وەکو دەوڵەتێك ببینم لە کاتی پاڵەوانێتیەکاندا ئاڵای کوردستان بەرز بکرێتەوە، هیچ کەسێك نییە حەز نەکات لە هەڵبژاردەی وڵاتەکەی یاری بکات، بەهیوام بتوانم خزمەتێکی بچووکی هەڵبژاردەی وڵاتەکەم بکەم.

*** لە هەڵبژاردەی تۆپی دەستی عێراق داوا کراویت؟**

- ماوەی ١٣ ساڵە یاریزانی ئەو هەڵبژاردەیەم هەموو ساڵێك داوا کراوم.

*** بە چ یاریزانێکی جیهانی سەرسامیت لە نێو یاریگا؟**

- میکیل هانسنی دانیمارکی .

***گرێبەستت پێشکەش کراوە لە یانەکانی دیکە؟**

- بەڵێ لە چەندین یانەگرێبەستم بۆ هاتووە، بەڵام تاکو ئێستا بڕیارم نەداوە.

***ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

-زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان بۆ خزمەتی بەردەوامی وەرزشکارانی ناوخۆ لە شارەکانی کوردستان.

**تیپی تۆپی دەستی یانەی وەرزشیی هەولێر یەکێك لە تیپە بەهێزەکانی سەرئاستی کوردستان و عێراقە و هەمووکات ڕکابەری یانە بەهێزەکانی سەر ئاستی خولە بەهێزەکانی کوردستان بووە، ساڵانەش دەستەی کارگێڕیی یانەکە گرنگیی زۆر بە یاریزانانی دەدات و، بۆ خولەکانی دەرەوە وەك خولی یانەکانی عەرەبی بەشدار دەبن، کارگێڕیی یانەی هەولێر بەردەوام گرنگی بە کچە یاریزانانی یانەکەی دەدات، بۆ ئەوەی لەوپەڕی ئامادە باشیدابن بۆ خول و پاڵەوانیەتییەکان، کچانی یانەکەش لە کچە بەهێزەکانی کوردستان و عێراقن و یەکێك لە یاریزانە هەرە بەتواناکانی کوردستان و عێراقیش کچە یاریزان (بڕیا سلێمان)ـە کە ناسراوە بە پەرێز، ماوەیەکی زۆرە بەرگری لە تۆڕی گۆڵی یانەی هەولێری پایتەختی کوردستان دەکات، لەدایکبووی شاری هەولێرە و خاوەنی چەندین ئەنجامی شایستەیە و جگە لە یانەی هەولێر یاریزانی هەڵبژاردەی تۆپی دەستی عێراقیشە، گۆڤاری گوڵان لە نزیکەوە چەند پرسیارێکی ئاراستە کرد، ئەویش وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

**دیمانە: کارزان کانەبی**

# پلانی یانەی بەرشلۆنە بۆ وەرزی نوێ ئاشکرا بوو

یانەی بەرشلۆنە هەوڵەکانی بۆ ڕێکخستنەوەی تیپەکەی و گواستنەوەی یاریزانی نوێ دەستپێکردووە و چەند یاریزانێکی یانەکەش بەرێدەکرێن.

بەرشلۆنە کۆبوونەوەیەکی گەورەی بەسەرۆکایەتی خوان لاپۆرتا سەرۆکی یانەکە و ئامادەبوونی ئەندامانی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنی یانەکە کردووە بۆ ئەوەی گفتوگۆ لەبارەی داهاتووی یانەکە بکەن.

بەپێی هەواڵی میدیای ئیسپانیا، بەشێکی کۆبوونەوە باسکردن بووە لە پرۆسەی گواستنەوە و فرۆشتنی یاریزانان و لیستێک ئامادەکراوە بۆ ئەوەی لە گواستنەوەی هاوینەدا یانەکە دەستبەرداریان ببێت، ئەوانیش هەریەکە لە (نێتۆ، ساموێل ئومتیتی، ئۆسکار مینگێزا، کلیمێنت لینگلێت، ریکی پوچ، مارتن برایتوایت، ئاداما تراورێ، لۆک دی یۆنگ) لە دەرەوەی پلانەکانی یانەکە بن.

بێرناردۆ سیلڤا، ئەستێرەی پۆرتوگالی و یانەی مانچستەر سیتی دەیەوێت لە یانەکە بڕوات و پێشوازی لە پەیوەندیکردن بە بەرشلۆنە دەکات، بەڵام پێش گواستنەوەی ئەو پێویستە بەرشلۆنە دەستبەرداری فرێنکی دی یۆنگ ببێت.

بێرناردۆ گرێبەستەکەی لە ٢٠٢٥ تەواو دەبێت و نرخی دەگاتە ٧٥ ملیۆن یۆرۆ.

میدیای ئیسپانیا دەڵێت:چاڤی هێرناندێز، خۆی پەیوەندی بە روبن نێڤێز، یاریزانی ولڤەرهامپتۆن کردووە بۆ ئەوەی یاریزانەکە رازی بکات پەیوەندی بە یانەکەوە بکات.

چەند سەرچاوەیەک ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، یانەی بەرشلۆنە لە ئەگەری شکست هێنان لە گواستنەوەی رۆبێرت لیڤاندۆڤسکی، بیر لە گواستنەوەی ئەلڤارۆ مۆراتا دەکات.

رۆبێرت لیڤاندۆڤسکی لە مەشقەکانی پۆڵەندا گوتی:دڵنیام چیرۆکی نێوان من و بایرن میونیخ تەواوبووە لە خەیاڵمدا نییە، کە هاوکاری نێوان من و یانەکە بەردەوام بێت، دوای ئەوەی لە چەند مانگی رابردوودا روویدا، پێموایە رۆیشتن لە بایرن میونیخ بۆ هەردوولامان باشترین بژاردەیە، وای نابینم بایرن میونیخ بە سوود وەرگرتن لە مافی گرێبەستەکەی، کە تاوەکو ساڵی ٢٠٢٣ـەیە رێگری لەوە بکات.

سەرۆکی دەستەی لالیگا، خاڤێر تێباس دەڵێت: بەرشلۆنە پارەی کڕینی لیڤاندۆڤسکیی نییە.



## ریچارلیسۆن قسە لەسەر دوارۆژی خۆی دەکات

ریچارلیسۆنی، ئەستێرەی ئێڤەرتۆن دەڵێت:بەهۆی ئەو مێژووەی لەگەڵ ئێڤرتۆن قسەکردن لەبارەی گواستنەوە ئاسان نییە.

یاریزانە بەرازیلییەکە لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا لەگەڵ هەڵبژاردەی بەرازیل گوتی: قسەکردن لەبارەی گواستنەوە لە یانەکان هەندێک ئاڵۆزە، بەهۆی ئەو مێژوو و رابردوویەی لەگەڵ ئێڤرتۆن هەمە، هاندەران منیان خۆشدەوێت، باس لە گواستنەوە دەکەم هەست دەکەم هیچم نییە بیڵێم، بەڵام بۆچوونی خۆم بە دەستەی بەڕێوەبەرانی ئێڤەرتۆن راگەیاندووە و لەگەڵ لامپاردیش قسەمکردووە، ئەویش دەزانێت چیم دەوێت، بۆیە هەرچییەک رووبدات کاریگەری لەسەر ئاستی من نابێت لەگەڵ هەڵبژاردەی نیشتمانی.

یاریزانەکە زیاتر گوتی: لە مۆندیالدا هیچ کێشەیەک نابێت، بەتەواوی بیرکردنەوەم لای تۆپی پێیە، ئەگەر لە هەر پلە و پۆستێکیش دابم، بەردەوام دەبم لە چێژ وەرگرتن لە یارییکردن، با چاوەڕێ بین بزانین مانگی داهاتوو چی روودەدات، ئێستا تەنیا بیر لە هەڵبژاردەی بەرازیل دەکەمەوە، بزانین مانگی داهاتوو دوای گفتوگۆکردن لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی یانەکەم ئێڤەرتۆن چ بڕیارێک دەدەین.

ئەم قسانەی ریچارلیسۆن لە کاتێک دایە، یاریزانەکە لەم وەرزەی خولی نایابی ئینگلیزی ئاستێکی بەرزی لەگەڵ ئێڤەرتۆن پێشکەشی کرد و یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی مانەوەی ئێڤەرتۆن بوو لە خولی نایابی ئینگلیزی، یانەکانی ریال مەدرید و مانچستەر یۆنایتد بۆ گواستنەوەی یاریزانەکە لەسەر هێڵن.



# میسی باسی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا و باڵۆن دۆر دەکات




لیۆنێل مێسی کاپتنی هەڵبژاردەی ئەرژنتین لە چاوپێکەوتنی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند ریال مەدرید باشترین یانە نەبوو، کەچی بووە پاڵەوان و کەریم بن زیما شایستەی خەڵاتی باڵۆن دۆری ئەم وەرزەیە.

لیۆنێل مێسی، کە ئێستا گەڕاوەتەوە وڵاتەکەی و لەگەڵ هەڵبژاردەی ئەرژەنتین ئامادەکاری دەکات بۆ رووبەڕبوونەوەی ئیتاڵیا، میسی لە زنجیرە لێدوانێکدا جەختی لەوە کردەوە، کە ئەم وەرزە ریال مەدرید خەونی پاریسی تێکدا.

مێسی لەمبارەیەوە دەڵێت: ئێمە تیپێکی باشمان هەبوو، لە ژووری جلگۆڕین هیچ کێشەیەکمان نەبوو، بەڵام ریال مەدرید هەموو شتێکی لێ تێکداین، لە کاتێکدا ریال مەدرید ئەم وەرزە باش نەبوو، کەچی لە هەمووانی بردەوە و بووە پاڵەوانی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا، بۆیە مەرج نییە ئەوانەی دەبنە پاڵەوان باشترین یانە بن.

مێسی گوتی: دەمویست لەگەڵ پاریس سانت جێرمان خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا ببەمەوە، بەڵام ریال مەدرید لە ناکاو گۆڵێکی لێکردین و هەموو شتێکی گۆڕی.

مێسی لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد، کە بۆ وەرزی داهاتوو گەشبینە و دەشڵێت: بە رووحیەتێکی جیاواز لەگەڵ پاریس سانت جێرمان بەهێزەوە دەگەڕێینەوە.

مێسی لە بارەی بردنەوەی باڵۆن دۆری ئەم وەرزە، دەڵێت: بەبێ هیچ گومانێك کەریم بن زیما شایستەی خەڵاتی باڵۆن دۆری ئەم وەرزەیە.

مێسی رایگەیاند، کە زەحمەتە لە دوای مۆندیالی ٢٠٢٢ـی قەتەر بتوانێت بەشداری لە هیچ مۆندیالێکی دیکە بکات، گوتیشی: یەکەمین یاریمان لە مۆندیالی قەتەر بەرامبەر سعوودییە قورس دەبێت، چونکە یەکەمین یاری لە قۆناخی کۆمەڵەکان هەمیشە ئاسان نابێت.

## ئیسکۆ بەفەرمی ریال مەدریدی جێهێشت

دوای ماڵئاواییکردنی مارسێلۆی بەرازیلی، ئیسکۆ دەبێتە دووەمین یاریزانی یانەی ریال مەدرید، کە دوای بردنەوەی نازناوی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا لە ریال مەدرید دەڕوات.

ئیسکۆ هاوشانی مارسێلۆ لە کۆتایی ئەم وەرزە گرێبەستەکانیان لەگەڵ ریال مەدرید تەواوبوو و گرێبەستەکانیان نوێ ناکرێتەوە و رۆیشتنیان لە یانەکە راگەیاند.

ئیسکۆی تەمەن ٣٠ ساڵ، لە ئەکادیمیای یانەی ڤالنسیا پێگەیشت، دواتر لە ٢٠١١ روویکردە یانەی مالاگا، دوای دوو وەرز یاریکردن بۆ ئەو یانەیە، لە ٢٠١٣ بە باشترین یاریزانی لاوی جیهان دیاری کرا، هەر لەو ساڵەدا بە بری ٣٠ ملیۆن یۆرۆ روویکردە یانەی ریال مەدرید، لەگەڵ یانەی ریال مەدرید لە ماوەی ئەو ٩ ساڵی یاری بۆ یانەی ریال مەدرید کرد کەمترین خولەك یاری کردووە، ٥٣ گۆڵ و ٥٦ ئاسیستی تۆمار کردووە.



# کچە کوردێک ئەنجامی دڵخۆشکەر بەدەست دەهێنێت

لە شاری سلێمانی پاڵەوانێتیی نێودەوڵەتیی کوکیشندۆ بە بەشداریی چەندین کوڕ و کچە یاریزانی وڵاتانی ئەورووپا و ئاسیا بەڕێوە چوو، لە پاڵەوانێتییەکەش یاریزانانی بەشداربوو کێبڕکێی بەهێزیان دەکرد لەسەر بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە و مەدالیای پاڵەوانێتییەکە، بانە ئەحمەد کچە یاریزانی کوردی شاری سلێمانی بەشداربووی پاڵەوانێتیەکە کە پلەی دووەمی لە ئاستی خۆی بەدەستهێناوە، بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «یەکەم کچە یاریزانی کورد بووم کە بەشداریم کرد لە پاڵەوانێتیی کوکیشن کاراتێ کە چەندین یاریزانی بەتوانا لە وڵاتانی ئەورووپا و ئاسیا بەشداریی ئەم پاڵەوانێتییەیان کرد بوو، یەکەم کچ بووم کە بە ناوی کوردستان و عێراق نوێنەرایەتیم کرد، ئەم پاڵەوانێتییەش ماوەی دوو ڕۆژ بەردەوام بوو»، بانە هەروەها گوتیشی: «دوو یاریم ئەنجام دا یەك یاریم بردەوە یەك یاریش بە فاوڵ دۆڕام، هەر چەندە بە خاڵ لە پێش بووم، بەڵام تەنیا دوو ڕۆژ ئامادەکاریم بۆ ئەم پاڵەوانێتییە کردبوو، یاساکانم بە تەواوی نەدەزانی، چونکە من یاریزانی تایکواندۆم، هیوادارم لە پاڵەوانێتییەکانی داهاتوو بتوانم ئامادەکاریی باشتر بکەم بۆ ئەوەی بتوانم ئاست و ئەنجامی دڵخۆشکەر بۆ خۆم و کوردستانیش بەدەست بهێنم، هیوادارم زیاتر گرنگی بە خول و پاڵەوانێتی بدرێت، بۆ ئەوەی ئێمەی کچانیش بتوانین بەشداربین و ئاست و ئەنجامی گەورە بەدەست بهێنین، چونکە کوردستان خاوەنی چەندین یاریزانی بەتوانایە لە گشت یارییەکان، بە گشتی ئاستی پاڵەوانێتییەکەش زۆر باش بوو، کێبڕکێ بە هێز لە نێوان یاریزانانی بەشداربوو هەبوو».





# خانزاد پاڵەوانێتییەکی نێودەوڵەتیی بەڕێوە برد

یانەی شەترەنجی خانزادی پایتەختی کوردستان لە درێژەی کار و چالاکییەکانی، بە مەبەستی زیاتر بەرەوپێشبردنی یاریی شەترەنج بۆ سەرجەم ئاستەکانی تەمەن و زیاتر خزمەتکردنی ئەم یارییە لە شاری هەولێر، یانەکە ئامانجی ئەوەیە لەم ساڵ زۆرترین پاڵەوانێتی ئەنجام بدات بە سیستمی نێودەوڵەتی، جگە لەوەش یانەکە لە پشووەکاندا خولی بەردەوامی فێرکاریی هەیە بۆ ئاستەکانی تەمەن، لە بارەگای یانەکە پاڵەوانێتی ڕاپیدی نێودەوڵەتی بە سیستمی سویسری و بە بەشداربوونی ژمارەیەك لە یاریزانانی شارەکانی کوردستان و عێراق، لە ئاستی تەمەن جیاوازەکان بەڕێوە چوو، خولەکەش ماوەی دوو ڕۆژی خایاند و لە هەمان کاتیشدا بۆ ماوەی یەك مانگ خولی فێرکاریی یاریی شەترەنج بەڕێوە دەچێت، لەم بارەشەوە دکتۆر دڵزارحەمە ساڵح بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «پاڵەوانێتییەکانمان بەردەوامی هەیە، ئێمە ئامانجمان خزمەتکردنی یاریی شەترەنجە بۆ ئەوەی بتوانین گرنگیی زیاتر بەم یارییە بدەین، جگە لەوەش دەمانەوێت پاڵەوانێتییەکانمان زیاتر پەرە پێ بدەین و زۆر ترین یاریزانان لە شارەکان بەشداری تێدا بکەن»، لە بارەی خولەکانی فێرکاریش دکتۆر دڵزار گوتیشی: «لەگەڵ پشووەکانی هاوین ئەم جۆرە خولانەمان دەست پێ دەکات، بۆ ئەوەی زۆرترین ڕێژەی بەشداربوو لە سەرجەم ئاستەکان بەشداربن، ماوەی یەك مانگیش دەخایەنێ، لە کۆتاییشدا پاڵەوانێتییەك بۆ بەشداربووان ڕێك دەخەین، بەهیوای ئەوەین بتوانین زۆرترین خزمەت بەم یارییە بکەین.

ئەنجامی پاڵەوانێتیی ڕاپیدی نێودەوڵەتیش بەم شێوەی خوارەوە بوو.

لە ئاستی کچان:

١-نڤار سەردار.
٢-دیدەن دڵشاد.
٣-ڕۆژیا فەخرەدین.
٤- گەڵا محەمەد.

ئاستی کوڕان:

١-نەبیل عەزیز٨،٥خاڵ.
٢-نزار جەمیل ٨خاڵ.
٣-باوان مەحمود٧خاڵ.
٤-بەختیار حەمە ساڵح ٦خاڵ.

# زانکۆی جیهان گەیشتە خولی پلەیەکی کوردستان

تیپی تۆپی پێی یانەی زانکۆی جیهان بۆ یەکەمجار لە مێژوویی دروستبوونیدا پلێتی گەیشتنی بە ریزی یانە پلە یەکەکانی کوردستانی بەدەست هێنا، ئەویش دوای بردنەوە لە یانەی کفری بە تاکە گۆڵێکی بێ بەرامبەر، ئەم وەرزە یانەی زانکۆی جیهان جیاواز لە یانەکانی دیکە پێکهاتەیەکی تۆکمەیان لە سەرەتای خولی پلە دووەکانی کوردستان دروست کردبوو بە ئامانجی گەیشتن بە خولی پلە یەکەکانی کوردستان، کە چەندین یانە شەڕی بەدەستهێنانی پلێتی خولەکەیان دەکرد، لە بارەی سەرکەوتنیشیان بۆ ریزی یانە پلە یەکەکانی کوردستان (حاجی بورهان) سکرتێری یانەی وەرزشیی جیهان بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئەم وەرزە پلانی تۆکمەمان دانابوو لە ئیدارەی یانەکەمان، بۆ ئەوەی تیپەکەمان یەکێك بێت لە تیپە سەرکەوتووەکان بۆ ریزی یانە پلە یەکەکانی کوردستان، بە هەوڵ و هیمەتی هەموان لە یاریزانان و دەستەی کارگێڕی و راهێنەران و سەرپەرشتیاران، توانیمان خەونەکە بکەینە ڕاستی و ئامانجی خۆمان پێکا، کۆمەڵەکەی ئێمەش بەهێز بوو، یانەکان هەموویان هەوڵی بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستەیان دەدا، بۆیە توانیمان دوای کێبڕکێیەکی بەهێز خۆمان بگەیەنینە ریزی یانە پلە یەکەکانی کوردستان»، حاجی بورهان لە بارەی پلانی داهاتووسیان گوتی: «ئێمە پلانی درێژخایەنمان هەیە بۆ ئەوەی تیپەکەمان بەردەوام لە ئامادە باشیدا بێت، و بۆ وەرزی نوێ خولی پلە یەکی کوردستانیش بەرنامەیەکی تایبەتمان دەبێت، بۆ ئەوەی تیپێکی قورس بین لە وەرزی داهاتوو، چونکە خولی پلە یەکی کوردستان جیاوازترە لە خولی پلە دوو، ئێمەش لە ئاستی خولەکە دەبین، بۆ ئەوەی بتوانین ئەنجامەکانمان دڵخۆشکەر بێت لەو خولەش، هیچ کێشەو گرفتێکمان نییە لە ریزی یانەکەمان و تیپەکەشمان هەمووکات ئامادەیە بۆ خول و پاڵەوانێتییەکان».



# هۆكارەكانی ئارەقەی شەوانە

ئارەقـەی شـەوانە Night sweats حاڵەتێكی بـاوە لەپیـاو و ئافرەتـدا، بریتییـە لـە زیادئارەقەكـردن لەكاتـی خـەودا كـە لەبـەر پۆشـینی جلـی گـەرم یـان گەرمیـی ژووری نووسـتن روودەدات، لەوانەشـە كـە لـە ئەنجامـی نەخۆشـی رووبـدات. ئارەقـەی شـەوانە كـە لـە ئەنجامـی حاڵەتێكـی نائاسـایی یـان نەخۆشـیدا روودەدات بریتییـە لـەو جۆرە ئارەقەكردنـەی كـە جلـی خەوتـن و چەرچەفـی سەر تەختی نووستن تـەڕدەكات و پەیوەندی بە گەرمیـی ژووری نووسـتنەوە نییـە. چەنـد هەوكردنێكـی بەكتریایـی و ڤایرۆسـی بەتایبەتـی نەخۆشـیی سـیل و تـای ماڵتـا، هەوكردنـی پـەردەی ناوپۆشـی دڵ Endocarditis، هەوكردنـی ئێسـك، هەوكردنـی ریخۆڵـە كوێـرە، هەوكردنـی ئاڵووەكان(لـەوزەكان)، نەخۆشـیی ئایـدز، شـێرپەنجە، دابەزینـی ئاسـتی شـەكری خوێـن، وەسـتانی یەكجارەكـی سووڕی مانگانە لە ئافرەتدا Menopause كە هاوكاتە لەگـەڵ نیشـانەی تـری وەكـو گۆڕانـی مـەزاج و خـەوزڕان و گەرمبوونـی مـل و سـەر، زیانـی لابـەلای دەرمانـی دژەخەمۆكـی، ئەسـپرین، پاراسـیتۆل، كۆرتیـزۆن، ڤیاگـرا، گرفتـی هۆرمۆنـی بۆنموونـە زیـاد دەردانـی هۆرمۆنەكانـی گلانـدی ئەدرینـال لـە ئەنجامـی بوونـی گـرێ لـە گلاندەكـەدا، ژاراویبوونی گلاندی دەرەقی Hyper-thyroidism، لـە هەندێـك حاڵەتیشـد پـاش هەمـوو پشـكنینێكی تاقیگەیـی هیـچ هۆكارێـك نادۆزرێتـەوە بـۆ ئارەقـەی شـەوانە Idiopathic hyperhydrosis.





# گرفتە تەندروستییەكانی پاش تەمەنی ٥٠ ساڵی

لـە نوێتریـن لێكۆڵینـەوەدا هاتـووە كـە نزیكـەی ٩ لـە هـەر ١٠ كـەس لەپـاش تەمەنـی ٥٠ سـاڵی جۆرێـك نەخۆشـیی درێژخایەنیـان هەیـە، هەورەهـا ٨ لـە هـەر ١٠ كـەس زیاتـر لـە یـەك نەخۆشـیی درێژخایەنیـان هەیـە، كەواتـە لەپـاش تەمەنـی ٥٠ سـاڵی جا پیـاو یـان ئافـرەت، ئەگـەری تووشـبوونی بـە نەخۆشـییە درێژخایەنـەكان زیـاد دەبێـت، بـەڵام دەتوانرێت بـە پەیڕەوكردنـی چەنـد هەنگاوێك لەپاش ئـەم تەمەنـەدا هـەر كەسێك ببێتـە خاوەن ژیانێكی تەندروست. ئەو گرفت و نەخۆشییە درێژخایەنانەی كە لەوانەیە پاش تەمەنـی ٥٠ سـاڵی سـەرهەڵ بـدەن ئەمانـەن: بەرزبوونـەوەی پەسـتانی خوێـن، نەخۆشـیی شـەكرە، نەخۆشـیی دڵ، قەڵـەوی، سـووانی جومگـە (سـەوەفان)، لاوازبوونـی ئێسـك، یـان كەمبوونـەوەی چڕیـی ئێسـك Os-teoporosis، شـێرپەنجە، گرفتـی درێژخایـەن لـە كۆئەندامـی هەناسـەدا كـە هاوكاتـە لەگـەڵ هەناسـەتەنگی COPD، گرفـت لـە بیسـتن بـە شـێوەی كزبوونـی هەسـتی بیسـتن، گرفـت لـە بینینـدا بەتایبەتـی ئـاوی سـپی Cataract و ئـاوی شـین، گرفـت لـە كۆئەندامـی میـزەڕۆدا بەتایبەتـی میزڵـدان، پشـت ئێشـە، خەمۆكـی، نەخۆشـیی ئەلزهایمـەر، یـان گرفـت لـە فرمانەكانـی مێشـك بـە شـێوەی گرفتـی مەعریفـی و گرفـت لـە بیركردنـەوە و بیرهاتنـەوەدا Dementia كـە كاریگەریـی نیگەتیڤـی لەسـەر ژیانـی رۆژانـەدا هەیـە و، زیاتـر لەپـاش تەمەنـی ٦٥ سـاڵیدا بـەدی دەكرێـت.



# چەند تیشکی خۆرمان پێویستە؟

هەر کە بیر لە تیشکی خۆر دەکەینەوە، زیانەکانمان دێتە بەرچاو کە زیاد بەرکەوتن بە تیشکی خۆر گرفتی تەندروستیی گەورە پەیدا دەکات، بەڵام خۆدانە بەر تیشکی خۆر بۆ ماوەیەکی کورت، بەتایبەتی کاتی بەیانی زوو سوودی بۆ تەندروستی هەیە. گەلێك کەس دەپرسن کە بۆ ئەم مەبەستە چەند تیشکی خۆرمان پێویستە؟ ئەم مەسەلەیە پەیوەستە بە جۆری پێست، تەمەن، تەندروستیی کەسی، جۆری خۆراك، لەگەڵ شوێنی جوگرافیی کەسەکە. بەگشتی زانایان ڕێنمایی دەکەن کە خۆدانە بەر تیشکی خۆر بۆ ماوەی ٥-١٥ خولەك بەسە بۆ کەسانی سپی پێست، ٣٠ خولەکیش بۆ کەسانی ڕەش پێست، مانەوە لەبەر تیشکی خۆر بۆ ماوەی زیاتر پێویست بە بەرکارهێنانی ئاوێتەی دژەهەتاو دەکات. سوودەکانی خۆدانە بەر تیشکی خۆر بۆ ئەم کاتە دیاریکراوە بریتین لە: دروستبوونی ڤیتامین D لەژێر پێستدا بەهۆی کاریگەریی تیشکی سەرووی وەنەوشەیی، هاندانی خەوێکی باشتر لەوکاتەی کە چاوەکان پێویستییان بە تیشکی خۆرە بۆ ڕێکخستنی کاتژمێری بایۆلۆژی کە پەیوەندی بە ڕێکخستنی خەووە هەیە، هاندانی کۆنترۆڵکردنی کێشی لەش بە خۆدانە بەر تیشکی خۆری بەیانییان بۆ ماوەی ٢٠ خولەك، باشترکردنی مەزاج چونکە تیشکی خۆر هاندەرە بۆ زیادبوونی ماددەی سیرۆتۆنین Sero-tonin لە مێشکدا کە ڕۆڵی هەیە لە هێوربوونەوە و بیرکردنەوەی پۆزەتیدا.





# نیشانەکانی هیلاکبوونی مێشک

شـەکەتی، ماندووبـوون، یـان هیلاکبوونـی مێشـك Mental exhaustion وەکـو شـەکەتیی جەسـتەیی (فیزیکی) وایـە، بـەڵام دوچـاری مێشـك دەبێـت و لەوکاتـەدا بەرجەسـتە دەبێـت کـە هەوڵـی ئەنجامدانـی کارێـك دەدرێـت، کـە پێویسـت بـە توانـا و تەرکیـزی مێشـك دەکات، نیشـانەکانی شـەکەتیی مێشـك: تێکچوونـی مـەزاج بـە شـێوەی زیـاد تووڕەبـوون و زووهەڵچـوون و ئـارام نەگرتـن، خـراپ ئەنجامدانـی کارەکان و نەمانـی پاڵنـەر لەبـەر کەمبوونـەوەی تەرکیـز تەنانـەت بـۆ ئەنجامدانـی کاری ئاسـان، هەروەهـا گرفـت لـە تەرکیزکـردن لەکاتـی لێخوڕینـی ئۆتۆمبیلـدا، گرفـت لـە نووسـتن بـە شـێوەی خـەوی سـووك و زوو بیداربوونـەوە و خـەوزڕان، سـەرهەڵدانی نیشـانەی هاوشـێوەی خەمۆکـی وەکـو کـەم وزەیـی و گرفـت لـە ئەنجامدانـی زۆربـەی چالاکییەکانـی رۆژانـە و هەستکردن بـە نائومێدی، ئەنجامدانـی نەریتـی ناتەندروسـت وەکـو خواردنـەوەی ئەلکهـول، یـان بەکارهێنانـی دەرمـان و جگەرەکێشـان، زیـاد نیگەرانبـوون و پەسـتی، گرفـت لـە ئەنجامدانـی مەشـقی وەرزشـی، گـۆڕان لـە نەریتەکانـی پەیوەسـت بـە خـۆراك و خـواردن، بەتایبەتـی ئـارەزووی خـواردن و زیـاد خواردنـی شـیرینی و خۆراکـی چـەور و خێـرا، زیـاد هەڵەکـردن کـە گرفتـی گـەورە و مەترسـیدار لـە کار و پیشـەدا پەیـدا دەکات، هەسـتکردنی زیـاد بـە ئـازار بـە شـێوەی سەرئێشـە، ئـازاری ماسـوولکە، پشـت ئێشـە، ئـازاری گـەدە.



# کاتی گونجاو بۆ خواردنی میوە

میوە سەرچاوەی دەوڵەمەندن بە ڤیتامین و کانزا و ریشاڵە، لەگەڵ مادده دژەئۆکسانەکان Anti-oxidants کە سوودی تەندروستیی زۆر گرنگیان هەیە، بۆیە رۆژانە خواردنی برێکی باشی میوەی جۆراجۆر، هەنگاوێکی سەلمێنراوە بۆ خۆپاراستن لە ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی دڵ، نەخۆشییەکانی پوک و ددان، بەرزبوونەوەی ئاستی کۆلیستیرۆڵی خوێن، هەوکردن، بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن، نەخۆشیی شەکرە، زیادبوونی کێشی لەش و قەڵەوی، هەروەها شێرپەنجە. لەوانەیە بپرسیت کە ئایا کاتێکی گونجاو هەیە بۆ خواردنی میوە بۆ ئەوەی کە هەموو سوودەکان بە لەش بگەیەنێت و نەبێتە ئەگەری هیچ زیانێکی لابەلا بۆ کۆئەندامی هەرس، یان تەندروستی بەگشتی؟ هەندێک سەرچاوە وای بۆ دەچن کە خواردنی میوە لەسەر گەدەی بەتاڵ، یان پێش نووستن سوودی باشتری دەبێت، هەندێکی دیکە پێیان وایە کە خواردنی میوە کاتی بەیانییان باشترە بۆ تەندروستی، کەچی هەندێک سەرچاوەی پێیان باشە کە میوە پاش ژەمی خۆراک بخورێت باشترە، چونکە میوە رێژەیەکی باشی ریشاڵ لەخۆ دەگرێت کە لەسەرخۆ هەرس دەبێت، ئەمەش هاندەرە بۆ هەستکردن بە تێربوون بۆ ماوەیەکی زۆر، واتە هەنگاوێکە بۆ رێگرتن لە زیاد خواردن و زیادبوونی کێشی لەش. لە راستیدا زانا و پسپۆرانی تەندروستی لەسەر ئەمە بە تەواوی کۆکن کە کاتێکی دیاریکراو و گونجاو نییە بۆ خواردنی میوە بەمەبەستی وەرگرتنی سوودی تەواو، لە کەسانی تەندروستدا دەتوانرێت کە میوە لە هەر کاتێکدا بخورێت، بەڵام بە بڕی مامناوەندی.

# سوود و زیانەکانی ئاوی تفت



ئاوی تفت Alkaline water لەسەر بنچینەی ئاستی pH ناونراوە، کە ئاستی تفتی و ترشێتی پیشان دەدات، کە لە نێوان ٠-١٤ دایە، بۆنموونە ژمارە ١ واتە زۆر ترش و ژمارە ١٣ واتە زۆر تفت. ئاستی pH لە ئاوی تفتدا کەمێك بەرزترە بەراورد لەگەڵ ئاستی pH ئاوی ئاسایی، ئاستی pH ی ئاوی ئاسایی بریتییە لە ٧، کەچی ئاستی pH ی ئاوی تفت دەگاتە ٨ یان ٩، هەروەها ئاوی تفت کانزای تفت لەخۆ دەگرێت و سیفەتی دژەئۆکسانی هەیە. بەڵگەی لاواز لەبەردەستدان کە خواردنەوەی ئاوی تفت ئەم سوودە تەندروستییانەی هەبێت: پاککردنەوەی کۆڵۆن، بەهێزکردنی سیستمی بەرگریی لەش، پاراستنی تەندروستیی پێست، پاککردنەوەی لەش لە ماددەی ژەهراوی، هاندانی کۆنترۆڵکردنی کێشی لەش، خۆپاراستن لە ئەگەری تووشبوون بە هەندێك جۆری شێرپەنجە. ئاوی تفت لە سرووشتدا تەنیا لە سەرچاوە و کانییاوەکانی شوێنە شاخاوییەکاندا هەیە، کە بە کانزا دەوڵەمەندە، لە تاقیگەشدا بە کرداری شیکردنەوەی ئاوی ئاسایی بە کارەبا Electrolysis ئاوی تفت بەرهەم دەهێنرێت، بەم کردارە تەزووی کارەبا گەردیلەکان لە یەکتر جیادەکاتەوە و ئاستی تفتیی ئاو بەرز دەبێتەوە. زانایان جەخت دەکەنەوە کە خواردنەوەی ئاوی تفت بێ زیانە، بەتایبەتی ئاوی تفتی سرووشتی کە کانزای سرووشتی لەخۆ دەگرێت، بەڵام سەبارەت بە سوودە تەندروستییەکانی هێشتا پێویست بە لێکۆڵینەوەی زیاتر دەکات. بەهەرحاڵ، پێویستە وریا بیت لە ئاوی تفتی دەستکرد، کە لەوانەیە ماددەی کیمیایی نەخوازراو لەخۆ بگرێت، لە لایەکی دیکەوە خواردنەوەی ئاوی تفت هۆکارە بۆ زیاد دەردانی ترشەڵۆکی گەدە بەمەبەستی رێکخستنی ئاستی ترشێتی ناو گەدە، هەروەها پەیداکردنی بارگرانی لەسەر لەش بۆ هێشتنەوەی هاوسەنگیی نێوان سیستەمەکانی.




# شا کلیلی هەموو دەرگایەک

ریمۆت کۆنترۆڵێك بەقەد فلاش میمۆرییەك بۆ کۆنترۆڵکردنی زۆربەی ئامێرەکان. ریمۆت کۆنترۆڵی OmniFob قەبارەی بەقەد فلاش میمۆرییەك دەبێت بەڵام دەکرێت وەك ریمۆتی ئۆتۆمبیل، کردنەوەی دەرگاکان بەتایبەتی دەرگای گاراج، هەڵکردن و کوژانەوەی گلۆپەکان، ئامێرەکانی وەك سپیلیت و تیڤی.. دۆزینەوەی مۆبایل...تاد سوودی لێوەربگیردرێت.

ریمۆتەکە لە رێگای بلوتوسەوە بە ئامێرەکانەوە پەیوەند دەدرێ، بەهۆی ئاپێك کە لەسەر مۆبایلدایە ئامێرەکانی پێدەناسێندرێ. لەگەڵ هەردوو سیستەمی ئەندرۆید و ئای ئۆ ئێس دەگونجێت و هەروەها پشتیوانی لە سیستەمی دەنگی ئەلیکسا و سێری و ئۆکەی گوگل دەکات. ریمۆتەکە تەنیا بۆ گشت فەرمانەکان تەنیا یەك دووگمەی لەمسی هەیە بەپێی جوڵەی بەکارهێنەر فەرمان دەکات و هەروەها شاشەیەکی بچووکی هەیە بۆ دیاریکردنی ئامێرەکانی تایبەت بە کۆنترۆڵ کردن. کاتێك ریمۆتەکە ون ببێت دەکرێت لە رێگای مۆبایلەوە بیدۆزیەوە.




# مۆنیتۆری تایبەت بە یاری ئێکس بۆکس

بۆ سوود وەرگرتن لە ئامیری گەیمی ئێکس بۆکس (Xbox) پێویستی بە تەلەڤزیۆن یا مۆنیتۆرە. سکرینی جۆری Screen for Xbox Series S هەروەك لە ناوەکەی دیارە تایبەتە بە ئێکس بۆکس. ئەم سکرینە بۆ گەشت و گەڕان و سەفەر دەبێت. تەواو لەگەڵ ئامێری ئیکس بۆکس تێکەڵ بووە.

مۆنیتۆرەکە کوالیتی نیشاندانی فوول ئیچ دییە. دوو شوێنی کێبڵی HDMI هەیە و جگە لە ئامێری ئێکس بۆکس دەکرێت بۆ لاپتۆپ و ئایپاد و ئامێرەکانی دیکەی گەیمیش بەکار بێت. سپیکەری تایبەتی لەگەڵدایە. شاشەکە ١١,٥ ئینجە. مۆنیتۆری جۆری Screen for Xbox Series S وزەکەی خۆی هەر لە ئامێرەکانەوە وەردەگرێت. جگە لە سپیکەری خۆی دەکرێت سپیکەری لاوەکشی بۆ دابندرێت.




# درۆنێک لە شێوەی فیلمە خەیاڵییە زانستییەکان



ئەو رۆژانە لە هەواڵ و راگەیاندنەکاندا زۆر باسی درۆنەکان دەکرێ، بەتایبەتی لە شەڕی نێوان ئوکرانیا و روسیەدا. لە شەڕدا درۆنەکان رۆڵێکی گەورە دەگێڕن و بەقەد کۆپتەر و فڕۆکەیەك رۆڵیان نییە، بەڵام لە هەندێك شوێندا ئەوەی بەدرۆنەکان دەکرێ بە فڕۆکەش ناکرێت.

درۆنەکان هەر بۆ مەیدانی شەڕ سوودیان لێوەرناگیرێت، لە بواری سینەما و فیلم هەڵگرتنەوەدا، راگواستن و گەیاندندا رۆڵی بەرچاو دەبینن. درۆنی Dronut X1 یەکەمین درۆنی دوو رۆتێرییە کە زۆر لە شێوەی فیلمە خەیاڵە زانستییەکان دەچێت. رۆبۆتەکە بەرهەمی کۆمپانیای Cleo Robotics. زۆر کون و کەلەبەر دەچێت کە درۆنە ئاساییەکان ناتوانن پێیدا بڕۆن.

ساڵی ٢٠٢٠ ڤێرژنی یەکەمی بەرهەم هات و تەنیا بۆ ناو سوپا سوودی لێوەردەگیرا و بۆ خەڵکی ئاسایی نەبوو، بەڵام لەمساڵدا بە چڕی بەرهەم هاتووەو خەڵکی ئاسایش سوودی لێوەردەگرن. کێشی ٤٢٥ گرامە. کامێرای 4Kی لەسەرە. بە بەرێکردنی تیشکی لەیزەر بۆ مەبەست دەکرێ بە باشترین شێوە و بە وردبینییەکی زۆرەوە وێنەبگرێت. بە ئاسانی کۆنترۆڵ دەکرێ. هەستەوەرە پێشکەوتووەکان وا دەکەن لە شوێنی تاریکیشدا بفڕێت. زۆرتر لە بواری پۆلیسی، شوێنی هەستیاری پیشەسازی، بیناسازی و سوپا و بەرگیدا سوودی لێوەردەگیرێت.




# کامێرای فڕۆک بەدوای بەکارهێنەردا دەفڕێ

کاتێك لەگەشت و سەیرانی، یان وەرزش دەکەی و بەسەر چیادا سەردەکەوی و لە رووباردا مەلە دەکەی، دەتهەوێ فیلم لە یەکەم هەنگاوەکانی گەشتەوە هەتا کۆتاییەکەی هەڵبگری. لەکاتێکی وادا دەبێ یەکێك وێنەتان بگرێ یان فیلمتان لێ هەڵبگرێتەوە. ئەوکات ناچار دەبن یەکێك لە ئەندامانی گەشتەکە لە وێنە و فیلمەکاندا دەرنەچێت و هەر خەریکی فیلم هەڵگرتنەوە بێت.



کامێرای فڕۆکی جۆری Pixy Flight Pack ئەو ئەرکە ئەنجام دەدات، ئەو بچووکە وەك درۆن وایە، بەڵام بەکارهێنەرەکەی خۆی دەناسێت و بەکارهێنەر ئەگەر بیهەوێ پێشی دەکەوێت یان لە دواوە فیلم هەڵدەگرێتەوە. کامێراکە بەرهەمی کۆمپانیای سناپە. کێشی کامێراکە کەمە تەنیا ١٠٠ گرامە. کوالیتی فیلم گرتنەکەی ١٢ میگاپیسکلە، میمۆرییەکەی ١٦ گیگابایتی دەخوێنێتەوە، کە بەشی ١٠٠٠ وێنە یان سەد کورتە فیلم دەبێت. کامێراکە بە بەراورد بە درۆنەکان کوالیتی لە خوارێیە، بەڵام هەم هەرزانبابییە و هەم کێشی کەمە.



# لاپتۆپەکەت بکە بە دوو شاشە

گەر دەتەوێ جگە لە شاشەی تایبەت بە کۆمپیوتەری دیسکتۆپ یا لاپتۆپەکەی خۆت، شاشەیەکی دیکەی بۆ دابنێی، شاشەی جۆری Trio گونجاوترین شاشەیە.
ئەم مۆنیتۆرە فوول ئێچ دییە بە ئاسانی لە ڕێگای گیرەیەکی تایبەتی موگناتیسی بە شاشەی لاپتۆپەکەوە دەنووسێت. شاشەکە ١٤ ئینجە. وزەی بەکارهێنانیشی هەر لە کێبڵی پەیوەندی لەگەڵ لاپتۆپ کە کێبڵی USBیە وەردەگرێت.

کردنی لاپتۆپ یا دیستکۆپ بە دوو مۆنیتۆر بۆ ئەوکاتە گونجاوە کە نیازت هەیە لەسەر هەرکام لە مۆنیتۆرەکان کارێکی تایبەت ئەنجام بدەی، بەتایبەت کاری نەخشەسازی و فیلم و گرافیکدا.
دەکرێ لەسەر هەرکام لە مۆنیتۆرەکان پرۆگرامی تایبەت بکەیەوە، بەهۆی پرۆگرامێك کە لەگەڵ مۆنیتۆرەکەدایە، شاشەکە لێکجیا دەکرێنەوە. مۆنیتۆری جۆری Trio max لەگەڵ هەموو جۆرە لاپتۆپێك دەگونجێت چ سیستەمی ویندۆز بێت چ سیستەمی ماك یا لینۆکس.. قەبارەی لاپتۆپەکە چەند بێت گرنگ نییە.
مۆنیتۆری ئاماژە بۆ کراو، بە پلەی ١٨٠ دەسووڕێت بە دەوری خۆیدا. هەروەها بە شێوازی ستوونی و ئاسۆییش دادەنرێت.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**پرسیارێك کە زۆربەی خوێنەران دەیکەن ئەوەیە کە ئایا ماڵپەڕ و تۆڕە کۆمەڵایەتییە ناسراوەکان دەتوانن دزە بکەنە ناو زانیارییە شەخسییەکانمان؟**

خوێنەرانی بەڕێز، بەڵێ ئەو شتێکی حەتمییە. زۆربەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ماڵپەڕە گەورە جیهانییەکانی خزمەتگوزاری ئیمل و هی دیکە، بە ئاسانی و بەبێ ویستی ئێوە دزە دەکەنە ناو زانیارییە شەخسیەکانتان. نەتەنیا ئەوان بگرە کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنی مۆبایل، ئەوانیش لە ڕێگای مۆبایلەکانیانەوە دزە دەکەنە ناو زانیارییە شەخسیەکان و تەنانەت زۆر جاریش لەلای خۆیان رایدەگرن. لەکاتی پێویستدا زانیارییە شەخسییەکان ئاشکرا دەکەن. بۆ نموونە کاتێك یەکێك تووشی کێشە دەبێ، یان یەکێك ون دەبێت، دەزگا ئەمنییەکان پەیوەندی بەو شوێنانەوە دەکەن و ئەو شوێنانە زانیاریان پێدەبەخشن..

## ماوسی وایەرلەسی پەنجەیی

ماوس دەکرێت وەك شا کلیلی کۆمپیوتەر سەیر بکرێ، کارئاسانییەکی زۆر لەبەکارهێنانی کۆمپیوتەردا دەکات. ماوسەکان بە دەست جوڵەیان پێدەکرێ و کۆنترۆڵ دەکرێن. جۆرێك ماوسیش بەرهەمهاتوون کە وەك ئەنگوستیلە لە پەنجە دەکرێن. بۆ نموونە جۆری HSI کە چەند دوگمەیەکی هەیە و لە پەنجە دەکرێت. ماوسەکە لەرێگای بلوتوسەوە لەگەڵ کۆمپیوتەر و مۆبایل و تەبلێت پەیوەند دەدرێت. دەکرێت ماوسەکە هەم ماوس سوودی لێوەربگیردرێت و هەم وەك ریمۆت کۆنترۆڵ بۆ گرتنی وێنەی سێلفی و گۆڕینی ئاواز و فیلمەکان لە سیستەمەکانی دەنگ و رەنگدا.

ماوسەکە پێنج دوگمەی هەیە، دوگمەی ناوەندی هەمان کاری دوگمەی سکرۆڵ دەکات لە ماوسێکی ئاساییدا و دوگمەکانی دیکەش هی لای چەپ و راست و کۆنترۆڵ کردنن. ماوسەکە کێشی کەمە و دەکرێت لە رێگای دوورەوەش ئامێرەکان کۆنترۆڵ بکەی، ماوسەکە لەگەڵ تیڤییە زیرەکەکانیش دەگونجێت و دەبێتە ریمۆتی تیڤیە زیرەکەکان. ماوسەکە شەحن دەکرێتەوە هەتا پێنج کاتژمێر پێویستی بە شەحنکردنەوە نییە.





# چاویلکەی زیرەکی ئۆپۆ کاری وەرگێڕانیش دەکا

کۆمپانیای Oppo چاویلکەیەکی زیرەکی نوێی بەناوی Air Glass بەرهەم هێناوە. چاویلەکەکە دیمەنەکان بەشێوەی سێ ڕەهەندی نیشان نادا، بەڵکو داتا و زانیارییەکان بە شێوەی دوو ڕەهەندی نیشان دەدا و زۆر وەك چاویلکەی زیرەکی گوگل دەچێت.

چاویلکەکە لە دووبەشی چوارچێوە و لێنز پێکهاتووە. زیرەکی دەستکردی جۆری Wear 4100 لەسەرە داندراوە. جامەکەی لە جۆری micro-LED یە و بۆیە هەموو شتێك بە ڕووناکییەکی بەرز نیشان دەدا. کێشی تەنیا ٣٠ گرامە. باترییەکەی هەتا ٣ کاتژمێر دانابەزێت. ئەگەر کاری پێنەکرێت هەتا ٤ ڕۆژ شەحنی دانابەزێت.

هەم بە دەستپێداهێنان و هەم بە دەنگ کۆنترۆڵ دەکرێت، جگە لەوەش دەکرێت بە جوڵەی سەری بەکارهێنەریش کۆنترۆڵ بکرێت. چاویلکەکە ئاپەکانی تایبەت بە تەندروستی، دۆزینەوەی ڕێگا، کەش و هەوا... تاد لەسەری دابندرێ. هەروەها بۆ وتاردان گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، بەکارهێنەر دەقی ئەو وتارەی دەیخوێنێتەوە بەبێ ئەوەی کاغەزێك بەکار بێنێ لەسەر شاشەی چاویلکەکە نیشان دەدرێ و کەسیش هەستی پێناکات. گرنگترین بەشی چاویلکەکە وەرگێڕانە، ئەگەر دوو کەس پێکەوە سوود لەو چاویلکەیە وەربگرن دەتوانن پێکەوە زمانەکانی بۆ یەکتر وەربگێڕن. لەسەرەتادا دوو زمانی چینی و ئینگلیزی بۆ داندراوە و کۆمپانیای بەرهەمهێن پێیوایە لە داهاتوویەکی نزیکدا زمانەکانی دیکەشی پێوە زیاد دەکرێن.



## ماڵپەڕی لەناوچوونی جیهان

ڕۆژێك دێ ئەم گۆی زەوییە لەناو بچێت و بەرەی مرۆڤ و هەرچی زیندەوەرە نەمێنێت. ماڵپەڕی angels-heaven.org واتە فریشتەکانی بەهەشت بۆ ئەم مەبەستە داندراوە. لەم ماڵپەڕەدا باسی ئەوە دەکات کە گۆی زەوی بە زووی بەهۆی کارەساتێك لە ناو دەچێت. ئەو ماڵپەڕە و بابەتەکانی ناو ماڵپەڕەکە تەنیا ڕێگای ڕزگاربوونی خەڵکە. بابەتەکان باسی مەترسییەکان و مرۆڤ تووشی شۆك دەکەن. ماڵپەڕەکە لەڕەنگی جۆراوجۆر پێکهاتووە بە پاشخانی ڕەنگی زەردەوە. ئەگەر بۆ لای چەپی ماڵپەڕکە بڕوانی، بابەتی وەك هۆشیارکردنەوە، ڕاوبۆچوونەکان، ڕاگەیاندنەکان، تێڕامان لە زەوی، کۆنترۆڵی هێزی تاریکی و زۆر شتی دیکەی تێدایە. بۆ زانینی هەر بابەتێك کلیکی لەسەر بکە.

## پرۆگرامێک بۆ ڕێکخستن و ناردنی ئیمێڵ

پۆستەی ئەلکترۆنی بە واتایەکی دیکە Email یەکێکە لە گرنگترین ئەو بەشانەی کە لە ئینتەرنێتدا بۆ ناردن و وەرگرتنی پەیامەکان سوودی لێوەردەگیردرێت و پێدەچێ لە هەموو ڕێگاکانی دیکەش متمانە و دڵنیایی زیاتری هەبێ. بەهۆی ئەوەی کە زۆر تایبەتە نە تەنیا تاکەکان بەڵکو ئیدارە و بەڕێوەبەرایەتییە گرنگەکانی جیهانیش لە ئیمێڵ سوود وەردەگرن.



پرۆگرامی Mozilla Thunderbird پرۆگرامێکە بۆ ڕێکخستنی و بەڕێوەبردنی ئیمێڵەکان. هەرچەند تایبەتە بە Gmail بەڵام لەگەڵ سایتی گرنگی یاهووش کێشەی نییە. بۆ ئەو کۆمپانیا و دامودەزگایانەی کە لە ماڵپەڕی خۆیانەوە ئیمێڵ بەڕێ دەکەن و وەردەگرن زۆر گونجاوە. پرۆگرامەکە ئەو فایلە تێکدەرانەی کە وەك پەیام دێن دەسڕێتەوە. هەروەها دەکرێت چەندین ئیمێڵی بۆ دابندرێ. بەرگری دەکات لەهاتنی ئیمێڵە ڕێکلامییەکان.





# رەنگێکی شیاوی پێڵاو لە وەرزی هاوین هەڵبژێرە

رەنگەکانی پێڵاو هەر جۆرێك بۆ كات و شوێنێكە لە وەرزی هاوین و گەرمادا، زیاتر ئەو رەنگانە باو دەبن كە زەق و كراوەن، وەك رەنگەکانی: سەوز، زەرد، شین، سوور، لەگەڵ جلەکانی هاوینەدا ئەو رەنگانە شیك و رێك دەبن، لە وەرزی گەرمادا بوونی پێڵاوەکان لە رەنگەکانی دیکە جگە لە رەش، قاچەکانت گەرم نابێت و دووچاری عارەقەكردن نابیتەوە، مارکەکانی وەك: بلومارین Bluma-rine جەخت لە هەڵبژاردنی رەنگی زەردی تۆخ و كراوە بۆ پێڵاوەکانی وەرزی هاوینە دەکەن، كە زیاتر لەگەڵ زۆربەی رەنگی جلوبەرگ دەگونجێت، بەتایبەت ئەگەر پێڵاوەكە پاژنە بەرز بێت و بەشی پێشەوەی چەماوە بێت، مارکەی لاورا بیاگوتی Laura Biagiotti جەخت لە بوونی پێڵاوێکی پاژنە بچووك و نووك درێژ لەگەڵ پشتێنێكی گەورە و كراوە بۆ كاتی دەرچوون و بازاڕكردن لە رەنگی زەردی كاڵ دەكاتەوە، مارکەی ئێلمی Elleme پێیان وایە پێڵاوەکانی پێست پێشەوەی درێژ بێت و نیو پاژنە بێت، لە رەنگی زەردی پەلكی مۆز بەر لەوەی پێ بگات، مۆدێكی نایابە بۆ گەشت و سەیران، مارکەی باڵینساگا Balenciaga پێی وایە پێڵاوی زەردی تۆخ لە پێست و پێش نووك بێت و بێ پاژنە بێت، بۆ بۆنە و یادەکان گونجاوە.





## چۆن قاچەکانت درێژتر دەربکەون



پسپۆری جوانكاری (كارلی كلۆس) لە گۆڤاری (بیۆر واو)ی ئافرەتان ئاماژەی بەو جۆرە هەنگاو و پۆشاكانە كردووە كە ئەوانەن: یەك رەنگی جلوبەرگ، كاتێك جلەكەت تاك رەنگ دەبێ، شێوەی یەكپارچە دەردەكەوێت و بەمەش جیاوازی نێوان بەشی سەرەوە و خوارەوە دەرناكەوێت و قاچەكانت بە درێژی دەردەكەون. چاكێتی كورت، پۆشینی ئەو جۆرە چاكێتە وادەكات كە بەشی سەرەوەی جەستەت بە بچووكی دەربكەوێت و قاچەكانیش دیمەنی زیاتریان بەردەكەوێت، بەم چەشنە قاچەكانت درێژتر دیار دەبن. هاوڕەنگیی رەنگی پێست و پیلاو، كاتێك ئەو هەنگاوە پەیڕەو دەكەیت شێوەی قاچەكانت لەگەڵ پێستت هاوڕەنگ دەبێت و بەمەش درێژیی قاچەكانت بە روونی دەردەكەوێت. پشتێن لە بەرزی ببەستە، رێگەیەكی دیكەی نیشاندانی درێژیی قاچەكانە، كە پشتێن لە ئاستی كەمەرت بەرزتر ببەستە و بەمەش بەشی خوارەوەی جەستەت درێژتر دەردەكەوێت. جلی هێڵی ستوونی، ئەو جلانە هەڵبژێرە كە هێڵەكانی ناوەوەیان ستوونییە، بەم جۆرە بەژن و باڵات درێژتر دەردەكەوێت، چونكە جلی هێڵی ئاسۆیی، بەژنت كورتتر نیشان دەدات.

# ڕەنگی قاوەیی مۆدێکی جیاواز بۆ جلوبەرگ

ڕەنگی قاوەیی، هەرچەندە ڕەنگێکی باو نییە لە مۆدی جلوبەرگ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەشێکی زۆری خانمان حەزی پێ دەکەن لە جلەکانیان بەدی دەکرێت، بە تایبەت ئەوانەی لە شوێنی فەرمی دەبن و کار و ئەرکی ڕۆژانەیان هەیە، قاوەیی تۆخ ڕەنگێکی گونجاوە بۆ جلوبەرگی وەرزی زستانە، بەهۆی ئەوەی سەرما ڕەت دەکاتەوە و پلەی گەرمیی جەستە گەرم رادەگرێت، مارکەی باڵمان Balmain مۆدی قاوەیی کاڵی لە شێوەی ڕەنگی قاوە بۆ ڕەنگی جلەکانی هاوینەدا هەڵبژاردووە، کە بریتین لە کراسێکی درێژ شانەکانی پان و کراوە، لەگەڵ قۆڵێکی تەنك و درێژ، لە کەمەردا تەسك دەبێتەوە، لە دەستە جلێکی دیکەیدا پانتۆڵ و تەنوورەی قاوەیی و ڕەنگی تێکەڵی نێوان قاوەیی تۆخ و کاڵ بۆ بەشی خوارەوە، وەك تەنوورە لەگەڵ قەمیس و بەدی، کە تەواویان لە ڕەنگی قاوەیی کاڵ بن. لە مۆدی دووەمدا کە تایبەتە بە پانتۆڵ، مارکەی ئەلبێرتا فێراتی Alberta Ferretti مۆدێکی بۆ کاتەکانی ڕۆژ و دەرچوون داناوە، کە بریتییە لە پانتۆڵی کراوە بە ڕەنگی بێجی، ڕازاوە بە گوڵ و پەپوولە لە ڕەنگی قاوەیی بە چەندین نمرە، لەگەڵ پشتێنێکی پێستی قاوەیی لەگەڵ تیشێرتی سپیی تەسك لە ڕەنگی سەوز، مۆدێکی نایاب و شیك دەبێت.










# یاریی خلیسکانێی سەر بەفر و بەستەڵەک




مێژووی ئەو یارییە بۆ (٤٠٠٠) ساڵ بەر لە ئێستا دەگەڕێتەوە، جاران لە شوێنی بەستەڵەك و سەهۆڵدا، پارچە ئێسقانی گیاندارە گەورەکان دەخرانە ژێر پێی و بەسەر سەهۆڵدا وەك یارییەکی بەجۆش جووڵەیان پێ دەکرد، دواتر هەستیان کرد کە ئێسقانەکان تێك دەچن و دەشکێن، دواتر بەکارهێنانی پارچە ئاسن داهێنرا کە لەژێر پێڵاوەکانەوە دەخران و تیژ دەکران، بەم چەشنە پارچە ئاسنە تیژەکە لەسەر سەهۆڵ بە سانایی دەڕوات، ئەمەش وادەکات کە مرۆڤ بۆ جووڵەکردنی سەر بەستەڵەك و سەهۆڵ بەکاری بهێنێت، هەندێکیان بۆ گەشت و شوێن گۆڕین، بەشێکی دیکەش بۆ یاری و کات بەسەربردن، لە ئەورووپا پارچەیەك بە ناوی Old Masters بەکاردەهێنرا بۆ یاریی سەر بەفر و خلیسکانێ، کە ئەوەش زیاتر لەلایەن بنەماڵەی شاهانە و کەسانی پایەبەرزدا بەکاردەهێنرا، یاریی خلیسکانێی سەر سەهۆڵ، ئێستا لە کوردستان جگە لەوەی وەك یارییەکی وەرزشی دادەنرێت، هەروەها لە چەند شوێنێك لە مۆڵ و شوێنە گشتییەکاندا هەن، کە شوێنێکی بچووکی گۆڕەپانێکە، بە ئامێری ساردکردن زەوییەکەی بە تەواوی دەبەستێت و دەبێتە بەستەڵەك، هەروەها پێڵاوی سکێتچی تایبەت بۆ ئامادەبووان و یاریزانان دانراوە، کە وەك تیمێك بۆ ڕاهێنانی ئەندامانی گرووپی خلیسکانێ و هەروەها خەڵکی ئاسایی ئەوانەی لە یارییەکە شارەزان، یان میوانان دەتوانن کاتێکی خۆش بەسەر بەستەڵەکە ساردەکەی نێو گۆڕەپانەکەدا بەسەر ببەن، بەشداریکردن بە نرخێکی ئاساییە و تیمی فریاگوزاری بۆ ئەوانەی دەکەون هەمیشە ئامادەیە، یارییەکی بە جۆشە و چەندین یاریزانی ناوازەی لێ هەڵکەوتوون کە ڕۆژانە مەشق دەکەن، هەروەها ئامادەبووانیش وێنە لەگەڵ شوێنی یاریی خلێسکانێیەکە دەگرن.

# جەنگ کەرەستەی کۆن و شوێنەوار دەگرێتەوە

لە ماوەی شەڕی نێوان ڕووسیا و ئۆکرانیادا، چەندین چاڵ و حەشارگەی سەربازی ئامادە کراوە، یەکێك لەوانە شاری ئۆدیسیایە، بەر لە هێرشەکە چاڵێکی زۆر لێ دراوە، لە کاتی چاڵ لێدانەکە، هێزی سەربازیی ئۆکرانیا شوێنەوارێکی کۆنیان دۆزیەوە کە دوای ئەوەی لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە، بۆ سەدەی سێەم و چوارەم دەگەڕێتەوە، ئەو کەرەستانەی دۆزراونەتەوە بریتیین لە گۆزە و کەرەستەی شتهەڵگرتن، دوای ئەوەی لیوای ١٢٦ی هێزی ئۆکرانی چاڵێکی قوڵ لێ دەدەن تاوەکو بیکەنە بەربەست لەبەردەم پێشڕەوییەکانی هێزی ڕووسیا، لە کاتی چاڵ لێداندا چەند گۆزەیەك دەدۆزنەوە، دواتر بە وردی کارەکەیان لە سەربازییەوە بۆ شوێنەوار دەگۆڕن تا ١٩ پارچە کەرەستەی کۆن دەدۆزنەوە، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە دوای ئەوەی جەنگ تەواو دەبێت شوێنەکە بکرێتە شوێنەوار، بەڵام تاوەکو ئێستا شاری ئۆدیسیا لە لێواری جەنگدایە، سەربازان تەنیا کەرەستە شوێنەوارەکانیان بۆ کارمەندانی شوێنەواری وڵات گواستووەتەوە، یەکێك لە سەربازەکان بە خەمەوە ئاماژەی بەوە داوە کە ڕووسیا ڕەحم بە شوێنەوارەکانیشمان ناکات.








# پێڵاو بۆ درێژایی تەمەن

مارکەی باڵێسیاگا Balenciagaی ئیسپانی لە نوێترین بەرهەمەکانیدا جیهانی شۆك کرد، ئەو مارکەیە ئێستا لە فەرەنسا کار دەکات، زیاتر گرنگی بە بەرهەمە سەیر و ناوازەکان دەدات، بەرهەمەکانی بریتیین لە جلوبەرگ و پێڵاو و خشڵ و ئێکسسوار، دواجار پێڵاوێکی نمایش کرد کە نرخی ١٨٥٠ دۆلار بوو، ئەوەی سەیرە شێوەی پێڵاوەیەکەیە، ئەگەر یەکێك ئەو پێڵاوە تازەیە لە هەر شوێنێك بیدۆزیتەوە فڕێی دەدات، چونکە دیزاین و نمایشەکەی لە شێوەی پێڵاوی کۆن دروست کراوە، بیرۆکەکە لەوە هاتووە کە پێڵاوەکانی ئەو مارکەیە هەر چەندە کۆن بن، بەسوودن و دەتوانن بە درێژایی ژیان پێڵاوەکە لە پێ بکەیت، دیزاینەکەش بە چەشنێکە کە بەشێکی کون بووە و لایەکی دڕاوە، بەڵام ژێرەوەی هێشتا ماوە و بەبێ ئەوەی شتێکی بەسەر بێت، دەتوانیت تا دوا هەناسەکانی ژیانت لەپێی بکەیت.





## کاریکاتێر

لەم کارێکاتێرەدا باس لە تەرخانکردنی بودجە و پارەیەکی زۆری ئەمریکا لە شەڕی ئەمریکا و رووسیادا لەلایەن جۆ بایدنەوە دەکرێت، کەچی ئەنجامەکانیش لە بەرژەوەندیی رووسیادان.

# ئافرەتێک بێچووی گورگ دەکاتە منداڵ





ئەوەی ئەو ئافرەتە ئەمریکییە کردوویەتی دیاردەیەکی راستەقینەیە و خەیاڵ نییە، کە دوو بەچکە گورگی وەك منداڵ لێ کردووە، ئەو ئافرەتە ناوی (لیم ئەدیل)ە، دوای ئەوەی دوو بێچووی گورگ لە باخچەی ئاژەڵان دەهێنێت و بەخێویان دەکات، دواتر ئەو بیرۆکەی بۆ دێت کە وەك منداڵێك مامەڵیان لەگەڵدا بکات،و ئەرکی بەخێوکردنیان بگرێتە ئەستۆ، هەر بۆیە جلوبەرگی منداڵانی لەبەر کردوون و فێری کردوون کە وەك منداڵ مامەڵە بکەن و لەگەڵیدا بژین، بەهۆی ئەوەی ئەو ئافرەتە منداڵی نییە، ئەو دوو گورگەی کردووەتەوە منداڵی خۆی.



## میوزیک

### ون بوون - Lost

یەکێکە لە تراکە تازەکان بۆ مانگی پێنج کچە ئاوازدانەر و گۆرانیبێژی ئەمریکی زۆلا جیسۆسە، لە دایکبوونی ١٩٨٩ و لە گرووپی فۆرمەر گوێستس ئەندامە، ئەو تراکەی لە ئەلبوومی Arkhon بەرهەم هێناوە، لە جۆری ئەڵتەرناتیڤە ئەندێیە- Alternative/ Indie.

## فیلم

## تۆڕەکانی دۆزەخ - Cyber Hell




باس لە کۆمەڵە کەسێك دەکات کە تۆڕەکانی ئینتەرنێت وەك شوێنێك بۆ هەڵخەڵەتاندن و ئابڕووبردنی کەسانی دیکە بەکاردەهێنن و لە ڕێگەی چاتەکانی ئۆنلاین و تایبەتەدا بە دوای خەڵکەوەن، تاوەکو وەك تاوانێکی ئابڕووبردن و تاوانکاریی ئینتەرنێتیان نیشان بدەن، دواتر لە ئۆپەراسیۆنێکدا بە دوای ئەو تۆڕەوە دەبن و ناتوانن بە ئاسانی دەستیان بکەوێت، ماوەی فیلمەکە کاتژمێرێك و ٤٥ خولەکە، لە مانگی (٥)ی ئەمساڵ لە بەریتانیاکاری تەواو بووە و لە دەرهێنانی (چۆی چین سونگ)ە، لە نواندنی (چۆی چین) بە زمانی کۆری بەرهەمهێنراوە، یەکێکە لەو فیلمانەی کە کەمترین ئەکتەر بەشدارییان تێدا کردووە، لەوانە: سیان خایۆ، شانگ ژی هان.

**کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**

لە لایەنی پیشەییەوە هەمیشە بەدوای نوێگەریدا بگەڕێ و هەنگاوەکانت بگۆڕە، هێندە مەرجی قورس بەسەر خۆشەویستەکەتدا مەسەپێنە، پێویستە ئازادیی هەبێت، لە رووی تەندروستییەوە خۆت بەدوور بگرە لە خواردنی شیرینی.

**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

کاتێکی گونجاوە بۆ ئەوەی لە لایەنی پیشەییەوە هەنگاوی گەورە بنێیت و داهاتویەکی پرشنگدارت هەبێت، ڕێگە مەدە دڵەڕاوکێ کاریگەری بخاتەسەر پەیوەندیی سۆزداریت، راوێژی پزیشك بکە کاتێك هەست بە ئازارێك دەکەیت.

**جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠**

زیاتر بایەخ بە کارەکەت بدە، بۆ ئەوەی بەرهەمێکی باشترت هەبێت، رەنگە هەواڵێکی نوێ لە لایەنی سۆزدارییەوە ئاسوودەت بکات، لەرووی تەندروستییەوە پێویست بە کەشێکی ئارام هەیە تا دەروونت ئارام ببێتەوە و بحەوێتیەوە.

**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**

ئەزموونێکی باشت هەیە و بە تواناکانی خۆت دەتوانیت چارەسەری کێشەکانت بکەیت، لە لایەنی سۆزدارییەوە هەندێك گۆڕانکاری روو دەدات و پەیوەندیی سۆزداریت باشتر دەبێت، تەندروستیت فەرامۆش مەکە و ئاگاداری ژەمە خۆراکییەکانت بە.

**شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢**

لەلایەنی پیشەییەوە رێگە مەدە هیچ کەسێك بڕیار لەسەر کارەکانت بدات و دەبێت خۆت متمانەت بە خودی خۆت هەبێت، رەنگە خۆشەویستەکەت هەستەکانی خۆی دەربڕێت و بە وشەکانی خەندە بێنێت بۆ روخسارت، پێویستە پشویەك بدەیت.

**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**

پەستانی زۆری کارکردن بەرەو کۆتایی دەڕوات، دوای چارەسەری بەشێکی زۆر لە کێشەکان، خۆشەویستەکەت، یان هاوبەشی ژیانت هەوڵ دەدات پشتیوانیت بکات و ئاسوودەبیت، لەرووی تەندروستییەوە خواردنی شەوان درەنگ زیانی هەیە.

## بۆ زانیاریت

# کۆدی E03 چییە لە جلشۆری ماڵدا



لەکاتی کارکردنی نا ئاسایی لە جلشۆردا ئەم هێمایە نیشان دەدات و ڕێگە لە کارکردنی جلشۆرەکە دەگرێت، بە مەبەستی پاراستنی جلشۆرەکەت، هۆکارەکانی:

- نا هاوسەنگی لە جلشۆرەکەدا (نارێکی لە قاچەکانیدا، شۆردنی کاڵە و جل پێکەوە).
- لۆدی زۆر لەسەر جلشۆرەکە (تێکردنی جلی زۆرتر لە ئاستی خۆی).
- هەبوونی ئاوی زۆر لە جلشۆرەکەدا (لەکاتی هەبوونی جلی کەمیش تیایدا ئەمە ڕوو دەدات).
- دانەخستنی دەرگای تایت.
- شکانی بۆڵبرین و دەرچونی قایش.

چارەسەر: ڕێکخستنی قاچەکانی غەسالەکە (دانانی لەسەر شوێنێکی تەخت و ڕەق بە هاوسەنگی)، ڕێکخستنی ئەو شتانەی کە ئەیشۆیت (جلوبەرگ بە جیا، کاڵە و پێڵاو بەجیا، بەتانی بەجیا)، داخستنی دەرگای تایت ئەگەر کراوە بوو، لەکاتی شکان بۆڵبرین، یان هەبونی دەنگێکی نا ئاسایی پێویستە پەیوەندی بکەی بە کەسی شارەزاوە بۆ گۆڕینی بۆڵبرین و چاک کردنەوەی جلشۆرەکەت.

# یاسا



**یاسای چەکی نوێی**

یاسای چەك هەموار کرایەوە و سزای هەڵگرانی چەکی بێ مۆڵەت قورستر کراوە، یاسای چەك لە هەرێمی کوردستان، ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٢، ڕێکەوتی جێبەجێکردنی: ٢٠٢٢/٤/٢٨ بەگوێرەی مادە ١٥ لە یاسا ی ئاماژە بۆ کراو، هەر کەسێك چەك هەڵگرێت بە بێ بونی مۆڵەت لە لایەن دەسەڵاتی تایبەتمەندەوە:-

١- سزا دەدرێت بە بەندکردن لە ساڵێك کەمتر نەبێت و لە سێ ساڵ زیاتر نەبێت.

٢- لەگەڵ غەرامەکردن لە دوو ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە پێنج ملیۆن دینار زیاتر نەبێت.

**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**

ئەگەر پلان بۆ داهاتو دادەنێیت و بڕیار دەدەیت کە چۆن بەکاری بهێنیت، یان لە نزیك خۆشەویستەکەت سەرکێشانە هەنگاو بۆ ژیان دەنێییت، ئەوا ئەم ماوەیە پێویست بە پشوو هەیە، چونکە زۆر ماندوبوویت، فشاری زۆری دەوونییش زیانی هەیە.

**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**

ئەمڕۆ لەلایەنی پیشەییەوە هەنگاوی نوێ دەنێیت و بەرپرسانی کارەکەت سەرسام دەکەیت بە تواناکانت، باشترە هەستەکانت بۆ خۆشەویستەکەت ڕاستگۆیانە دەربڕیت و بوێر بیت، بەردەوام مێشکت ماندوو مەکە، پێویستە هاوسەنگی ڕابگریت.

**شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**

کارەکانت هۆکارێکن بۆ بەدەستهێنانی پلەیەکی باشتر، کە ماوەیەکی زۆرە چاوەڕوانی دەکەیت، پەیوەندیی سۆزدارییت بەشێوەیەکی خێرا گەشە دەکات و هەنگاوی باش دەنێن، ڕەنگە هەندێك ئازاری جەستەییت بۆ دروستبێت، بەڵام ڕێگەمەدە توشی دڵەڕاوکێت بکات.

**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**

کارەکانت بەشێوەیەکی گونجاو ڕێك بخەرەوە و ڕێگەیەکی ڕاست بگرە، پێشکەشکردنی بیرۆکەی جیاواز بۆ خۆشەویستەکەت لە پێناو بەرەوپێشچونی پەیوەندییەکەتان شەرمی ناوێت، بەڵکو هەنگاوێکی گرنگە، ئاگاداربە لە خۆتەوە کاردانەوەی توند مەنوێنە.

**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

بارودۆخی کارکردن گونجاوە و خواستەکانت زیاتر دەبێت بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانت، ناکۆکیی زۆر هەیە لە نێوان خۆت و خۆشەویستەکەتدا، ئەمەش وای کردووە هەرگیز پەیوەندیتان جێگیر نەبێت، خۆت لە خواردنی زۆر تیژ بەدوور بگرە، زیان بە گەدەت دەگەیەنێت.

**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**

ڕەنگە چالاکیی زۆر لە کارەکەت بەڕێوە بچێت و تواناکانی تۆش جێگای بایەخە بۆ هەمووان، چونکە بیرۆکەی جوان پێشکەش دەکەیت، لەگەڵ خۆشەویستەکەت ساتەکانت بە ئاسوودەیی بەسەربەرە و، هەوڵبدە گۆڕانکاری بکەیت، کەمێك لە کاتەکانت بۆ وەرزش تەرخان بکە.




## پەند و وتە

ئەنتوان پاڤلۆڤیچ شیکۆف، نووسەر و شانۆکاری ڕووسی، لە ساڵی ١٨٦٠ لە شاری تاگانرۆگ لە ڕووسیا لە دایکبووە و لە ساڵی ١٩٠٤ لە ئەڵمانیا کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی پاکی و بێگەردیی مرۆڤ دەڵێت: ئەو مرۆڤانەی کە ناخێکی پاك و بێگەردیان هەیە، هەمیشە دووچاری کێشە و نەهامەتییەکان دەبنەوە، هۆکاریش ئەوەیە کە هێندە بێگەردن متمانە بە هەموو چواردەوریان دەکەن.




## یاری وێنە


لەم وێنەیەدا دوو کەس هەن، کە خواردن بە یەکتر دەدەن، ئەوەی دەستە ڕاست جلێکی پەمەیی لەبەرە و ئەوەی دیکەش سەوز، هەوڵدە لە ماوەی نیو خولەکدا بزانیت کامە خواردنەکەی ئەوەی دیکەیە.




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆرمی (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:
https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone



## ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆرمی (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆرمی (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:
https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media




www.gulanmedia.com

Weekly Gulan June 6, 2022 Issue,No.1319


# TimeNet Company.Ltd

time net
Network expertise

TimeNet Company specialises in IT, ICT, Croporation Computerizing and Implementation of Networking across Kurdistan and Iraq

Our Company provides:

Dedicated Internet Services
VSAT
..........Copper Wired Networking
.............Wireless Networking
.............Fiber Optic Networking
VoIP Video Streamnig
VPNs
CCTV Cameras
Electronic Door

کۆمپانیای تایم نێت شارەزاین لە تەکنەلۆژیای زانیاری و
بە کۆمپیوتەر کردنی کۆمپانیا و ڕێکخراوەکان بە گوێرەی ئیش و کارەکانیان.

خزمەتگوزاریەکانمان:

گەیاندنی ئینتەرنێت بە ڕێگای... Dedicated و VSAT
دامەزراندنی تۆڕ بە
..... تەلی مس
..... بێ تەل
..... فایبر ئۆپتیک

دامەزراندنی دەنگ و ڤیدیۆ بەڕێی ئینتەرنێت
دامەزراندنی تۆڕی راستەقینە تایبەت
دامەزراندنی سیستەمی چاودێری کامێرا
دامەزراندنی سیستەمی دەرگای ئەلیکترۆنی

Tel : +964 750 380 7676
: +964 750 710 0782

sales@time-net.net
www.time-net.net

Erbil, Ankawa, Iraq
Khabat Street - Karez Districit 240/1/626